# رۆژنامە

www.rozhnama.com

رۆژنامەیەکی رۆژانەیە کۆمپانیای وشە دەریدەکات

No.422 Mon 9/ 3/ 2009 | نرخ 500 دینار | ژمارە 422 دووشەممە 9/ 3/ 2009




لەگەڵ ئەم ژمارەیەدا

بخوێنەوە

## سەرۆکی فراکسیۆنی سەوز:

# لە پێناو ئاشکرانەبوونی مەسەلەی دارایی، حکومەت دیوانەکانی چاودێری دارایی یەکناخاتەوە

رۆژنامە

سەرۆکی فراکسیۆنی سەوز لە پەرلەمانی کوردستان رایگەیاند: حکومەتی هەرێم لەپێناو ئاشکرانەبوونی مەسەلەی دارایی نایەوێت بڕیاری یەکخستنەوەی هەردوو دیوانی چاودێری دارایی کوردستان (هەولێرو سلێمانی) جێبەجێ بکات. هەردوو دیوانەکەیشی بەوە تۆمەتبار کرد، کە «زانیارییو دۆکیومێنت لە بارەی گەندەڵکارییەکان نادەنە پەرلەمانتاران».

کوێستان محەمەد، سەرۆکی فراکسیۆنی سەوز، لە لێدوانێکدا بۆ رۆژنامە وتی: «دەسەڵاتی کوردی بەمەبەست نایەوێت چاودێریی دارایی یەکبگرێتەوە، ئەگەر نا، یەکگرتنەوەی هەردوو دیوانی چاودێریی، یاساکەی پەسەندکراوەو سەرۆکایەتی پەرلەمانیش هەردوولای راسپاردووە بۆئەوەی یەکبگرنەوە، بەڵام حکومەت جێبەجێی ناکات». هۆکاری ئەو جێبەجێنەکردنەشی بۆ ئەوە گەڕاندەوە کە «حکومەت ئامادەنییە جێبەجێی بکات، بۆئەوەی مەسەلەی دارایی لە کوردستان ئاشکرا نەبێت».

سەرۆکی فراکسیۆنی سەوز دەڵێت: ئەرکی حکومەتە هەردوو دیوانەکە یەکبخاتەوە، بەڵام سکرتێری یاسایی ئەنجومەنی وەزیران دواکەوتنی یەکخستنەوەی هەردوو دیوانەکە دەخاتە ئەستۆی پەرلەمان.

محەمەد قەرەداغی، سکرتێری یاسایی ئەنجومەنی وەزیران، باسی لەوەکرد، حکومەتو پەرلەمانیش رازین لەسەر ئەوەی چاودێریی دارایی یەکبگرێتەوەو یاساو فەرمانی یەکگرتنەوەکەش دەرچووەو «تەنها ئەوە ماوەتەوە لەلایەن پەرلەمانەوە کەسێک بۆ سەرۆکی دیوانەکە دەستنیشان بکرێت، پێویستە پەرلەمانیش لەماوەیەکی کەمدا ئەو بڕیارە جێبەجێ بکات».

وردەکاریی لە ل٣ دایە

## بەرهەم ساڵح بۆ رۆژنامە: بڕیاری کۆتایی نەدراوە کێ سەرپەرشتی هەڵبژاردن دەکات

ئارام نەجیم

د. بەرهەم ساڵح، جێگری دووەمی سکرتێری گشتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، لە لێدوانێکی تایبەتدا بە رۆژنامەی راگەیاند: بە هاتنەوەی تاڵەبانی بۆ سلێمانی، هەنگاوی زۆر باش نراوەو بەرنامەڕێژی کراوە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانو جەخت لە پاراستنی یەکڕیزی یەکێتی کراوەتەوە بەمەبەستی زیاتر خزمەتکردنی یەکێتی.

د. بەرهەم دەربارەی سپاردنی سەرپەرشتی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان بە ئۆفیسەکانی کوردستانی کۆمسیۆنی هەڵبژاردن وتی: «ئەوەی من بزانم ئەو مەسەلەیە تا ئێستا بڕیاری کۆتایی لێنەدراوەو پەرلەمانی کوردستان لێیدەکۆڵێتەوەو پێمباشە بەپێی دەستورو یاسا مامەڵە لەگەڵ ئەو مەسەلەیەدا بکرێت».

پاش نیوەڕۆی دوێنێ لە سەردانێکی کتوپڕدا، د. بەرهەم ئەحمەد ساڵح سەردانی شاری هەڵەبجەی کردو لەگەڵ بەرپرسە ئیدارییەکانو حیزبەییەکاندا کۆبووەوەو دواتر لە مەڵبەندی یەکێتی لە هەڵەبجە وتارێکی پێشکەشکردو ئاماژەی بەوەدا، کە یەکێتی لەگەڵ هەموو بۆچوونێکی جیاوازدایە، بەو مەرجەی لە پەیڕەوی ناوخۆو پاراستنی ریزەکانی لانەداتو ئەوەشی نەشاردەوە، کە یەکێتی کێشەی هەیەو ئەگەر بیەوێت ببێتە حیزبی ئایندە، پێویستە چاکسازی ئەنجامبداتو وتیشی: «پێویستە گوێ لە خەڵک بگرینو گشت سەرنجەکان دیراسە بکەین، بەڵام یاریکردن بە چارەنوسی یەکێتی، خەتی سورەو نابێت کەس یاری پێبکات».



فۆتۆ: سەلام حاجی عەلی

## یەکێتیو پارتی لەسەری ناکۆکن

# بەرەی تەوافوق یەک پۆستی دیالە دەداتە کورد

رۆژنامە

بەرەی تەوافوق لە دیالە یەک پۆستی سیادیی دەداتە لیستی هاوپەیمانیو یەکێتیو پارتیش لەسەر ئەو مەسەلەیە ناکۆکنو ئەندامێکی پارتیش ئاماژە بەوەدەکات، کە یەکێتی لەپشت پارتییەوە کۆبوونەوە لەگەڵ تەوافوقدا دەکات.

بەپێی ئەو زانیارییانەی دەست رۆژنامە کەوتوون، بۆ پێکهێنانی ئیدارەی نوێ لە پارێزگای دیالە، لیستی بەرەی تەوافوق پێشنیازی کردووە یەک پۆستی سیادیی بدرێتە لیستی هاوپەیمانی، بەڵام ئەندامە پارتییەکانی لیستی ناوبراو داوا دەکەن، کە دوو پۆست بدرێتە لیستەکەیانو لە بەرامبەریشدا یەکێتی بە پێدانی یەک پۆستی سیادیی قایلە.

جەلیل ئیبراهیم، ئەندامی پارتی لە لیستی هاوپەیمانی کوردستان، وێڕای پشتڕاستکردنەوەی ئەو زانیارییانە بۆ رۆژنامەی رونکردەوە، کە داواکردنی ئەو دوو پۆستە بۆ ئەوەیە کە لە (ئەنجومەنی پارێزگا (پارێزگا)دا کورد نوێنەری هەبێت، بەڵام یەکێتی قایلە بە وەرگرتنی یەک پۆستی سیادییو وتیشی: «برادەرانی یەکێتی بەبێ ئاگاداری ئێمە کۆبوونەوە لەگەڵ بەرەی تەوافوقدا دەکەن».

لە بەرامبەردا سەید تاڵیب ئەحمەد، ئەندامی یەکێتی لە لیستی هاوپەیمانی دیالەدا، داواکردنی دوو پۆستی سیادیی پارێزگای دیالەی بە «نا مەنتیقی» وەسفکرد، بەوپێیەی بەوتەی ناوبراو، بەرەی تەوافوق کە (٩) کورسی هەیە، تەنها یەک پۆستی بۆ خۆی داناوەو رێنادات دوو پۆست بدرێتە لیستی هاوپەیمانی.

وردەکاریی لە ل٢ دایە

## ئەگەر شێوازی ڕێژەیی کرا بە زۆرینە، پەرلەمان پڕ دەبێت لە ئەندامانی یەکێتیو پارتی

ل ٢

## نەسر حامد ئەبوزەید بۆ رۆژنامە:

# بیری ئیسلامی پێویستی بە ریفۆرمە



رۆژنامە

نەسر حامد ئەبوزەید، بیرمەندی عەرەب، لە دیمانەیەکی تایبەتی رۆژنامەدا کە دەقەکەی لە ژمارەی ئەمڕۆی پردا بڵاوکراوەتەوە، ئاماژە بەوەدەکات، بەبێ بوونی پرۆسەیەکی بەردەوامی ریفۆرم، هەموو ئایینێک لەبەردەم مەترسی مردنو پوکانەوەدایە، وتیشی: «پرۆسەی ریفۆرم بریتی نییە لە گۆڕینی ئایینەکە، بەڵکو بریتییە لە نوێکردنەوەی ماناو لێکدانەوەکانی».

نەسر حامد ئەبوزەید پێیشوایە، ئێستا کۆمەڵگا مسوڵمانەکان بە بارودۆخێکی «یەکجار سەختدا» تێپەڕدەبنو بیری ئیسلامیش پێویستییەکی گەورەی بە ریفۆرمو نوێکردنەوە هەیە، لەوبارەیەوە دەڵێت: «پێویستە دووبارە ئەو رەهەندە رۆحیو ئەخلاقییانەی ئیسلام بگەڕێنینەوە، کە ماوەیەک بوو بە ژێر ریتواڵو تقوسە روکارئاساکانەوەو ونبووە، کە ئەوەش سەری کێشاوە بۆ توندڕەویو رق لە ئەوی دی، هەر لەبەر ئەمەیە کە دەبێت ئێمە دژی هەموو ئەو کەسانە بجەنگین، کە خۆیان بە نوێنەری خودا دەزانن».

## سەرۆکی فراکسیۆنی سەوز:

# لە پێناو ئاشکرا نەبوونی مەسەلەی دارایی حکومەت دیوانەکانی چاودێری دارایی یەکناخاتەوە

محەمەد ساڵح حەمەلاو

سەرۆکی فراکسیۆنی سەوز لە پەرلەمانی کوردستان ڕایگەیاند: حکومەتی هەرێم لە پێناو ئاشکرا نەبوونی مەسەلەی دارایی نایەوێت بڕیاری یەکخستنەوەی هەردوو دیوانی چاودێری دارایی کوردستان(هەولێرو سلێمانی)جێبەجێبکات. هەردوو دیوانەکەیشی بەوە تۆمەتبار کرد کە «زانیاریو دۆکیۆمێنت لە بارەی گەندەڵکارییەکان نادەنە پەرلەمانتاران».

کوێستان مەحەمەد، سەرۆکی فراکسیۆنی سەوز، لە لێدوانێکدا بۆ ڕۆژنامە وتی: «دەسەڵاتی کوردی بەمەبەست نایەوێت چاودێریی دارایی یەکبگرێتەوە، ئەگەر نا، یەکگرتنەوەی هەردوو دیوانی چاودێریی، یاساکەی پەسەندکراوەو سەرۆکایەتیی پەرلەمانیش هەردوولای ڕاسپاردووە بۆ ئەوەی یەکبگرنەوە، بەڵام حکومەت جێبەجێی ناکات». هۆکاری ئەو جێبەجێنەکردنەشی بۆ ئەوە گەڕاندەوە



کە حکومەت ئامادەنییە جێبەجێی بکات، بۆ ئەوەی مەسەلەی دارایی لە کوردستان ئاشکرا نەبێت. لەو ڕووەوە هێمای بۆ ئەوە کرد کە؛ یاسای دامەزراندنی دیوانی چاودێریی دارایی دەرچووەو «سەرۆکایەتیی پەرلەمان بە نوسراو یەکگرتنەوەی هەردوو دیوانی چاودێریی دارایی ئاراستەی حکومەت کردووە، بەڵام حکومەت ئامادەنییە جێبەجێی بکات، بۆ ئەوەی مەسەلەی دارایی لە کوردستان ئاشکرا نەبێت».

کوێستان محەمەد، نەبوونی دەستەی نەزاهە لە کوردستانو دەسترانەگەیشتنی پەرلەمانتاران بە زانیارییەکان بە دوو بەربەستی بەردەم هەوڵەکانی ڕووبەڕوو بوونەوەی گەندەڵکارییەکان لەقەڵەمداو هەردوو دیوانی چاودێری دارایی (هەولێرو سلێمانی)یشی بەوە تۆمەتبار کرد کە زانیاریو دۆکیۆمێنت لە بارەی گەندەڵکارییەکان نادەنە پەرلەمانتارانو لەو ڕووەوە وتی: لەبەرئەوەی تا ئێستا دوو دیوانی چاودێریی دارایی لە کوردستاندا هەیەو یەکیاننەگرتووەتەوەو «ئەو دوو دیوانەش ئامادەنین هیچ زانیارییو دۆکیۆمێنتێک بخەنە بەردەم پەرلەمان، سەربارى ئەوەش لە کوردستاندا دەستەی نەزاهە نییەو پەرلەمانتاران دەستیان بە زانیاریی ناگات بۆ ئەوەی لە مەسەلەی گەندەڵی لە کوردستان بکۆڵنەوە».

یاسای دیوانی چاودێریی دارایی لە ٤/٢١ /٢٠٠٨دا دەرچووەو لە مادەی سێیەمی یاساکەدا ئاماژە بەوە دەکات کە دیوان بە ئەنجومەنی نیشتمانی (پەرلەمان) دەبەسترێتەوە، لە مادەی پێنجەمیشیدا ئەوەی ڕونکردووەتەوە کە سەرۆکی هەرێم بە مەرسومێک کە لە سەرۆکایەتیی هەرێم دەردەچێت، دادەمەزرێتو لەسەر پاڵاوتنی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانو بە زۆرینەی دەنگی ئەندامانی پەرلەمانو بە پلەی وەزیر، سەرۆکی دیوان دادەمەزرێت.

سەرۆکی فراکسیۆنی سەوز دەڵێ: ئەرکی حکومەتە هەردوو دیوانەکە یەکبخاتەوە. بەڵام سکرتێری یاسایی ئەنجومەنی وەزیران دواکەوتنی یەکخستنەوەی هەردوو دیوانەکە دەخاتە ئەستۆی پەرلەمان.

محەمەد قەرەداغی، سکرتێری یاسایی ئەنجومەنی وەزیران، باسی لەوەکرد حکومەتو پەرلەمانیش ڕازین لەسەر ئەوەی چاودێریی دارایی یەکبگرێتەوەو یاساو فەرمانی یەکگرتنەوەکەش دەرچووەو» تەنها ئەوە ماوەتەوە لەلایەن پەرلەمانەوە کەسێک بۆ سەرۆکی دیوانەکە دەستنیشان بکرێت، پێویستە پەرلەمانیش لەماوەیەکی کەمدا ئەو بڕیارە جێبەجێ بکات».

زانا ڕۆستایی، ئەندامی لیژنەی یاسایی لە پەرلەمانی کوردستان، جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە دەستنیشانکردنی سەرۆکی دیوانی چاودێریی دارایی لەلایەن پەرلەمانەوە دیاریدەکرێتو دواتر بەپێی مەرسومێک کە لەلایەن سەرۆکایەتیی هەرێمەوە دەردەچێت، سەرۆکەکەی دادەمەزرێت.

سەبارەت بە کەمتەرخەکی پەرلەمان بۆ لێپێچینەوە لە وەزیرو بەرپرسانی حکومی، کوێستان ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە هەندێک لە وەزیرەکان تەنانەت ئامادە نین لە کاتی سەردانی پەرلەمانتارانیش بۆ وەزارەتەکانیان وەڵامی پەرلەمانتاران بدەنەوەو نمونەی ئەوەی هێنایەوە کە ماوەیەک لەمەوبەر ژمارەیەک پەرلەمانتار سەردانی وەزارەتی کارەبایان کرد، بەڵام» وەزیری کارەبا ئامادەنەبوو چاوی پێیان بکەوێت».

# پۆلیس دوو ڕۆژنامەنوس دەستگیر دەکات

ئاوارە حەمید

لەسەربڵاوکردنەوەی هەواڵێک لە ڕۆژنامەی پروشەو ئاوێر لە دادگای حاجیاوا، داوایەکی یاسایی لەسەر دوو ڕۆژنامەنوسی هەر دوو ڕۆژنامەکە تۆمار دەکرێت، لەلایەن بنکەی پۆلیسی سەروچاوەش هەر یەکێکیان بە بڕی (٣) ملیۆن دینار بە کەفالەت ئازاد دەکرێن.

عەبدوڵلاحەمەد، سەرنوسەری ڕۆژنامەی پروشە وتی: «دوای بڵاوکردنەوەی هەواڵێک لە ژمارە ٤٨ لەژێر ناونیشانی هاوڵاتییەک دوانزە پۆلیس چەک دەکات، بووە جێگای نیگەرانی بنکەی پۆلیسی سەروچاوە، وتیان ئەم هەواڵە ڕاست نییە، ئەوە بوو داوایەکی یاساییان لە داگای حاجیاوا لەسەر تۆمارکردین، ئێمەش ئامادەبووین، بەڵام ئەوەی زۆر جێگای نیگەرانی بوو پۆلیسێکی نوێنەری بنکەی سەروچاوە دوو کەلەپچەی هێنابوو دەیوت دادوەر ڕێگای داوم کە هەردوو پەیامنێری ڕۆژنامەی پروشەو ئاوێر کەلەپچە بکەمو دەیویست پەیامنێرەکانمان لەپێش چاوی خەڵک بشکێنێتەوە، ئێمە پەیوەندیمان بە بەرپرسی بنکەی پۆلیسی سەروچاوە کردو سوپاسی دەکەین، نەیهێشت پەیامنێرەکان کەلەپچە بکرێن، هەرچەندە ئێمە بەڵگەی تەواومان پێ بوو، پاشان پەیامنێرەکان بە بڕی (٣) ملیۆن دینار بە کەفالەت ئازاد کران تا ڕۆژی دادگا.

هەر سەبارەت بەم بابەتە، ڕۆژنامە پەیوەندی کرد بە کەریم عەبدوڵلا، هەرتەلی سەرنوسەری ڕۆژنامەی ئاوێر، بەڵام ئامادەنەبوو لێدوان بدات، کە ڕۆژنامەکەیان هەواڵێکی لەژێر ناوی تۆمەتبارێک لە حەوت پۆلیس ڕادەکات، بڵاویان کردبووەوە.

# وەزارەتی پەروەردە هەشت هەزار فەرمانبەری زیادەی هەیە

محەمەد ساڵح حەمەلاو

بەڕێوەبەری دیوانی وەزارەتی پەروەردە ئاشکرای دەکات، وەزارەتەکەیان زیاتر لە (٨) هەزار کارمەندو فەرمانبەری زیادەی هەیەو لە ئێستادا کار بۆ گواستنەوەیان دەکرێت بۆ سەر وەزارەتەکانی تری حکومەتی هەرێم.

لوتفی سدیق، بەڕێوەبەری دیوانی وەزارەتی پەروەردە، ئەوەشی بۆ ڕۆژنامە ڕونکردەوە، کارمەندو فەرمانبەرە زیادەکانی وەزارەتەکەیان بە زۆری دەکەونە قەزاو ناحیەکان، هۆکاری بوونی ئەو ژمارە زۆرەی کارمەندانو فەرمانبەرانیشی لە وەزارەتەکەیان بۆ ئەوە گەڕاندەوە، کە چەند ساڵێک لەمەوبەر «لەکاتی هەڵبژاردنەکاندا بە لێشاو ژمارەیەکی زۆر لە هاوڵاتییان دامەزرێنراونو ئێستا بوون بە ئەرک بەسەر وەزارەتەکەیانەوە»، وتیشی: لە ئێستادا وەزارەتی پەروەردە کار بۆ گواستنەوەی ئەو کارمەندە زیادانە دەکات بۆ سەر وەزارەتەکانی دادو کارو سەرچاوە ئاوییەکانو شارەوانیو پیشەسازیو وا بڕیارە لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیراندا، وەزارەتی پەروەردە لیستی ئەو کارمەندە زیادانە بخاتە پێش چاوی ئەو پێنج وەزارەتەو ئەوانیش چەند کارمەندیان پێویست بێت، دەستنیشانی بکەنو دواتر میلاکیان بگوازرێتەوە بۆ سەر ئەو وەزارەتانە.

بەڕێوەبەری دیوانی وەزارەتی پەروەردە ئاماژەشی بەوەکرد، لە گواستنەوەی فەرمانبەرەکاندا ڕەچاوی تەمەنو شوێنی نیشتەجێبونی کارمەندەکان دەکرێت، هەر کارمەندێک لە سنوری شوێنی نیشتەجێبونی خۆیدا دەگوازرێتەوە بۆ فەرمانگەیەکی تر، بەڵام پێیوابوو پرۆسەی گواستنەوەکە کاتێکی زۆر دەخایەنێت.

## کەمتر لە سێ مانگی لەبەردەمدا ماوە

# پەرلەمان چەند پرۆژەیاسایەکی گرنگی پەسەند نەکردووە

پشتیوان سەعدوڵلا

خولی دووەمی پەرلەمانی کوردستان کەمتر لە سێ مانگی ماوەو تا ئێستا نزیکەی (١٥) پرۆژەیاسا بەبێ پەسەندکردن ماونەتەوە، ڕاوێژکاری ڕاگەیاندنی سەرۆکی پەرلەمان ئاماژە بەوەدەکات، لەماوەی چوار ساڵی ڕابردوودا پەرلەمان (٢٢٧) دانیشتنی کردووەو (٨١) یاساو (٤٣) بڕیاری دەرکردووە.

لە ٦/٤/ ٢٠٠٥ پەرلەمانی کوردستان دەستبەکاربووەو لە ماوەی ئەم چوار ساڵەدا (٢٢٧) دانیشتنی سازکردووەو (٨١) یاساو (٤٣) بڕیاری دەرکردووە، لە ساڵی (٢٠٠٥)دا (٤) یاساو (١٩) بڕیاری دەرکردووەو (٢٤) دانیشتنی سازکردووە، لە ٢٠٠٦دا (٢٠) یاساو (١٢) بڕیارو (٤٨) دانیشتنی سازکردووە، لە ٢٠٠٧دا (٨٩) دانیشتنو (٣٩) یاساو (٧) بڕیاری دەرکردووە، لە ٢٠٠٨دا (٦٥) دانیشتنو (١٨) یاساو (٥) بڕیاری دەرکردووە.

بەوتەی تاریق جەوهەر، ڕاوێژکاری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان بۆ کاروباری ڕاگەیاندن، ئەگەر ئەم چوار ساڵە بە ساڵەکانی ڕابردووی پەرلەمان بەراورد بکرێت، لەڕوی دەرکردنی یاساو بڕیارو دانیشتنەکانییەوە، چالاکترین چوارساڵی پەرلەمان بووە. وتیشی: لە مەسەلەی بودجەدا بەهۆی یەکنەگرتنەوەی هەردوو ئیدارەکەوە، پەرلەمان نەیتوانی ساڵانی (٢٠٠٥و ٢٠٠٦) گفتوگۆ لەسەر بودجە بکات، «ئەمەش کێشەیەکی گەورەی بۆ پەرلەمان دروستکرد»، بۆیە پەرلەمان بڕیارێکی دەرکرد تا ئیدارەکان یەکنەخرێنەوە، مامەڵەیان لەگەڵ نەکاتو هیچ پرۆژیاسایەکی وەرنەگرت، جگە لە پرۆژەیەکی تایبەت بە کارەبا نەبێت.

باسی لەوەشکرد، لە ماوەی ئەم خولەیدا پەرلەمانی کوردستان، تەنها بودجەی ساڵی (٢٠٠٧و ٢٠٠٨)ی بۆ هاتووەو لەگەڵ ئەوەشدا پەسەندکردنەکەی لە پەرلەمان دواکەوتووە.

وتیشی: «تەنها دوو ساڵە بودجە دێتە پەرلەمان، ڕاستە پەسەندکردنی بودجە لەکاتی خۆی دوادەکەوێت، ئەویش بەشێکی پەیوەندی بە حکومەتو پەرلەمانی عێراقەوە هەیەو یەکنەگرتنەوەی هەردوو وەزارەتی داراییش هۆکارێک بووە بۆ نەبوونی شەفافیەتو ئەمەش ڕێگربووە لەوەی کە پەرلەمان لەو مەسەلەیەدا ڕۆڵی خۆی نەبینێتو چەندین گرفتی بۆ لیژنەکانی پەرلەمان دروستکردووە، لە ڕاستیشدا ئەرکی سەرشانی پەرلەمانە، کە بودجە بەشێوەیەکی شەفافیانەو یەکسان دابەش بکات».

هەرچەندە پەرلەمانی کوردستان داوایکردبوو، کە لە ساڵی ٢٠٠٨دا هەرسێ وەزارەتی داراییو ناوخۆو پێشمەرگە یەکبخرێنەوە، بەڵام خولی ئێستای پەرلەمان بەرەو تەواوبوون دەچێتو ئەو وەزارەتانەش بە ڕەسمی یەکنەخروانەتەوە.

تاریق جەوهەر دەڵێت: پەرلەمان داکۆکی لەوە کردووە، کە هەرسێ وەزارەتەکە لە وادەی دیاریکراودا یەکبگرنەوە، «بەڵام بەداخەوە تائێستا یەکنەخراونەتەوەو لە ئێستاشدا چاوەڕوانی گەڕانەوەی سەرۆکی حکومەتین، بۆئەوەی بانگهێشتی پەرلەمان بکرێت».

بەوتەی ڕاوێژکاری سەرۆکی پەرلەمان، لەم خولەدا پەرلەمانی کوردستان نەیتوانیوە متمانە لە هیچ وەزیرێک وەربگرێتەوە، هەرچەندە چەند وەزیرێک بانگهێشتی پەرلەمان کراون.

ڕاشیگەیاند: لە دوو ساڵی ڕابردوودا زیاتر لە (٢٠) وەزیر هاتوونەتە پەرلەمان، بەڵام لە مەسەلەی وەرگرتنەوەی متمانە لە وەزیرەکان، پەرلەمان کاری نەکردووە، «چونکە ئەو کارە پێویستی بە بەڵگەو زانیاریی ورد هەیە، بەشێکیشی پەیوەندی بە پرۆسەی یەکخستنەوەی بڕیاری سیاسیو دوو ئیدارەییەوە هەیە».

ئەم خولەی ئێستای پەرلەمان کەمتر لە سێ مانگی ماوەو تا ئێستا چەندین پرۆژەیاسای گرنگی وەکو (دەستوری هەرێم، ئاشکراکردنی سەرمایەی بەرپرسان، پرۆژەیاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان، پرۆژەیاسای ڕوبەڕوبوونەوەی گەندەڵی) لەلایەن پەرلەمانەوە پەسەندنەکراون.

تاریق جەوهەر ئەم خولەی پەرلەمانی بە «قۆناغی یەکخستنەوەی ماڵی کورد» ناوبردو پێیوایە «پەرلەمان لەوەدا سەرکەوتوو بووەو توانیویشیەتی کۆمەڵێک یاسای گرنگو ستراتیژی لە کوردستان دەربکات». هێمای بۆ ئەوەشکرد، کە کۆمەڵێک کاری تڕماوە کە تا ئێستا پەرلەمان نەیتوانیوە بیانکاتو هەندێک پرۆژەی گرنگ هەن، پەسەندکردنیان ئاسان نییەو پێویستیان بە ڕەزامەندیی حکومەت هەیە، بۆیە تا ئێستا ئەو جۆرە پرۆژانە پەسەند نەکراون.

# شێوازی ڕێژەیی بکرێتە زۆرینە، پەرلەمان پڕ دەبێت لە یەکێتیو پارتی

**دلێر عەبدولخالق**

لە دوایین دانیشتنی مەکتەبی سیاسی یەکێتی، باس لەوەکراوە شێوازی هەڵبژاردن لە هەرێمی کوردستان بگۆڕێتو لەبری ئەوەی کە سلێمانیو هەولێرو دهۆک یەک بازنەی هەڵبژاردن بن، بکرێنە چەند بازنەیەکو چاودێرێکی بــواری هەڵبژاردنیش دەڵـێت: «مەترسییەکی گەورەیە لەسەر هەموو ئەو لایەنانەی لەدەرەوەی ئەو دوو حیزبە بەنیازن بەشداریی لە هەڵبژاردن بکەن».

کەریم بەحری، ئەندامی لیژنەی یاسایی لە پەرلەمانی کوردستان، بـاسی ئــەوەی کــرد، کــە ئەو پرۆژەیاسایەی هەڵبژاردن کە لە پەرلەماندایە، لیستی داخراوە کە هەموو کوردستان یەک بازنەی هەڵبژاردنەو شێوەی ڕێژەیی هەیەو هەموو لیستەکان بەقەدەر ڕێژەی دەنگەکانیان، کورسییان دەبێت لە پەرلەمانو چاودێرێکیش بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: مەکتەبی سیاسی یەکێتی پێشنیازی ئەوەی کردووە کوردستان بکرێتە چەند بازنەیەکی هەڵبژاردن.

سەعدی ئەحمەد پیرە، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی، ئەوەی بە ڕۆژنامە ڕاگەیاند: تاکو ئێستا شێوازی ئەنجامدانی هەڵبژادنەکان یەکلایی نـەبـووەتـەوەو وتی: «بـۆ یەکلابوونەوەی شێوەی هەڵبژاردنی هەرێمی کوردستان، دەبێت بۆچوونی هەموو لایەنەکان وەربگیرێتو هەموویان لەسەری ڕەزامەندبن».

ئەو لێدوانەی سەعدی پیرە لەکاتێکدایە، کـە لیستەکانی دەرەوەی یەکێتیو پارتی خۆیان بۆ هەموو ئەگەرێک ئامادە دەکەن، کە ئەو یاسایەی لە پەرلەمان پەسەند دەکرێت، دژی فرەییو پەیدابوونی دەنگی نەیار بێت لە پەرلەمانو لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی ئێستای یەکێتیو پـارتـیو مـانـەوەی هەیمەنەیان بەسەر حکومەتو پەرلەمان بگونجێت.

ئەگەر کوردستان بکرێت بە چەند بازنەیەکی هەڵبژاردنو سیستمی زۆرینە پەسەند بکرێتو جێگای ڕێژەیی پێ بگیرێتەوە، ئــەوا ئــەو لیستەی زۆریـنـەی دەنگەکان بەدەستدەهێنێت، هەموو کورسییەکانی ئەو بازنەیە بـۆخـۆی دەبـاتــەوەو بــەوەش ڕێگریی لە لیستەکانی دیکە دەکات، کە بچنە پەرلەمان. کەریم بەحری لەبارەی ڕەوانەکردنی هەر جۆرە پرۆژەیەکی شێوازی هەڵبژاردن بۆ پەرلەمان، ڕای وایە کە پەرلەمان پەسەندی دەکات، چونکە فراکسیۆنی یەکێتیو پارتی زۆرینەن.

ئـارام جەمال، بەڕێوەبەری پـەیـمـانـگـای کـــوردی بۆ هەڵبژاردنیش ئـامـاژە بـەوە دەکات، هەردوو حیزب ئیش بۆ ئەوەدەکەن بە ڕێگایەکی یاسایی ئەنجامی هەڵبژاردنەکان لە قازانجی خۆیان یەکلابکەنەوە، وتیشی: «مەترسییەکی گەورەیە لەسەر هەموو ئەو لایەنانەی لە دەرەوەی ئەو دوو حیزبە بەنیازن بەشداریی لە هەڵبژاردن بکەن».


بەپێی یاسای ژمـارە (١)ی سـاڵـی ١٩٩٢ی ئەنجومەنی نـیـشـتـمـانـی کـوردسـتـان، کورسییەکانی پەرلەمان لەسەر سیستمی هەڵبژاردنی ڕێژەییە، ئەگەر سیستمی چەند بازنەیی لە کوردستان ئەنجامبدرێتو بکرێت بە زۆریـنـە، پێویست دەکات پەرلەمان هەمواری ئەو یاسایە بکاتەوە. لەو بارەیەوە ئارام جەمال ئاماژە بەوەدەکات، پێویستە ئەندامانی پەرلەمان ڕێگا بەو هەموارکردنە نەدەن، «چونکە ئەوە کودەتایەکی ڕاستەوخۆی یەکێتیو پارتییە بەرامبەر هەموو ئەو هێزانەی تر کە دەیانەوێت بەشداریی لە هەڵبژاردندا بکەن».

# بۆ چارەسەری کێشەی کەرکوک، نەتەوە یەکگرتووەکان پشت بە ڕاپۆرتی شارەزایانی نێودەوڵەتی دەبەستێت

**بەهادین یوسف**

ژمارەیەک شارەزای نێودەوڵەتی لـە کـەرکـوکـن، بـۆ ئامادەکردنی ڕاپۆرتێک لەسەر کێشەکانی ئەو شــارەو چۆنیەتی چارەسەرکردنی کێشەکانی بــواری موڵکدارێتی، بەرپرسێکی کــوردیــش پێیوایە، ڕاپۆرتی ئەو شارەزایانە دەبێتە بنەمای ڕاپۆرتی نەتەوەیەکگرتووەکان، بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کەرکوک.

ڕێبوار تاڵەبانی، جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: ئەو شــارەزا نێودەوڵەتییانە دەیانەوێت گوێ لە هەموو لیستو پێکهاتەکانی کەرکوک بگرن، بەتایبەتی لەبواری کێشەی موڵکداری، چونکە یەکێکە لە کێشە زۆر ئاڵۆزەکان، ئەگەر ئەو کێشەیە چـارەســەر بکرێت، ڕێـگـاچـارەی کێشەکانی تر ئاسان دەکاتو وتیشی: «ئـەوانـیـش لـەبـەر ڕۆشنایی ئەو گفتوگۆیانە پێشنیازەکانی خۆیان دەنوسنو نەتەوە یەکگرتووەکانیش پشت بەو ڕاپۆرتەی ئەوان دەبەستێت، بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کەرکوک، ئـەگـەر ڕاپـۆرتـەکـە چـۆن بێت، یۆنامی بەپێی ئەنجامی ئەو ڕاپۆرتە ڕاسپاردەکانی پێشکەش دەکات».


ڕێبوار تاڵەبانی

دەربــــارەی خـاڵـە هـاوبـەشو ناکۆکەکانی نێوان لیستەکانی کەرکوک لەسەر مادەی ٢٣، تاڵەبانی ئاماژەی بەوەکرد، چەند خاڵێک هەیە هەرسێ لیستەکەی ئەنجومەنی پارێزگا لەسەری هاوڕان، ئەویش چارەسەری کێشەکان لەسەر بنەمای دەستورو یاسا بێت، بۆ زیادەڕۆییەکانیش دەبێت یاسایەک دەربکرێت بۆ سەرتاسەری عێراق، ئەوکاتە ئێمە پابەند دەبین پێوەی، ناکرێت کەرکوک بەدەربێت لە شارەکانی تر، بۆ تۆماری دەنگدەرو ڕەگەزنامەش، ئەنجومەن نوسراوی کردووە بۆ پارێزگار، تا بەسەر هەموو فەرمانگەکاندا دابەشی بکات، بۆئەوەی ڕێژەی دامەزراندنو فەرمانبەران لە دامودەزگاکان بزانرێت، بەهەمانشێوە سەبارەت بە میلاکاتی حکومەتو ئەو زیادەڕۆییانەی لەسەر موڵکی حکومەتیش کراوە.

ڕێـبـوار تاڵەبانی سـەبـارەت بە دابەشکردنی دەسەڵاتەکانو بڕگەکانی تری مادەی ٢٣ وتی: «لیستی برایەتی داوادەکـات بە یەک پاکیج سەرجەم بڕگەکان جێبەجێ بکرێت، نەک خاڵ بە خاڵ، بەڵام لیستی عەرەبو تورکمان دەستپێشخەرییەکیان کــردووە، ناویان ناوە (نیەت پاکی)و دەیانەوێت لیستی بـرایـەتـی دەسـتـبـەرداری یەکێک لە پۆستە سەرەکییەکانی بێت، بێئەوەی ڕەچـاوی خاڵەکانی تر بکرێت، ئەمەش قورسە، چونکە پێمانوایە ناکرێت خاڵێک جێبەجێ بـکـرێـتو واز لـە خـاڵـەکـانـی تر بهێنرێت، دەبێت لە فەرمانبەرەوە دەست پێبکرێت، تا بەرپرسی بەشو بەڕێوەبەرو بەڕێوەبەرە گشتییەکان، ئەگەر ئەوەکرا لە بـواری ئەمنیو ئیداریی، ئەوکاتە ئێمە پێمان ئاساییە دەسەڵاتەکانی تریش دابەش بکەین».

# «٢٥٪ی ژنان باوەڕیان بە ڕێکخراوەکانیان نییە»

**شارا عەبدولڕەحمان**

(١٠٪)ی ژنـانـی بەشداربووی ڕاپرسییەک پێیانوایە، کە ڕێکخراوەکانی ژنـان هیچیان بۆ ژنان نەکردووە، هاوکات ڕێژەی (٢٥٪)ی ژنانیش باوەڕیان بە کاری ڕێکخراوەکانی ئافرەتان نییەو ڕێـژەی (١٩٪)شیان پێیانوایە کە ڕێکخراوەکانی ئافرەتان تـەنـهـا کـار بـۆ خـۆیـان دەکەن.

پەیمانگای کوردستان، بۆ پرسە سیاسییەکان بە هاوکاری وەزارەتی مافی مـرۆڤ، لێکۆڵینەوەیەکی لەشێوەی ڕاپرسیدا بۆ بـەدواداچـوونـی ڕێژەی ئەنجامدانی توندوتیژی بەرامبەر ژنان لە ساڵی ٢٠٠٨دا ئـەنـجـامـداوە، کــە (١٠٠٠) ژن بەشدارییان تێداکردووەو ڕاپـرسـیـیـەکـەش لە سـنـووری شـارەکـانـی هەولێرو سلێمانیو دهۆک ئەنجامدراوە.

لـــە ئـەنـجـامـی لـێـکـۆڵـیـنـەوەکـەدا دەرکـــەوتـــووە، کە زۆرترین ڕێـژەی ژنانی بـەشـداربـوو ڕوبـەڕوی توندوتیژی بوونەتەوە، کـە ڕێـژەکـەیـان دەگاتە (٦٠,٩٠٪)، کە (٨٩،٥١٪)ی ژنان توندوتیژی زارەکیو ڕێـژەی (٧٢،٧٪)ی ژنانی نمونەی لێکۆڵینەوەکە ڕوبــەڕوی توندوتیژی کـۆمـەڵایـەتـیو ڕێـژەی (٤٣،٤٪)ی ژنـانـی بـەشـداربـوو ڕوبـەڕوی توندوتیژی ئـابـووریو ڕێـــژەی (١٢,١٥٪)ی ئافرەتانیش ڕوبــەڕوی توندوتیژی جەستەیی بوونەتەوە.

هەر بەپێی ڕاپرسیەکە (٣٪)ی ژنانی بەشداربوو لە فەرمانگە حکومییەکانو (٨٪)ی بـەشـداربـووان، لە بارەگا حیزبییەکاندا ڕوبــەڕوی توندوتیژی بـوونـەتـەوە، سـەبـارەت بـە پـەنـابـردنـە بـەر ڕێکخراوەکانی ژنانیش لەکاتی ڕوبەڕوبوونەوەی توندوتیژیدا، (١٠٪)ی ژنـانـی بـەشـداربـووی ڕاپرسییەکە پێیانوایە کە ڕێکخراوەکانی ژنان هیچیان بۆ ژنان نەکردووە، هاوکات ڕێـژەی (٢٥٪)ی ژنانیش باوەڕیان بە کاری ڕێکخراوەکانی ئافرەتان نییەو ڕێژەی (١٩٪)شیان پێیانوایە کە ڕێکخراوەکانی ئافرەتان تەنها کـار بۆ خۆیان دەکەن.

خانم ڕەحیم، بەرپرسی ڕێکخراوی ئـاسـودە، کە ڕێکخراوێکی تایبەتە بە بەرگریی لە مافی ژنانو داڵـدەدانـی ئـەو ژنانەی ڕوبــەڕوی توندوتیژی دەبنەوە، پێیوابوو زۆربەی خـەڵـکـی تـا ئێستاش پێیانوایە کە ڕێکخراوەکانی کـۆمـەڵـگـای مـەدەنـی بەشێکن لـە دەسـەڵات، وتیشی: «بەهۆی ئەوەی کە خەڵک لە دەسـەڵاتو لە خزمەتگوزارییەکان ناڕازینو بەهۆی ئەوەی وادەزانن ڕێکخراوەکانیش بەشێکن لـە دەسـەڵات، لـەبـەرئـەوە لـەکـاری ڕێکخراوەکان ناڕازین».

## یەکێتیو پارتی لەسەری ناکۆکن

# بەرەی تەوافوق پۆستێکی دیالە دەداتە کورد

**هەستیار قادر**

بەرەی تەوافوق لە دیالە یەک پۆستی سیادیی دەداتـە لیستی هاوپەیمانیو یەکێتیو پارتیش لەسەر ئەو پۆستە ناکۆکنو ئەندامێکی پارتیش ئاماژە بەوە دەدات، کە یەکێتی لەپشت پارتییەوە کۆبوونەوە لەگەڵ تەوافوقدا دەکات.

### تەوافوق، یەکێتیو پارتی دابەشدەکات

بەپێی ئـەو زانیارییانەی دەست ڕۆژنامە کەوتوون، بۆ پێکهێنانی ئیدارەی نوێ لە پارێزگای دیالە، لیستی بەرەی تەوافوقی پلە یەکی خاوەن (٩) کورسی پێشنیازی کردووە، یەک پۆستی سیادیی بدرێتە هەریەک لە لیستی هاوپەیمانیو بەرەی دیالۆگو لیستی ئیئتیلاف، کە پۆستەکانی سـەرۆکـی ئەنجومەنی پارێزگای دیـالـەو پـارێـزگـارو دوو جێگرەکەیان دەگرێتەوە، بەڵام ئەندامە پارتییەکانی لیستی هاوپەیمانی داوا دەکەن، کە دوو پۆست بدرێتە لیستی هاپەیمانیو بەسەر یەکێتیو پارتیدا دابەشبکرێتو لە بەرامبەریشدا یەکێتی بەپێدانی یەک پۆستی سیادیی قایلە، کە سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگا بێت، بەوهۆیەشەوە لە دوایین کۆبوونەوەی نێوان لیستی هاوپەیمانیو بـەرەی تەوافوقدا، کە هەفتەی ڕابردو ئەنجامیاندا، ئەندامە پارتییەکانی لیستی کوردی هۆڵی کۆبوونەوەکەیان بەجێهێشتووە.

### پارتی، سورە لە هەڵوێستەکەی

جەلیل ئیبراهیم، ئەندامی پارتی لە لیستی هاوپەیمانی کوردستان لە دیالە، وێڕای پشتڕاستکردنەوەی ئەو زانیارییانە، بۆ ڕۆژنامەی ڕونکردەوە کە داواکردنی ئەو دوو پۆستە بۆ ئەوەیە کە لە هــەردوو دەسەڵاتی یاسادانان (ئەنجومەنی پارێزگا)و جێبەجێکردن (پـارێـزگـا)دا نوێنەریان هەبێت، بۆ دووبارەنەبوونەوەی ئەزمونی پێشو، کە کورد بوونی بەهێزیان لە پارێزگادا نەبووە بۆ داکۆکیکردن لە داواکـاری کوردی سنوری پارێزگای دیالە.

جەلیل ئیبراهیم ئاماژەی بەوەشدا، کە یەکێتی قایلە بە وەرگرتنی یەک پۆستی سیادیی پارێزگای دیالە، بەڵام وتی: «ئێمە وەک پارتی سورین لەسەر هەوڵوێستەکەمان».

لە بەرامبەردا سەید تاڵیب ئەحمەد، ئەندامی یەکێتی لە لیستی هاپەیەمانی دیالەدا، داواکردنی دوو پۆستی سیادیی پارێزگای دیالەی بە «نـا مەنتیقی» وەسفکرد، بەوپێیەی بەوتەی ناوبراو بـــەرەی تـــەوافـــوق کـــە (٩) کورسی هەیە، تەنها یـەک پۆستی بۆ خۆی دانـاوەو ڕێنادات دوو پۆست بدرێتە لیستی هاوپەیمانی، کە (٦) کورسی لە ئەنجومەنی نوێی پارێزگادا هەیە.

### کۆبوونەوەی ژێر بە ژێر پارتی توڕە دەکات

یەکێک لەو کێشانەی تر کە لەنێوان یەکێتیو پارتیدا لە سنوری پارێزگای دیـالـە سـەریـهـەڵـداوە، ئەنجامدانی کـۆبـوونـەوەی یـەک لایەنییە لەگەڵ بەرپرسانی بەرەی تەوافوقدا.

لەوبارەیەشەوە جەلیل ئیبراهیم، ئەندامی پارتی لە لیستی هاوپەیمانی، بە ڕۆژنـامـەی ڕاگەیاند: بـرادەرانـی یەکێتی بەبێ ئاگاداری پارتی، چەند کۆبوونەوەیەکیان لەگەڵ بەرپرسانی بەرەی تەوافوقدا ئەنجامداوەو پارتی لەو کۆبوونەوانەدا پەراوێزخراوە.

هاوکات ئەندامێکی یەکێتی لیستی هاوپەیمانی ئـەوە ڕەتـدەکـاتـەوە، کە وەک لیستی هاوپەیمانی کۆبوونەوەیان لەگەڵ بەرەی تەوافوقدا کردبێت، سەید تاڵیب ئەحمەد ئاشکرایکرد، کە وەک یەکێتی کۆبوونەوەیان لەگەڵ حیزبی ئیسلامیدا کردووە وەک لایەنێکی نێو بەرەی تەوافوقو لەو کۆبوونەوەیەدا وەک لیستی هاوپەیمانی بەشدارییان نەکردووە.

## ئەمریکا، کورد تەنها دەهێڵێتەوە

# گەڕان بەدوای باوکێکی نوێدا

هەردی مەهدی

### بارزانی بەدوای پشتیواندا دەگەڕێ

سـەفـەرەکـانـی ئـەمـدوایـیـەی سەرۆکی هەرێم مەسعود بارزانی بۆ جەمسەرە هـەرە سەرەکییەکانی ئەوروپا، تەنها ئەوەی لێناخوێنرێتەوە کە لەئاستی نێودەوڵەتیدا بارزانی پێشوازی لێکراوەو ئەوەتا دەروازەی پایتەختەکانی لـەسـەر والآکـراوە، هاوکات ئەوەشی لێدەخوێنرێتەوە کە وا دەردەکـەوێـت، ئیدارە نوێیەکەی ئۆباما نایەوێت وەک بوشی کوڕ لەگەڵ کوردەکاندا بجولێتەوەو بەنیازە عێراق وەک «یەک پارچە» نەک «سێ پارچەی جیاواز» بسپێرێتەوە مالیکی، ئەو پیاوە بەهێزەی، کە نەیارەکانی یەک یەک خستەوە قالبێک کە ترس لە هەر کاتێک زیاتر دایانبگرێت، ئەگەر نا بۆچی لە شـەش ساڵی رابـردووی جەنگی عێراقەوە، سەردانی لەوشێوە درێژو بەپەلەیە لە سەرۆکی هەرێم نەبینرا؟

دەکـرێـت بڵێین ئـەو سـەردانـەی بارزانی بۆ پایتەختەکانی ئەوروپا لەکاتی زیـادکـراودایـە، نەک لەکاتی بەسەرچوودا، زیادکراو بەو مانایەی کە دەبـوو ساڵانێک بەر لە ئێستاو زوتر کورد هێلکە سیاسییەکانی خۆی نەخستایەتە تەنها سەبەتە بێمتمانەکەی کۆشکی سپییەوە، هاوکات زیادکراو بەو مانایەی دەشکرێت ئەمڕۆش ئەگەرێک مابێتەوەو لەم کاتە زیادکراوەدا کورد گۆلێکی سیاسی زێڕین تۆماربکاتو دیسانەوە بەشێوەیەکی کاتیش بێت خۆی لە هەژمونو مەترسییەکانی مالیکیو مەرکەزیخوازەکانی عێراق لابدات، «کاتی بەسەرچووش نا»، چونکە دەکرێت کار بکرێتو هێندەش دۆخەکە بەسەرچوو نییە، کە کورد بخاتە نێو دەریایەکی مردووەوە، کە دەربازبوون لێی مەحاڵ بێت.

بەڵام بە هەر دیوێکدا بێت ئەو مانایە رونە، کە ئەم سەردانە درەنگ وەخت بوو، دەریشکەوت کە سیاسەتی کوردی چەندە کورتخایەنو بێستراتیژەو ئەنجامە وەدەستهاتووە لەرزۆکەکانو ئـەنـجـامـە وەدەسـتـنـەهـاتـووە خوازراوەکانیش دەرئەنجامی ئەو سیاسەتە هەڵانەن کە لە چەند ساڵی رابـردوودا بینران، مادەکانی (٥٨)و ١٤٠ی ناوچە جێناکۆکەکانو کێشە هەڵواسراوەکانی بەغدا باشترین نمونەی ئەم قسەیەن، لەوەش زیاتر زۆر لە سەرکردایەتی کوردی بیسترا کە ئەمریکاو ئیدارەکەی پشتیوانی سەرەکییە بۆ جێبەجێکردنی ١٤٠و پاراستنی دەستکەوتەکان لە بەغدا، بەڵام نەک هەر پشتیوان نەبوو، بگرە دەکرێت بڵێین: هۆکارێکیش بوو بۆ چاوسورکردنەوەی عێراقییە سوننەو شیعەکان لە ئەگەری جێبەجێکردنیدا.

### ئەمریکا، کورد لەنێو نەیارەکانیدا تەنها دەهێڵێتەوە

رەنگە کورد لەو دۆستە دەگمەنانەی ئیدارەکەی جۆرج بوشی کوڕ بووبێت، کە دوای جێهێشتنی ناوبراو، سەرکردایەتی کوردی لەنێو داهۆڵە پڕ لە گورگەکەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا جێهێشتبێت، چونکە ئیدارەی بوش، تا لە گەرمەی کارەکانیدا بوو لەنێو کۆشکی سپیدا، زۆرێک لە هاوپەیمانەکانی خستەبەر رەحمەتی کوشندەی نەیارەکانیانەوە لە وڵاتەکانیاندا، ئەوان هەر زوو بەر لە رۆشتنی بـوش لە کۆشکەکەیدا، کـۆشـکـەکـەی خـۆیـان سـپـاردە نەیارەکانیان، ئەمەش تەنها لەبەرئەوەی هاوپەیمانی پـیـاوە پـەلامـاردەرو شەڕانییەکە (بوش) بوون، بۆیە دەنگی پێویستیان بەدەست نەهێنایەوەو باجی خۆیان لە بەرامبەر پشتگیریکردنی سیاسەتەکانی ئەمریکادا، لەنێو ئەو دۆڕاوانەشدا لیستەکە بە (ماریا خوسیە ئازنەر)ی ئیسپانیا دەستپێدەکاتو (تـۆنـی بلێر)ی سـەرۆکـی پێشوی بەریتانیاو سەرۆک وەزیری پێشوی یابانو (پەروێز موشەرەف)ی پاکستان.. چەند وڵاتێکی دیکەشی گرتەوە، بەڵام کورد کەوتە دوای رۆشتنی (سەرۆک بوش)و وا ئەمڕۆ لە سارای سیاسەتدا کـورد خەریکە دوا قـەڵای خـۆی لە ئەمریکادا لەدەستدەدات، پێدەچێت لە شیکاری هـەرە سـادەی ئەمدواییەی مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمدا بۆ جەمسەرەکانی ئەوروپا، راستی ئەو بۆچوونە بسەلمێنێت. پێدەچێت هەڵبژاردنی ئایندەی ئەفغانستانیش رۆژی لە جێهێشتنی (حەمید کارەزای) سەرۆکی ئەفغانستانو دوا هاوپەیمانی خۆشباوەڕی (سـەرۆک بوش) بێتو کۆشکە بە تالیبان گەماڕۆدراوەکەی سەرۆکایەتی جێبهێڵێت.



### موفاجەئە چاوەڕێکراوەکە!!

لای بەشێکی جەماوەر دەستبەردانی ئیدارەی نوێی کۆشکی سپی لە کورد یان بەواتایەکی تر، موجامەلە نەکردنی وەک ئـەوەی بوشی کـوڕ دەیکرد، موفاجەئەیەک بێتو وەک هەمیشە بوترێتەوە «خیانەتێکی نوێی ئەمریکایە بەرامبەر کـورد».. بـەڵام ئەمە لای چاودێرانی سیاسیو رۆشنبیرانی ئەم هەرێمە هەرگیز موفاجەئە نابێتو هـەرزو پێشبینی زیاتر لەم دۆخەی ئێستایان کـردووە، بەڵام ئـەوەی کە تەنها بە بەڵێنە زارەکـیو فەرشە سـورەکـانو تەنها قسەکردنێک لە تریبۆنەکانی کۆنگرێس رازی بوو، وای لێکدەدایەوە ئیدی ئەمریکا بۆ هەمیشە دۆستو باوکە میهرەبانەکەی کوردە، سەرکردایەتییە سیاسییەکەی کورد بوو، کە خۆشباوەڕانە ئێستاشی لەگەڵدا بێت، بەوە تۆمەتبار دەکرێت کە سیاسەتێکی کورتخایەنو ناڕۆشنی لەئاستی نـێـودەوڵـەتـیو هەرێمیو عێراقیدا گرتووەتەبەر، بۆیە ئێستا بێت یان دواتر، یەک یەک دەزووی چنراوی چەندین ساڵەی ئەو هەوڵە ناڕۆشنانەش هەڵدەوەشێتەوە.

لەبەرئەوە ئەوەی چاوەڕێکراوە بۆ رەخنەگرانی سیاسەتی کـوردی لەم دۆخـە لێڵترە، ئـەوەی موفاجەئەیەو بێوەفاییە ئـەوە ئەو تەفسیرەیە، کە دەسەڵاتی ئێستای هەرێم دەیکاتە پاساو وەک خۆدزینەوەیەک بۆ هەڵوێستو سیاسەتەکانی، گەرچی تا ئێستاش دانی بە شکستی خۆیدا نەناوە بەرامبەر خۆشباوەڕییە سیاسییەکانی لە بەغداو واشنتۆندا، بەڵام زو یا درەنگ ئەوە گریمانەیەکەو لەو باوەڕەداین ئەوەش ببینین کە سیاسی نێو دەسەڵاتی کوردی لە میدیاکەیەوە ئەوەش رابگەیەنێت.

### دەسپێشخەرییەکەی مالیکی

ئەوەی مالیکی سەرۆک وەزیرانی عێراق لە سیاسییە هاوڕێکانی تری جیادەکاتەوە، تەنها ئەوە نییە لە کۆی چواردە پارێزگا لە دوا هەڵبژاردندا، نۆ پارێزگای بۆ لیستەکەی بردەوە، بەڵکو لەو هەنگاوەشیدایە کە لە سێ مانگی بەر لە جێهێشتنی بوشو هاتنی ئۆبامادا، گوتاری خۆی یەکانگیری گوتاری دیموکراتەکان کردو بە هەمان نەزمو ئاوازی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنی ئۆبامای پاڵێوراوی ئەوساو سەرۆکی ئێستا، لێدوانەکانی ئاراستە دەکرد، بەشێکی ئـەم تەباییە لە مەسەلەی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکادا خۆی بینییەوە، چونکە بینیمان چۆن لە دوا مانگەکانی سەرۆکایەتی بوشدا چۆن نیگەرانیی کۆشکی سپی گەشتە ئاستێک بیریان لە کودەتاو گۆڕینی مالیکی دەکردەوە، بەڵام ئەوە زیرەکی ناوبراو بوو، رێگای لەو پلانەش گرت.

لەوێدایە کە دەوتـرێـت ئەو پێش روداوەکـــان کـەوت، بەپێچەوانەی سەرکردایەتی سیاسی کورد تا رۆشتنی بوش بیری لەو ساتە بێ پشتیوانییەی ئێستا نەکردبویەوە، کە سەرلەبەر دەستورو وەزیـرو سـەرۆک کۆمارو کەرکوکو بیرەنەوتە تازەلێدراوەکانو بودجەکەی لە مەترسی لەدەستداندایە، بۆیە پێدەچێت ئەمجارە سەرۆکی هەرێم سیحری پـارەو بیرە نەوتو پـرۆژە بازرگانییەکانو ئیغراکردنی کۆمپانیا فـەرەنـسـیو ئیتاڵیو ئەڵمانییەکان بەکاربهێنێتەوە، لەوێشەوە بە خۆرئاواییەکان بڵێت هەموو ئەوانە لە بەرامبەر دانانی سنورێکە بۆ هەژمونی مالیکیو هاوپەیمانە نوێیەکانیدا، کە بەر لە هەرکەسێک، هەڕەشەن بۆ سەر ئیدارەکەی هەرێم.

## هەڵەکەی عێراق، لە کوەیت دووبارە دەکاتەوە؟

# ئێران بانگەشەی خاوەندارێتی بەحرەین دەکات

جەمال ئیختیار

لێدوانەکانی ئەم دواییەی هەندێک لە بەرپرسە باڵاکانی ئێران نیگەرانیی لای حکومەتی بەحرەین دروستکردو لە میدیا عەرەبییەکاندا باس لەوەکرا، کە عەلی ئەکبەر ناتق نوری، سەرۆکی پێشوتری مەجلیسی شورای ئیسلامی (پەرلەمان)و راوێـژکـاری ئێستای رێبەری بـاڵای شـۆڕش، ئایەتوڵڵا خامنەیی بانگەشەی ئەوەی کردووە کە بەحرەین تا ساڵی ١٩٧٠ چواردەیەمین پارێزگای ئێران بووە. ئەم وتەیە بووە هۆی جارێکی تر سەرهەڵدانەوەی ناکۆکییەکانو نـارەزایـی وڵاتـە عەرەبییەکان تا ئـەو ئاستەی، کە مەغریب پەیوەندییە دیبلۆماسییەکانی خۆی لەگەڵ ئەو وڵاتەدا هەڵپەسارد.

لـەدوای کاردانەوەی میدیاکانو وڵاتانی عەرەبی، حەسەن قەشقاوی، وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئێران، رایگەیاند: ئێران رێز لە سەروەریی بەحرەینو هەموو وڵاتە دراوسێکانی دەگرێت، قسەکانی قەشقاوی دوای ئـەوە هـات، کە وەزیـری دەرەوەی بەحرەین، خالید ئالخەلیفە رایگەیاند: وەک نـارەزایـیـەک بەرامبەر بەو هـەڵـوێـسـتـەی ئـێـران، بەحرەین دانوستانەکانی تایبەت بە کڕینی گازی سروشتی لەگەڵ ئەو وڵاتەدا راگرتوە.

لە ئێستادا بەحرەین وەکو وڵاتێکی میانڕەوی ناوچەکە دەناسرێتو رۆڵێکی ناوەندی بینیوە لە کێشەی عەرەب-ئیسرائیلداو لەدوای سەربەخۆیی لە ١٩٧١دا، پەیوەندییەکی دۆستانەی هەبووە لەگەڵ دراوسێکانیو وڵاتانی دیکەی جیهان، بەڵام بارگرژییەکانی نێوان بەحرەینو ئێران لە ٢٠٠٧دا سەریانهەڵدا، کاتێک کە حسێن شەریعەتمەداری راوێژکاری عەلی خامنەییو سەرنوسەری رۆژنامەی کەیهانی ئێرانی باسی لە لکاندنی بـەحـرەیـن وەکـو چـواردەیـەمـیـن پارێزگا بە ئێرانەوە کرد، هەنگاوێک کە وەبیرهێنەرەوەی هەڵوێستی سەدام لە هەشتاکاندا بوو، بۆ لکاندنی کـوەیـت بـە عـێـراقـەوە، لەوکاتەدا وەزیری دەرەوەی ئێران، مەنوچەهر موتەکی سەردانی بەحرەینی کرد، بۆ خاوکردنەوەی گرژییەکانو وتی: ئـەوە تەنها هەڵوێستی شەخسی شەریعەتمەداری بووە، بەڵام ئەوجۆرە لێدوانانە جاروبار لەلایەن بەرپرسە ئێرانییەکانەوە دووبـارە دەبنەوەو گرژییەکان زیندو دەکەنەوە.

لەو نێوەندەدا شیعەکانی بەحرەین لەباری مەزهەبییەوە هەست بە نزیکی دەکەن، هاوکات ئاگاشیان لە شوناسی عـەرەبـی خـۆیـانـەو زۆرجـاریـش روبـەڕوی رەخنەگرتن بوونەتەوە لەسەر هاوسۆزیان بۆ ئێران، بۆ نمونە لە ٢٠٠٦دا حوسنی موبارەک، سەرۆکی میسر، بە تابوری پێنجەمی ئێران ناوی بردنو ئەو لێدوانە بووە هۆی شەپۆلێکی توڕەیی لە بەحرەین تا ئەو ئاستەی، کە جێگری سەرۆکی پەرلەمانی ئـەو وڵاتـە داوای لە موبارەک کرد، کە بە رەسمی داوای لێبوردن بکات.

بەڵام سەرەڕای ئەوانەش، تا ئێستا هەردوو وڵاتی ئێرانو بەحرەین بە بـەردەوامـی پەیوەندی دیبلۆماتی خۆیان هێشتووەتەوە، هەرچەندە جاروبار گرژیی دەکەوێتە نێوانیانەوە، لەکاتێکدا کە سیاسەتی بەحرەین زیاتر لەسەر بنەمای میانڕەویو هاوپەیمانی ناوچەیی لەگەڵ دراوسێ عەرەبەکانیو هاوپەیمانی، لەگەڵ ئەمریکاو خۆرئاوا بنیاتنراوەو نیگەرانە بەرامبەر بەرنامە ئەتۆمییەکەی ئـێـران، شـارەزایـان پێیانوایە کە ئەوجۆرە لێدوانانەی بەرپرسانی ئێرانی، دەبنە هۆی زیاتربوونی نیگەرانییەکانی بەحرەین کە جیانییە لە نیگەرانی وڵاتانی کەنداو دەربـــارەی هاوکێشەو نەخشەی دەسـەڵات لە ناوچەکەدا، بەتایبەت کە ئێران لە هەوڵەکانی بەدەوامە بۆ بەدەستهێنانی چەکی ئەتۆمی.

### بەڕێوەبەری فەرمانگەی راگەیاندنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق:

# ناکرێت کورد ستراتیژیەتی چەسپاندنی دیموکراسیەت لە وڵاتدا بکێشێت، بەڵام خۆی یاساشکێنیو گەندەڵی ئەنجام بدات

سازدانی: بەشار چەلەبی
بەغداد

**محەمەد ئەبوبەکر، بەڕێوەبەری گشتی فەرمانگەی راگەیاندن لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە نوێنەرایەتیی کورد لە بەغداو لەناو ئەنجومەن، ستراتیژێکی دیاریکراویان نەبووەو ئەوەش زیانی زۆری بە کێشەی کورد گەیاندووە، بەتایبەت مادەی ١٤٠ی دەستورو دەڵێت: «تاکە پشتو پەنای سەرکردایەتی کورد، خەڵکەکەیەتی، رەنجاندنو دابین نەکردنی مافەکانیان، دەبێتە فاکتەری سەرەکی پاشەکشێکردنی کورد لە عێراقدا».**

**رۆژنامە: بە حوکمی نزیکیتان لە دانیشتنەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانەوە، رۆڵو کاری فراکسیۆنە کوردییەکانی ناو ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق چۆن هەڵدەسەنگێنن؟**

* کاریگەرییان لە هەڵوێستێکەوە بۆ هەڵوێستێکی تر جیاوازە، جاری واهەبووە پەرلەمانتارە کوردەکان توانیویانە ئاراستەی بابەتێک بگۆڕن، جاری واش هەبوو بەپێچەوانەوە بووە، بە گشتی گرفتی فراکسیۆنە کوردەکان لە دوو خاڵی سەرەکیدا خۆی دەبینێتەوە، ئەویش میکانیزمی بڕیاردانو نەبوونی ستراتیژیەتە، ئەمەش سیمای گشتیی ئەم قۆناغەی خەباتی کوردە بە گشتیو تایبەت نییە بە فراکسیۆنەکانی ناو پەرلەمان، میکانیزمی بڕیاردان میکانیزمێکی کۆنەو کاری ئەندام پەرلەمان زیاتر رەنگدانەوەی هەڵوێستی سەرو خۆیەتی، نەک بەرهەمی تاووتوێکردنو بڕیاردانی بەکۆمەڵو دەربڕی تواناو هەڵوێستی خۆی، ئەمەش لەوانەیە بۆ ئەم قۆناغە هەندێک سودی هەبووبێت، بەڵام کاریگەری نێگەتیڤانەی زیاترە، لەبواری ستراتیژیەتەوە، پێموایە کورد گرفتی کوشندەی هەیە، جاری واهەبووە کورد بە هەموو قورساییو هێزی خۆی، پشتگیریی لە چەند کەسو لایەنێک کردووە، بگرە زۆرجار لەوانیش توندتربووە بەرامبەر بە نەیارەکانیان، بەڵام ئێستا ئەو کەسو لایەنانە بە پلەی یەکەم دادەنێن لە دژایەتیکردنی مافەکانی کورد، هەروەها نەبوونی ستیراتیژیەتێکی رونو ئاشکرا، مادەی ١٤٠ی گەیاندە ئەو گێژاوەی ئێستا تێیکەوتووە.

**رۆژنامە: بە تێڕوانینی تۆ کورد توانیویەتی لۆبییەک لە پەرلەمانی عێراقدا دروستبکات بە جۆرێک، کە نەهێڵێت هیچ پرۆژەیەک یان یاسایەکی دژ بە بەرژەوەندیی کورد لە پەرلەماندا پەسەند بکرێت؟**

* بەهۆی ناجێگیریی بارودۆخو بەیەکداچوونی بەرژەوەندییەکان لە چەند ساڵی رابـردوودا، لۆبیکردن بۆ کوردو لایەنەکانی تریش چەندین قـۆنـاغو هـەڵـچـوونو داچـوونـی بەخۆیەوە بینیوە، بۆ نمونە لەکاتی پەسەندکردنی یاسای فیدراڵیەتدا، ئەگەر دوو پەرلەمانتاری لیستی هاوپەیمانی کورستان یان لیستی یەکگرتووی ئیسلامی ئامـادەی دانیشتنەکە نەبونایە، ئەوا بەدڵنیاییەوە یاساکە پەسەند نەدەکراو گرفتی بۆ دروست دەبوو، بۆیە دەتوانین بڵێین، کە رۆڵی فراکسیۆنە کوردییەکان لە پەسەندکردنی یاسای فیدراڵیەتو دروستکردنی هەرێمەکاندا باش بوو، بەپێچەوانەی یاسای پارێزگاکان، کە رۆڵیان بەهێز نەبوو، بگرە هەندێک هەڵەشی تێدابوو، بەبڕوای من پێویستە کورد ستراتیژیەتێک دابڕێژێتو ئەو مەسەلەیە بکاتە پایەیەکی سەرەکی ئەو ستراتیژیەتە، یەکێک لە رێگا زۆر کاریگەرەکان بۆ دەستخستنی مـافـەکـان، هێنانەدی عێراقێکی دیموکراسییە، کە تێیدا پێشێلکردنی دەستورو یاساو شکاندنو سڕینەوەی خەڵکانی تر کارێکی ئاسان نییە، ئەوەش کاری دەوێت، چونکە ناکرێت کـورد ستراتیژیەتی چەسپاندنی دیموکراسیەت لە وڵاتدا بکێشێت، بەڵام لە هەرێمی کوردستان، یان لە عێراقدا خۆی یاساشکێنیو گەندەڵی ئەنجام بدات.


محەمەد ئەبوبەکر

**رۆژنامە: سەنگی فراکسیۆنە کوردییەکانی ناو پەرلەمانی عێراق چۆن هەڵدەسەنگێنن؟**

* سەنگی کورد پەیوەستە بە چەند فاکتەرێک، کە بریتین لەو سەنگەی کە ماوەی پێنج ساڵە هەیەتی، ئەو سەنگە لە سەرەتای روخانی رژێمدا زۆربووەو پاشتر وردە وردە کەمی کردووە تا ئێستا، کە ئەمەش چەندین هۆکاری هەیە، بۆ نمونە لەناوخۆی کورستان جۆرێک لە نارەزایی هەیە، کە ئەمەش قورسایی کوردی کەمکردووەتەوە، ئەو کەسو لێپرسراوانەی کورد کە لە بەغدان، لەڕوی تواناو لێهاتووییەوە وەک یـەک نین، ئـەمـەش زۆرجـار وایـکـردووە کـورد نەتوانێت وەک پێویست تەوزیفی ئەو پلەو پۆستانە بکات بۆ بەرژەوەندیی خۆی.

**رۆژنامە: بۆچونێک هەیە کە دەڵێت، ئەگەر کورد سود لە سەنگی ئێستای خۆی وەرنەگرێت، لەوانەیە نەتوانێت جارێکی تر ئەم دەرفەتە بەدەست بهێنێتەوە، ئێوە دەڵێن چی؟**

* پێویستە کورد بۆ ئەو ماوەیەی داهاتوو تا کاتی ئەنجامدانی هەڵبژاردنە گشتییەکان، بیر لـە چـارەسـەری دیکە بکاتەوە، بۆ نمونە دەتوانن لەگەڵ حیزبی ئیسلامیو ئەنجومەنی بـاڵای ئیسلامی چەند جارێک بە راشکاوی لەگەڵ مالیکیو حیزبەکەی قسەبکەنو داواکارییەکانیان رونو دیاربێتو لەگەڵیدا تاووتوێی بکەنو مەترسی خۆیان لە کردەوەکانیو داهاتوو بخەنەڕو، هەر تێنەگەیشتنێک لەنێوانیاندا هەیە بڕەوێتەوەو هەموو پێکەوە پلانو نەخشەی داهاتووی وڵات بکێشن، لێرەدا بە پێویستی دەبینم، کە ئەو داواکاریانە دەستوریو دورخایەنو ستراتیژی بن، چونکە ئەوەندەی ئێمە ئەو بابەتەمان لەگەڵ کەسانی نزیک لـە بـەڕێـز مالیکی وروژاندبێت، ئەوانیش گازندەیان هەیە، بـەڵام سـەرەڕای گرنگی ئەو هەوڵانە، هێشتا پرسی دیموکراسی ناوخۆی کوردستانو پێشکەشکردنی ئەزمونی سەرکەوتوو لەسەرو هەموو هەوڵێکی ترەوەیە، ئەگەر نا، هەر ئەو لایەنانەی ئێستا کورد هاوپەیمانێتیان لەگەڵدا دەبەستێت، بۆ بەدیهێنانی بەرژەوەندییەکی هاوبەشو کاتی، کە پاشەکشەپێکردنی مالیکییە، لەوانەیە سبەی ببنەوە نەیارو رێگربن لەبەردەم ئامانجەکانی کورددا، لەبەرئەوە تاکە پشتو پەنای سەرکردایەتی کورد، خەڵکەکەیەتیو رەنجاندنو دابین نەکردنی مافەکانیان دەبێتە فاکتەری سەرەکی پاشەکشێکردنی کورد لە عێراقدا.

> **میکانیزمی بڕیاردان، میکانیزمێکی کۆنەو کاری ئەندام پەرلەمان زیاتر رەنگدانەوەی هەڵوێستی سەرو خۆیەتی نەک بەرهەمی تاووتوێکردنو بڕیاردانی بەکۆمەڵو دەربڕی تواناو هەڵوێستی خۆی**

# کێشە دەکەوێتە نێوان وەزارەتی دەرەوەو نوری مالیکی


نوری مالیکی


هۆشیار زێباری

ساڵح رەحمان

نـوری مالیکی، سـەرۆک وەزیـری عـێـراق، دەیـەوێـت دەسـەڵاتـی خـۆی بـەسـەر وەزارەتـی دەرەوەی عێراقدا بسەپێنێتو کەسە نزیکەکانی خۆی لە پۆستە گرنگەکانی ئەو وەزارەتـەدا دابمەزرێنێت، وەزارەتـی دەرەوەش پابەندی ئـەو راسـپـاردەو بڕیارانەی ئەنجومەنی وەزیران نابێت.

بـەگـوێـرەی چـەنـد بەڵگەنامەیەک، کـە دەسـت رۆژنامە کەوتوون، ئەمینداریێتی گشتی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق، بەگوێرەی نوسراوی ژمـارە (ق/٢/٥/١٠٦)و لە رێکەوتی ٢٠٠٩/١/٢٢ نیگەرانی خۆیی پیشانداوە بەرامبەر هەڵسوکەوتی وەزارەتی دەرەوە، کـە پـابـەنـدی فەرمانەکانی ئەنجومەنی وەزیـران نابێت کـە بـە نـوسـراوی ژمـا رە (ق/٢/٢٧/٢١٠٥٩ ) لە رێکەوتی ٢٠٠٨/٨/٢٤ گشتاندویەتی بە مـەبـەستی خانەنشینکردنی ئـەو کەسانەی کە پێویستە وەزارەتی دەرەوە خانەنشینیان بکات، بەگوێرەی نوسراوەکەی ئەنجومەنی وەزیران، کە ئیمزای د. فەرهاد نیعمەتوڵڵا حسێن، ئەمینداری گشتی ئەنجومەنی وەزیران بە وەکالەتی لەسەرە، وەزارەتـی دەرەوە بـەوە تۆمەتبار کراوە، کە رێنماییەکانی سەرۆک وەزیر جێبەجێ ناکات، بـۆ وەڵامـی ئـەو نـوسـراوەی ئـەنـجـومـەنـی وەزیـرانـیـش، وەزارەتـی دەرەوە نوسراوی ژمـارە (ز/١/٣٣/٨٢٢)ی بـە رێـکـەوتـی ٢٠٠٩/٢/٢٦ دەرکردووەو بەسەر سەرجەم بەشەکانی وەزارەتی دەرەوەیدا گـشـتـانـدووە، سـەبـارەت بە کۆکردنەوەی زانیاری لەبارەی ئـەو نـوسـراوەی ئەنجومەنی وەزیـرانو وەڵامـدانـەوەی، چونکە بە وتـەی بەرپرسانی وەزارەتـی دەرەوەی عێراق، خانەنشینکردنی کـارمەندانی وەزارەتـەکـە لـەدەسـەڵاتـی وەزارەتدایە بەگوێرەی یاساو رێساکانی خانەنشینکردن، بۆیە ئەنجومەنی وەزیـران مافی ئـەوەی نییە دەسـت وەربداتە کـاروبـارەکـانـی وەزارەتـی دەرەوە.













بۆ پەیداکردنی بازاڕی نوێ و برەوی زیاتر بۆ کاڵاکانتان ریکلامەکانتان لە رۆژنامە دا بڵاوبکەنەوە

لأجاد اسـواق جـديـدة والـترويج لـمنـتوجـاتـكـم أعـلـنوا فـي رۆژنامە

Rozhnama helps you to make your goods famous

Mob: 009647501503333 009647701438154
Email: riklam@rozhnama.com info@rozhnama.com














www.rozhname.com

# ئۆپۆزسیۆنی ڕۆشنبیریی



ئاسۆ جەبار

(١-٢)

ئەو کۆمەڵگایانەی کە خاڵین لە ناوەندو دەزگای ڕۆشنبیریی‌و فەرهەنگی‌و هونەری سەربەخۆ، پێکرا دەبنە کۆمەڵگەلێکی هەژارو وێران لەڕوی شارستانی‌و فەرهەنگییەوە، ئەو نیشتمانەی پڕە لە دەزگاو کۆمپانیای حیزبی‌و حکومی‌و خاڵییە لە دامەزراوەی سەربەخۆو ئازاد، بێگومان هێندەی نیشتمانێکی وەهمییە لەسەر نەخشەیەکی حیزبی، هیچی دیکە نییە، ئەو دەسەڵاتانەی ڕێگرێکی ڕاستەقینەن لەبەردەم نێوەندو دامەزراوەی ڕۆشنبیری‌و فەرهەنگی‌و هونەری‌و چاپو بڵاوکراوە سەربەخۆکان، پێکرادەسەڵاتگەلێکی کوشندەن بۆ کوشتنی جیاوازی‌و هەمەڕەنگییەکان، دەرئەنجام دەبنە خولقێنەری فەوزایەکی گەورەی جەهل‌و نادنیابینی.

هــەمــوو ئۆپۆزسیۆنێکی سیاسی‌و حیزبی‌و فەرهەنگی‌و کۆمەڵایەتی، زادەی ئەو ئۆپۆزسیۆنە ڕۆشنبیری‌و ڕەخنەیی‌و مەعریفی‌و ئەدەبییەیە کە بــەر لە هەر سەرەتایەکی ڕەخنەیی سیاسی‌و کۆمەڵایەتی‌و شارستانی‌و ئابووری، ڕەخنەی ڕۆشنبیری‌و مەعریفی ئامادەیە.

ئۆپۆزسیۆنی ڕۆشنبیری بریتی نییە لــە حیزب یــان ڕەوتو بزوتنەوەیەکی ئایدۆلۆژی، نەخێر ئەمجۆرە لە ئۆپۆزسیۆن تەواو پێچەوانەی حیزبە، کە پێکڕا زۆر بە سادەیی بریتین لە نێوەندو دامــەزراوەی ڕۆشنبیری‌و فەرهەنگی یان هونەری‌و فیکری سەربەخۆو ئازاد، ڕەنگە ڕێکخراوگەلێکی ناحکومی‌و ناحیزبی سەربەخۆبن، لەوانەیە دەزگای چاپو بڵاوکردنەوەی سەربەخۆو ئازادبن، هەرچەندە ئەم ناوەندانە توانای فشاری مەعریفی‌و ئەکادیمیان هەبێت، دەرئەنجام دەتوانن بەرهەمهێنەری هێزێکی گەورەی ڕەخنەیی‌و دیالۆگسازبن، دواجار ئەوە ڕۆشنبیرو ڕەخنەگرە سەربەخۆکانن دەتوانن حەقیقەت لە جەهل جیابکەنەوە، دەرەبەگخوازی لە سەربەخۆیی جیابکەنەوە، نوسینی زیندو لە نوسینی مردو جیابکەنەوە.

عــەلــی حــەرب دەڵــێــت: «ڕۆشنبیر بوونەوەرێکە لەنێو قەیرانەکاندا دەژی، لەبەرئەوەی بایەخ بە مەسەلەی ڕاستی‌و ئــازدی‌و دادپــەروەری‌و بەها گشتییەکان دەدات، دەبینین بە نانەوەی گیروگرفت‌و ڕیسواکردن‌و ئاشکراکردنی لایەنە خراپەکان، دەگەشێتەوە، ئەو پتر لەسەر ئەوە دەژی کە قسە لەسەر خراپ بەکارهێنانی ماف‌و ئازادییەکان بکات»، دواتــر درێــژە دەدات بە ڕاڤەکردنەکەی‌و دەڵێت: «بەڵام ئەمڕۆ لەسەردەمی ئێستادا، بارودۆخەکان گۆڕاون‌و وەک پێشدا نین، ئەو ڕۆشنبیرەی قەیران دروستدەکات‌و گرفت دەنێتەوە، ئێستاکە خۆی لە قەیراندایە، بەتایبەتی پاش ئەوەی تیۆرو پرەنسیپەکان، عەیب‌و کارەکانی ئەویان ئاشکراکردووە لەوەی ڕۆشنبیر لە بەرامبەر ئاڵوگۆڕو گۆڕانکارییە گەورەکانی دنیادا کە پتر لە ئاستێکدا دەستەوەسان‌و لاوازە، ئەمەش ڕۆشنبیری لە ڕاستگۆیی‌و لە چەکەکانی داماڵی، ئێمە ئەمڕۆ ئەو شتانە دەبینین کە ئەو بەها گەورانەی ڕۆشنبیر داکۆکی لێدەکرد، لەژێر کوتەکی ڕوداوە گەرمەکاندا دەڕوخــێــن، ئێستا ڕوداوە گەورەکانی دنیا گاڵتە بە ساکاریی دروشم‌و پرۆژەکان دەکــەن، دەریدەخەن بەرنامەو تیۆرەکان چەند کەمدەست‌و لاوازن».

چەند گرنگە نیشتمان پڕبێت لە ملانێی سیاسی‌و کارگێڕی‌و بازرگانی‌و کۆمەڵایەتی، هێندەش گرنگە لێوڕێژبێت لە ململانێی مەعریفی‌و ڕۆشنبیری، چەند گرنگە شەڕی سیاسی، هێندەش گرنگە شەڕی مەعریفی‌و ڕۆشنبیری، کۆمەڵگا چەند پێویستی بە جەنگاوەری سەربازی هەیە، سەد ئەوەندە پێویستی بــە جــەنــگــاوەری مەعریفی‌و ڕۆشنبیری‌و ڕەخنەیی هەیە، پێویستی ئەم ململانێ‌و جەنگە مەعریفییە لەوێوە سەرچاوە دەگرێت کە پێکڕا کۆمەڵگا چەند پێویستی بە خواردن‌و خواردنەوە هەیە، سەد ئەوەندەش گرنگە مافی هەبێت، مافە شارستانی‌و فەرهەنگی‌و ئازادییە سروشتییەکانی مرۆڤ وەک ئۆکسجین، دەتوانێت خانەو شانە کۆمەڵایەتی‌و فەرهەنگی‌و تاکەکەسییەکان ببوژێنێتەوەو گەشەیان پێبدات، کەواتە کێن ئەوانەی بەرگری‌و پشتیوانیی لە مافە شارستانی‌و فەرهەنگی‌و مرۆییەکانی هاوڵاتییان‌و کۆمەڵگا دەکەن، کێن ئەوانەی بە شێوازێکی زانستی‌و مەعریفی‌و ڕەخنەگرانە دەبنە ئــەو ئاوێنە ڕونــەی کە گەندەڵی ڕوخساری خۆی تێدا دەبینێتەوە، هاوکات کێن ئەوانەی دەبن بەو مایکرۆسکۆپەی کە خانەو پێکهاتەو تەونە جاڵجاڵۆکەییەکانی ناعەدالەتی دەدۆزنــەوە، بێگومان تەنها ئەو ڕەخنەگرو ڕۆژنــامــەنــوس‌و ڕۆژنــامــە سەربەخۆو نوسەرە جدیانە دەتوانن‌و دەبن بەو ئاوێنەو مایکرۆسکۆپە پشکنەرەی کە ڕاستییەکان دەدۆزنـــەوەو کــەمــوکــوڕی‌و ڕاوڕوت‌و ناحەقییەکان ئاشکرا دەکەن.

کێن ئەوانەی دەبنە پێکهێنەرە گرنگەکانی فەرهەنگی کۆمەڵگاو نیشتمان، کێن ئەوانەی دەبنە کۆڵەکە ڕۆشنبیری‌و هونەرییەکانی کۆمەڵگایەک، فەرهەنگی زیندو واتە ئەو پاشخانە ڕۆشنبیری‌و مەعریفی‌و هونەرییەی کە ڕابردوو و ئێستاو ئایندەی فەرهەنگی کۆمەڵگایەک دیاریدەکات، لەکاتێکدا پێوانەکردنی ئاستی شارستانی‌و هونەری‌و مەعریفیی نەتەوەیەک بە ژمارەی حیزب‌و دەزگا حیزبی‌و هەواڵگری‌و جاسوسییەکانی پێوانە ناکرێت، وەک چۆن ئاستی پێشکەوتنی کۆمەڵگایەک بە ژمارەی ئۆتۆمبیلە ئاخر مۆدێلەکان‌و بەرزکردنەوەی کۆشک‌و تەلارەکان‌و پڕکردنەوەی بانکەکان پێوانە ناکرێت، لەڕاستیدا ئاستی پێشکەوتنی شارستانی‌و فەرهەنگی کۆمەڵگایەک وەستاوە لەسەر ئاستی پێشکەوتنی هونەری مۆزیک‌و شێوەکاری‌و سەماو دەزگا ڕۆشنبیرییەکانی، چەند گرنگە نیشتمانێک پڕبێت لە دامەزراوەی کۆمەڵایەتی‌و فەرهەنگی، هێندەش گرنگە نیشتمانێک پڕبێت لە دەزگــای ڕۆشنبیریی سەربەخۆ.

چەند ئازادیی ڕادەربڕین‌و ئازادیی نوسین‌و بڵاوکردنەوە گرنگە بۆ بوژاندنەوەی کۆمەڵگاو خولقاندنی فەرهەنگێکی زیندوی پەیوەندیئامێز، سەد ئەوەندەش گرنگە لەپشت ئەو دەزگاو ناوەندو میدیایانەوە، دەزگاگەلێکی سەربەخۆو کارا هەبن بۆ سیستیماتیزەکردنی فەرهەنگێکی مۆدێرن‌و عەقڵیەتێکی کراوەی پەیوەندیئامێزو دیالۆگساز.

کۆمەڵگای ئازاد بەرهەمهێنەری زانکۆو دەزگای ڕۆشنبیری‌و فەرهەنگی‌و ئابووری‌و سیاسیی ئازادە، بە هەمانشێوە کۆمەڵگایەکیشە بــۆ بەرهەمهێنەری تاکەکەسی ئــازادو فێرخوازی بەئیرادەو خاوەن خەونی گۆڕان، بەڵام تێگەیشتن لە چەمکی ئازادی‌و تێگەیشتن لە مانا کردارییەکانی ئازادی، خاوەنی هێزێکە بۆ دروستکردنی کۆمەڵگایەکی مۆدێرن‌و ئازاد، چەند دیکتاتۆرەکان پێویستیان بە حیزبی سەرکوتکارو جەلادی ستەمکار هەیە، هاوکات ئازادیش پێویستی بە جەنگاوەری مەعریفی‌و فەرهەنگی‌و ئیرادەگەر هەیە.

# (یەکێتی‌و پارتی (٧٣) سەعات لە ژوری ئینعاشدا!!)



هەورامان محەمەد

(٢-٢)

ئەگەر یەکێتی‌و پارتی باس لەوەدەکەن کە ڕێککەوتنی ستراتیژی لەپێناو ئایندەی کۆمەڵگاو یەک دەنگیی کوردە، بۆچی لەدوای ئەم ڕێککەوتنەوە حکومەت‌و پەرلەمانیان بە ڕێژەی زۆرینە لەنێوان خۆیاندا دامەزراندووە؟ ئایا لەوکاتەوە سەرۆکی حکومەت واتا نێچرڤان بــارزانــی، چەندجار توانیویەتی لەپێناو کەموکوڕی‌و کەمتەرخەمیی دەزگا ئیدارییەکاندا بە (مەیدان)ی سەردانی داموو دەزگا ئیدارییەکانی دەڤەرەکانی گەرمیان، شـــارەزور، پشدەر، بیتوێن، شارباژێرو هەورامان بکات؟!

یان جێگری سەرۆکی حکومەت، عومەر فەتاح بۆ هەمان کار چەند توانیویەتی کاری (مەیدان)ی بۆ دەڤەرەکانی دهـۆک، زاخۆ، ئاکرێ، ئامێدی‌و شەنگار بکات؟!

یەکێتی‌و پارتی کە لەناخدا هەرگیز یەک ناگرن‌و ئەم ڕێککەوتنەش لەڕوی جەوهەرییەوە جگە لە بــەرژەوەنــدی سیاسی‌و ئابووری بۆخۆیان، هیچ بەرژەوەندییەکی تەندروست بۆ ئایندەی کۆمەڵگا بە ڕەوا نابینن!!

پارتی و یەکێتی بە بیستنی هاتنە مەیدانی لیستی کــراوە بۆ هەڵبژاردنەکانی ئایندە، هەردوو حیزبی دەسەڵاتدار هەر لە بنکەکانی دەسەڵاتی سەروویانەوە تا دەگاتە دوایین بنکەکانی خوارویان، بە هەموو جۆرە دەزگا حیزبییەکانیانەوە، ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ، بە ئاشکراو بە نهێنی، دژایەتییەکی بێوێنەی ئەم داوایە دەکەن، کە هەرچەندە ئێستا بیروڕای لیستی کراوە بووەتە دەنگۆو ڕایەکی گشتی بەناو کۆمەڵگادا!!

دەبێت یەکێتی‌و پارتی بە گشتی شەرم بیانگرێت کە لەئاستی دیموکراتیەتدا بەربەست دروستدەکەن لە ئاستی لیستی کــراوەدا، بەتایبەتی پارتی، چونکە دەڵێی پارتی لەبیری چووە کە لەبن دەسەڵاتی ئیدارەی خۆیدا لە هەڵبژاردنەکانی ڕابــردوودا لەناو جەرگەی شارۆچکەی (عەنکاوە) هەزارەها دەنگ درا بە لیستی (أیاد علاوی)، کە کاتێک شارۆچکەی (عەنکاوە) بە ملیۆن دۆلار لەسەر میزانیەی حکومەتی هەرێمی بۆ سەرفکراوە لەپێناو گەشەکردن‌و بوژانەوەیدا، کە ئەمە لەکاتێکدا هەڵەبجەو قەزاو ناحیەکانی دەڤەرەکانی دیکە چارەکی سەرفیاتی (عەنکاوە)ی بۆ نەکراوە، بەڵام لە هەمانکاتیشدا دەنگیان ئەوەندە نەدا بە پارتی!!

ئایا دەنگدان بە لیستی کــراوەی کورد باشترە کە هاوڕاو هاوئامانجی ئایندەی یەکترن یاخود دەنگدان بە لیستی (أیاد علاوی)؟!

هــەروەک ئاماژەمان پــێــداوە لــەدوای ڕێککەوتنە ستراتیژییەکەی (یەکێتی‌و پــارتــی)ەوە، ســاڵ بە ســاڵ خۆسەپاندنی یەکێتی‌و پارتی بەسەر هەموو بوارەکانی ژیانی کۆمەڵگادا ڕەنگ دەداتەوە، نمونەی هەرە زیندوی هەڵسوکەوتەکانی یەکێتی‌و پارتی لەدوای ڕێککەوتنە ستراتیژییەکەوە، سیاسەتی (تواقف)ە، کە ئەم سیاسەتەش بەڵگەی زیندوی هەڵسوکەوتی یەکێتی‌و پارتی دەردەخات بۆ دەمکوتکردن‌و سەرکوتکردنی دیموکراتیەت! چونکە هەموومان سیاسەتی (تواقف)مان دیت کە چۆن لە تەواوی دامودەزگا حیزبی‌و ئیدارییەکاندا برابەشی خۆیان هەر لە ئاستی دیاریکردنی پێگەی دەسەڵاتی (تاڵەبانی‌و بارزانی)ەوە تا دەگاتە دوایین خاڵی (تەوافوق)ی پارێزگاو قەزاو ناحیەو سەندیکاکاندا، بێ گوێدانە ڕای گشتی کۆمەڵگا نادیموکراتیەتی خۆیان بە یەکجارەکی سەپاند!

هەروەک وتمان کەڵەکەبوونی هەموو ئەو هەنگاوە نادیموکراتیانەی یەکێتی‌و پارتی‌و گەندەڵیی کاری ئیداریان وایکرد کە ڕۆژ بە ڕۆژو ساڵ بە ساڵ دەنگۆی گــۆڕان‌و چاکسازییەکان لە فیکری هێڵێکی سیاسییەوە بگوازرێتەوە بۆ ناو شەقامی کوردی‌و بەرەو ڕای گشتی ببات، هەربۆیەشە لەم چەند ڕۆژانــەدا ئەو دەنگۆی ناعەدالەتییە هێندە زەق بووەوە سەرەتا لەناو هەناوی مەکتەبی سیاسیی (یەکێتی)دا سەری دەرهێنا، بەڵام وەک وتمان دەنگۆی گــۆڕان‌و چاکسازیی ئەمڕۆ تەنها وابەستە نییە بە جەوهەری ناعەدالەتیی تەنها حیزبێک، چونکە ئەم هەنگاوی ناعەدالەتییە هەردووکیان بە دەرەجەی یەک تێیدا بەشدارن، هەربۆیەشە لەدوای ڕودانی بارگرژیی ناو مەکتەبی سیاسیی (یەکێتی)، پارتی نەیتوانی بێدەنگیی خۆی نیشان بدات، هەربۆیە بەپەلەو بێ دواکەوتن نوێنەری باڵای خۆی بۆ شاری سلێمانی‌و لەوێشەوە بۆ بەغدا بۆلای (تاڵەبانی) بەڕێکرد، چونکە (پارتی)ش وەک کارەکتەری شەریک لە ڕێککەوتننامەی ستراتیژی لە بــواری پێگەی دەسەڵاتی سیاسی‌و بەرژەوەندییە باڵا ئابوورییەکاندا پشکی خۆی هەیەو بەشدارە، ناچاربوو کە بەشداربێت بۆ تیمارکردنی ئەو نەخۆشییەی کە لە هەناوی گەندەڵیەتی هەردوولادا هەیە، (٧٣) سەعات هەردوولایان واتا (یەکێتی‌و پارتی) لە ژوری ئینعاشدا بمێننەوە!!

دەربڕینی ئەم هەقیقەتانە ئەوە ناگەیەنێت کە ئێمە خۆشحاڵیی خۆمان بۆ ئەو ڕوداوانە دەردەبــڕیــن کە لە ئایندەدا توندوتیژی‌و ماڵوێرانی بۆ کۆمەڵگای لێبکەوێتەوە! بەڵام لە هەمانکاتیشدا نابێت ئەوە لە کۆمەڵگا شاراوە بێت کە لەدوای ڕێککەوتننامەی ستراتیژیەوە ئەم دوو حیزبە داهاتی ١٧٪ وەک برابەشی حیزبیانە دابەش دەکەن‌و هیچ دەرخستەیەکی ڕون‌و ئاشکرای نییە، حکومەت‌و تەنها حیزب تێیدا برا گەورەیە، کە لە هیچ یاساو بانگەشەیەکی دیموکراتیەتدا نەبووە تەنها حیزب بــراگــەورە بێت، بوونی سیاسەتی ئەمڕۆی براگەورەیی حیزب لەناو کۆمەڵگادا جگە لە ترسان‌و تۆقاندن‌و نادیموکراتیەت، هیچی دیکە ناگەیەنێت!!

ئەم دوو حیزبە لەدوای ڕێککەوتنە دوو قۆڵییەکەیانەوە هەمیشە بە چاوی کۆمەڵگایدا دەدەنەوەو دەڵێن ڕێککەوتنی ستراتیژی نێوان (یەکێتی‌و پارتی) مانای یەکخستنی وتارو یەکدەنگی ماڵی کورد دەگەیەنێت، بە نمونە هێنانەوە دەتوانین بیسەلمێنین کە لەڕوی جەوهەری جوڵانەوەی هــەردوولا لەڕوی ناخەوە لەگەڵ یەکتردا زۆر دورە لە ڕاستییەوە! چونکە هەر لەم ماوەیەدا هاتنی دیبلۆماتکاری ئێرانی واتــا وەزیــری دەرەوە (مەنوچهر موتەکی) بۆ هەولێرو سلێمانی‌و کردنەوەی قونسولیەتی ئێران لەبن دەسەڵاتی ئیدارەی (یەکێتی‌و پارتی)دا، بەڵگەی زیندو دەردەخات کە لە جەوهەردا تا ئێستا هەرێمی کوردستان دوو ئیدارەیە نەک یەک ئیدارە، چونکە لەڕوی یاساییەوە دەبێت یەک قونسولیەت هەبێت‌و ئەویش دەبێت پێگەی لە مەرکەزی ئیدارەی ئەو شوێنە بێت نەک لە دوولا..!! کەواتە هەنگاونانی دیبلۆماتکاری ئێرانی زەنگێکی تەواوبوو بۆ دەرخستنی دوو ئیدارەیی ئەمڕۆی نێوان (یەکێتی‌و پارتی)...!!

لــەو حاڵەتە بارگرژییەو بۆ ئــەوەی بەتەواوی ئەو هەنگاوە نەبێتە ڕای گشتی‌و شەقامی کــوردی بەتەواوی نەجوڵێت، لە دواساتەکانی هێوربوونەوەی ئەو بارگرژییە سەرۆکی هەرێمیش وتی: ئەم هەنگاوو ڕوداوە بارگرژییە نەک تەنها زەرەرە بۆ یەکێتی، بەڵکو لە هەمانکاتدا زەرەریشی هەیە بۆ پارتی! گەر لەڕوی هەڵسوکەوتی هەردوولایەنەوە بە مەنتقی بڕوانینە ئەم قسەیە، دەبینین ئەم قسەیە دەقــاودەق ڕاستە، چونکە هەردوولا واتــا یەکێتی‌و پارتی لــەدوای ڕێککەوتنی ستراتیژییەوە، هەمیشە شینگێڕیانە بۆ لەدەست نەدانی پێگەی دەسەڵاتی سیاسی‌و دابەشبوونی ڕێژەی ١٧٪ی داهاتی هەرێم لەناو خۆیاندا..! بۆیە دەبێت بزانین کە دەنگۆی ئەمڕۆی گۆڕان‌و چاکسازیی زۆر جیاوازترە لەوانەی ڕابردوو، بۆیە هەنگاوی گۆڕانەکانی ئەمڕۆ لە بەرژەوەندیی هیچ لایەکیاندا نییە، هەربۆیە دووقۆڵی واتا (یەکێتی‌و پارتی) لە مەیدانی دژایەتیکردنی ئەم کاروانەدان! بەڵام با بپرسین ئایا ئەم دەنگۆیە کە ئێستا شۆڕبووەتەوە بۆ ناو ناخی هەموو تاکێکی کۆمەڵگاو چین‌و توێژەکان، هەروا بە ئاسانی‌و هێوربوونەوەیەک بە بەڵێنی سەرەتایی‌و شەفەهی دەکرێت چاوەڕوانی چاکسازیی بنەڕەتی حیزبی‌و ئیداریی لە هەردوولا بکرێت؟ کە کاتێک هەردوولا خۆشیان باش دەزانن بە هەنگاونانی چاکسازیی حیزبی‌و ئیداریی لەڕوی گەندەڵییەوە لەدژی بەرژەوەندییە باڵاکانی سیاسی‌و ئابووری خۆیانە.. ئایا ئەوان بە فعلی ئامادە دەبن ئەم هەنگاوە بنێن لەپێناو کۆمەڵگادا؟! یان دەبێت کاروانی گۆڕان‌و چاکسازیی لەگەڵ کۆمەڵگادا بەردەوام بێت بۆ گۆڕان..؟!

# دەنگە نەبیستراوەکان کەی دەبیسترێن؟

بەهرۆز ڕەئوف

هەڵبژاردنێکی گرنگ بەڕێوەیە بۆ ئەم هەرێمەی خۆمان (کوردستان) بەوپێیەی وابڕیارە چەند لیستێکی جیاوازو سەربەخۆو هاوپەیمانی نوێ بێتە مەیدانەکەوە، ئەمەش پرۆسەی هەڵبژاردنەکە گەرموگوڕتر دەکـات‌و کە دەتوانرێت پێشبینی ئەوەی لێبکرێت جۆرێک لە گۆڕان لەم هەرێمەدا بێنێتە کایەوە هەر لەلایەنی ئابووری‌و گوزەرانی خەڵکەوە هەتا پەرلەمان‌و حکومەتیش، بەو بەڵگەیەی هاتنەکایەی چەند لیستێکی جیاواز بۆ نێو هۆڵی پەرلەمان پاش سەرکەوتن، ئەوکات دەنگێکی بوێر لە بەرامبەر ئەو گەندەڵییەی بەرۆکی هەرێمی کوردستانی گرتووەتەوە بەرز دەبێتەوەو لەهەمانکاتدا لەبەرامبەر ئەو بەفیڕۆدانەی سامانە زۆرو زەوەندەی وڵات کە چەندین ساڵە تەمەنێتی چاوەکانی هەڵدەبرێت، لەلایەکی ترەوە دەسەڵات‌و داهاتی ئەم وڵاتە لەنێو ئەوبازنە قەتیسکراوەدا دەردەهێنرێت بەو مەرجەی بەدەنگمان لە ڕابردوومان بکۆڵینەوەو پرسیار لە ئایندەمان بکەین. بۆیە گرنگە هاوڵاتییانی کوردستانیش بە گرنگیەوە لە ڕۆژی ٥/١٩ بڕوانن‌و بەرەو پیرییەوە هەنگاو هەڵبگرن، بۆیە لێرەدا پێویستە ئەوە لە بیرنەکەین ئاگامان لە دەنگەکانمان بێت کە بۆ کوێمان دەبات‌و چ ئایندەیەکمان نیشاندەدات، گرنگە لەوەش تێبگەین ئەمڕۆ کوردستان پێوستی بەوەیە بەرگێکی نوێی بە بــەردا بکەین‌و تامەزرۆیە بەدەنگی نوێ‌و بە سیستمی نوێ‌و بە چاکسازی نوێ لە بچوکترین دامەزراوەوە تا گەورەترین دامەزراوەی وڵات چاوەڕوانی هیمەت‌و قــۆڵ‌و بــازوی ئێمەیە، ئەوەشی لە هەمووی گرنگترە ئەوەیە کە پێویستە خوێندنەوەیەکی واقیعانە بۆ ڕابردوو بکەین‌و وردو ژیرانە نوکی قەڵەم لە ناوی پاڵێوراوەکە بسوین، چونکە دەنگی من‌و تۆیە بڕیاردەدات کێیە لە ئایندەدا حوکمی وڵات دەکات، هەر من‌و تۆشین توانای دەستنیشانکردنی کەسە گەندەڵەکانمان هەیەو تیکە حەرامەکان لە قورگیان دەربێنینەوەو وەلایان بنێین‌و چیتر ڕێگا نەدەین یاری بە عەقڵمان بکەن.



# دابەشکردنی سامانی سروشتی لە عێراقی فیدراڵدا

ڕێبین محەمەد سۆفی

سامانی سروشتی زۆرو زەوەندی دەوڵەتی عێراق، لە ئەنجامی خراپ بەکارهێنانیدا لە تـەواوی سەدەی رابـردوو، لە سەردەمی پاشایەتیو کۆماریدا بەتایبەتی لە سەردەمی رژێمی بەعسدا، گەلانی عێراق لێی سودمەند نەبوون.

عێراق ساڵی ١٩٢٥ بۆ یەکەم جار عەقدی ئیمتیازی سەبارەت بە نەوت لەگەڵ بەریتانیای داگیرکەردا مۆر کرد، لە سەردەمی کۆماریدا یەکێک لە دەستکەوتەکانی شۆڕشی ١٤ی تەموز یاسای نیشتمانیبوونی نەوتی عێراق بوو، کە بە یاسای ژمارە (٨٠) ناسراوە، بەڵام ئەم یاسایە بەتەواوی نەوتی عێراقی نیشتمانی نەکرد، بەڵکو ٩٥٪ی زەوییەکانی گرێبەستی نەوت لەو بازنەیە بوو، کە بیری نەوتی لـێ نەدرابوو نیشتمانی کرابوو، ٥٪ی پاشماوەکە لە بیرەکانی دی سودی لـێ وەردەگـیـرا، خرایە بەردەستی کۆمپانیای عێراق، بەم واتایە یاسای ژمـارە (٨٠) بە یاسای ٩٥٪ ناسرا، لە ساڵی ١٩٧٢ ئەحمەد حەسەن بەکر، سەرکۆماری عێراق، کۆمپانیا نەوتییە ئەمریکاییەکانی لە بەشی ٥٪ی نیشتمانی کرد، بەڵام خەڵک خێری لەو داهاتەی نەوت نەدی، لەبەر سیاسەتی شەڕخوازانەی رژێمی حیزبی بەعسی لەناو چوو لەگەڵ خەڵکی کوردستانو دراوسێیەکانی عێراقدا، تا وای لـێهات ئابووری عێراق داتەپیو عێراق ئەگەر سەردەمێک فرە بەرهەمو فرە داهات بوو، بەڵام لەگەڵ وێرانکردنی (٤٥٠٠) گوندی کـوردسـتـانو لەناوبردنی زۆرینەی دارخورماکانی باشوری عێراق، کەرتی کشتوکاڵی لە عێراقدا بەرهەمی نەما، هەروەها کارگەکانی پیشەسازی دەوڵـەت هەموو خرایە خزمەتی جەنگەکانی عێراقو کەرتی گەشتوگوزار هەموو پەکیان کەوت، لە ئاکامدا عێراق تاکە سەرچاوەی داهاتی بۆ مایەوە، ئەویش نەوتو غاز بوو، هەر وەک لە بودجەی ساڵی ٢٠٠٣وە تا ساڵی ٢٠٠٨ دەرکەوتووە، هەندێکجار داهاتی نەوت ٩٦٪ی بودجەی عێراقی پێکهێناوە، بەپێی راپۆرتێکی وەزارەتی نەوت لە ساڵی ٢٠٠٢ دەوڵەتی عێراق خاوەنی (١١٥) ملیار بەرمیل نەوتی یەدەگە، لەو برەش نزیکەی (٣٠٪ ـ ٤٠٪)ی لە کوردستاندایەو پێشبینی دەکرێت یەدەگی نەوتی عێراق لە داهاتوودا بگاتە (٢٢٠) ملیار بەرمیل، بەمەش پێگەی یەکەم داگیر دەکات لە خشتەی یەدەگی نەوتی جیهاندا، ئەویش پاش ئەو دەرئەنجامانەی لە گەڕان بـەدوای نەوتدا لە بیابانی خۆرئاوا دەردەکەوێت.

لە رۆژانــی نوسینی دەستوری هەمیشەیی عێراقی فیدراڵ، پرسی نەوتو غاز ناکۆکییەکی دژوار بوو لەنێوان لایەنی کـوردی لە لایەکو لایەنی عەرەبیو ئەمریکی لە لایەکی تـرەوە، سەرئەنجام چەند مادەیەک بە نیوەناچڵ لەژێر گوشاری لایەنی کوردی سەبارەت بە نەوتو غاز خرایە دەستورەوە، وەک لە مادەکانی (١١١، ١١٢)دا هاتووە، هەر وەک لە مادەی (١١١)دا دەڵێت: «نەوتو غاز موڵکی هەموو گەلی عێراقە لە هەموو هەرێمو پارێزگاکاندا»، هەر لە برگەی یەکەمی مـادەی (١١٢)دا دەڵێت: «حکومەتی فیدراڵ لەگەڵ حکومەتی هەرێمو پارێزگا بەرهەمهێنەرەکاندا هەڵدەستێت بە بەڕێوەبردنی نەوتو غازی دەرهێنراو لە کێڵگە هەنوکەییەکاندا بە مەرجێک داهاتەکانی بەشێوەیەکی دادپەروەرانە دابەشبکرێت کە بگونجێت لەگەڵ دابەشبوونی دانیشتوان لە هەموو ناوچەکانی وڵاتدا، وێڕای دیاریکردنی بەشێک بۆ هەرێمە زیان لێکەوتووەکان، کە لە لایـەن رژێمی پێشووەوە بۆ ماوەیەکی دیاریکراو یان ئەوانەی بەشێوەیەکی بێدادی بێبەشکراونو زیانیان لـێکەوتووە، دوای ئەوە بەجۆرێک پەرەپێدانی هاوسەنگ بۆ هەموو ناوچە جیا جیاکانی وڵات دابین بکاتو ئەمەش بە یاسا رێک دەخرێت». وەک لەو مادەیەدا بە دیار دەکەوێت.

١- کێڵگەکانی ئێستا کـە بە شێوازێکی هاوبەش لەنێوان حکومەتی ناوەندیو هەرێمەکان بەڕێوە دەبرێت، داهاتەکەشی بەپێی ژمارەی دانیشتوان دابەش دەکرێت.

٢-کێڵگەکانی دواڕۆژ:بەڕێوەبردنی دەکەوێتە دەست هەرێمەکانو ئەو پارێزگایانەی کە بەرهەمهێنو لەناو هیچ هەرێمێکدا رێکنەخراون.

ئەگەر تەماشای دەستوری ٢٠٠٥ی عێراق بکەین، لە مـادەی (١١٥)دا دەڵـێت: «لەکاتی بوونی ناکۆکی لە دەسەڵاتەکانی دیکەی هاوبەشی نێوان حکومەتی فیدراڵو هەرێمەکانو ئـەو پارێزگایانەی لە هەرێمێکدا رێکنەخراون، ئەوا کارپێکردنی یاسای هەرێمەکە پێش دەخرێت»، هەروەها لە برگەی دووەمـی مادەی (١٢١)دا دەسـەڵاتـی هـەرێـم مافی خۆیەتی پیادەکردنی یاسای فیدراڵی لە هەرێم هەموار بکات، لە حاڵەتێکدا ئەگەر ناکۆکی نەگونجان هەبێت لەنێوان یاسای فیدراڵیو یاسای هەرێمدا، سەبارەت بەو پرسەی کە ناچێتە ناو تایبەتمەندییە حەسرییەکانی دەسەڵاتە فیدراڵییەکان، واتـە ئەم دەستورە دەرگایەکی فراوانی بۆ دەسەڵاتی هەرێمەکان کردەوە، بەتایبەتی لەڕوی بەڕێوەبردنی سـەروەتو سامانی نیشتمانی، هەرێمی کوردستان لە بواری سامانە سروشتییەکاندا، یەکجار دەوڵـەمـەنـدە، زۆربـەی جۆرەکانی سامانی سروشتی تێدایە لە نوسینی دەستوری هەمیشەیی عێراقدا، کورد هەوڵی زۆریدا موڵکییەتی سەرچاوە سروشتییەکانی بۆ دانیشتوانی هەرێم بگەڕێنێتەوە، نەیدەویست چی تر سـەروەتو سامان هەموویان وەک سەردەمی پێشو لە بندەستی حکومەتی عێراقدا بێت، ئەمجارەش بکەوێتەوە بندەستی حکومەتی فیدراڵی عێراق، بەڵام ئەمەی بەتەواوی بۆ نەچووە سەر، بەتایبەتی موڵکایەتی نەوتو غاز نەتوانرا بکرێتە موڵکی هەرێمی کوردستان بەجۆرێک رێککەوتن کە نەوتو غاز لە هەر کوێیەک بێت، ئەوە موڵکی هەموو عێراقییەکانە، دیارە ئـەوە مەبەستی سیاسی لەپشتەوە بـوو، بـۆ ئـەوەیـان بـوو هەرێمی کوردستان بەجۆرێک لەگەڵ مەرکەز گرێ بدەن تا بواری جیابوونەوەی لە عێراقدا بۆ نەمێنێت، بـەڵام لەو کێڵگە نەوتییانەی کە لە داهاتوودا لە هەرێمی کوردستان دەبینرێتەوە، بەپێی مادەکانی (١١٠، ١١٢، ١٢١)ی دەستوری عێراق، حکومەتی هەرێمی کـوردسـتـان مافی بـەڕێـوەبـردنو بە یاساکردنی نەوتی هەیە، دیارە پێشتریش کردویەتیو مادەی (١٤١)ی دەستوریش دانی پێداناوە، هەر وەک مەحمود مـەشـهـەدانـی، سەرۆکی پێشوی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا کە لە هەولێر سـازی کـرد، رایگەیاند: بەپێی دەستوری عێراق کورد مافی بەستنی گرێبەستی هەیە لەگەڵ کۆمپانیا بیانییەکاندا، لە کۆتایی ئەم نوسینەدا بەو ئەنجامە دەگەین کە سامانی سروشتی لە عێراقی فیدراڵدا بەپێچەوانەی جاران، بەپێی دەستوری فیدراڵی لە بەرژەوەندی گەلی عێراق رێکخراوە، هەرێمی کوردستانیش جگە لە داهاتی نەوتو غاز کە موڵکی هەموو گەلی عێراقە، ئەوانی تری بۆ گەڕاوەتەوە.

**سەرچاوەکان:**


لوتفوللا مەیسەمی، و: هێمن مەحموود، یاسای نەوتی عێراق، رۆژنامەی میدیا، ژمارە (٣٣٣)، هەولێر، بەشی یەکەم، ٢٠٠٨/٤/٨، ل ١٨.




# کێ بەرپرسە لە سوکایەتیکردن بە قوربانییەکانمان؟

ئاسۆ ئەمین

چەند ساڵێکە دیاردەیەکی ناشرینو مەترسیدار لە کۆمەڵگای کوردیدا سەریهەڵداوە، دیاردەیەک کە لە هەردوو ئاستی سـۆسـیـۆلـۆژیو سیاسیدا پێویستی بە چەندین خوێندنەوەی جدییو تایبەت هەیە، ئەوەی دەبینرێتو دەبیسترێت، فینۆمینی سوکایەتیکردنە بە قوربانیو شەهیدانمان، سوکایەتی بە مێژوویەک کە پڕیەتی لە گیانبەخشینو بـەرخـودان، زۆربـەمـان رۆژانــە ئەو دیاردە قێزەونو نامرۆییەی کۆمەڵگای کوردی دەبینین، کە چۆنو بە چەندین شێواز کەسانێکی نەفس نزم خەریکی گـاڵـتـەکـردنو سوکایەتیکردنن بە خەڵکانی: کەسوکاری ئەنفالکراو، کیمیاوی لـێـدراو، خەڵکانێک کە لە بەرنامە دۆکۆمینتارییەکانی کەناڵەکانی راگەیاندندا لەبارەی کارەساتەکانیانەوە بۆ مێژوو دەدوێـن، سـەدان شێوازی گاڵتەکردن بە خوشکو دایکو باوکی کەسوکاری ئەنفالکراو ئێستا لە مۆبایلی زۆرێک لە خەڵکیدا دانراوەو شەوو رۆژ خەریکی ئەمجۆرە گاڵتەکردنەن.

ئێمە لە ئاستە زاتییەکەدا هەقی خۆمانە زۆر دڵگرانبین بەمجۆرە سوکایەتیو گاڵتەپێکردنانەی کە بەرامبەر قوربانییە عەزیزەکانمان دەکرێت، حەقمانە بێتاقەتبین بەوەی کـە کەسێکی کاڵفام دەنـگـی خۆی گۆڕیوە بۆ ژنێک کە لەنوگرە سەلمان منداڵە تازەبووەکەی بەدەستی خۆی فڕێداوەو هەر بە بەرچاوی خۆشیەوە سەگ خواردویەتی، ژنێک کە هەرچی سوکایەتی هەیە بەسەریاندا هێناوە، هــەزاران شتی قـێـزەون کە رۆژانـە بەرگوێمان دەکـەوێـت، بـەڵام کاری سەرەکی ئێمە لێکۆڵینەوەی زانستیو گەڕانە بەدوای ئەو هۆکارە بابەتیانەی کە وایکردووە سوکایەتیو بێنرخکردنی قوربانییەکانی خۆمان بکەینە شەوچەرەو حیکایەتی ناوپاسو ناو تاکسی.

ئەم دیاردەیە (سوکایەتیکردن بە قوربانیی خۆت)، دیاردەیەکی نێگەتیڤی تازەیەو لە هەموو دنیادا شتێکی غەریبو نامۆیە، لە مێژووی نەتەوەی کوردیشدا ئەوە چەند ساڵێکە ئەم دیاردەیە هەستی پێدەکرێت، لەگەڵ ئەوەشدا هەتابێت زیاتر بڵاودەبێتەوەو جـۆری نوێی سوکایەتی بە قوربانیی ئەم نەتەوەیەدا دەهێنرێت.

کێ بەرپرسە لەم سوکایەتیانە؟

هـەمـوو نـەتـەوەیـەک خـاوەنـی بزوتنەوەیەکی سیاسی (ناسیۆنالیزم)ی خۆیەتی، ئێمە بڕوامان بەوەیە کە (ئەوە ناسیۆنالیزمە نەتەوە دروستدەکات نەک بەپێچەوانەوە)، هەموو ناسیۆنالیزمێک ئامانجی سەرەکی پاراستنی کلتوری نـەتـەوەیـە لـەنـاو چوارچێوەیەکی سیاسیدا، بە واتایەکی تر ناسیۆنالیزم تـەواوی مەسئولیەتی پاراستنی کلتوری نـەتـەوەی لەئەستۆدایە، مێژووش گەورەترین بەشی کلتوری هەموو نەتەوەیەکە، تەنانەت هەندێک کۆمەڵناسو فەیلەسوف بـاوەڕیـان بـەوەیـە کە بـەرواری لەدایکبوونی مێژوو هاوکاتە لەگەڵ لەدایکبوونی نەتەوەدا، نەتەوەش لەگەڵ لەدایکبوونی ناسیۆنالیزمدا لەدایکدەبێت. بەشێکی گەورەی لەبیرنەکراوی مێژووی کورد، مێژووی قوربانیدانو خوێنە، مێژووی مامەڵەکردنی رۆحو کەرامەتی هەزاران مرۆڤی بەرزو گیانفیدایە لە بەرامبەر ئازادیی نەتەوەکەیدا.

گەر لە سۆسیۆلۆژیاوە بڕوانین، ناسیۆنالیزم لەسەر سیستمی تیۆریی ئۆتۆپسی (autopsy) کاردەکات، بەپێی ئەم سیستمە ناسیۆنالیزم خۆی بەرپرسە لـە ژیـانـدنـەوەو دروسـتـکـردنـەوەی خۆی، خۆی بەرپرسە لە رێزگرتن لەو مێژووەی کە بنیاتی ناوە، خۆی دەبێت لەگەڵ گۆڕانەکان بگونجێتو سودیان لێوەرگرێت.

ئەوەی لای ناسیۆنالیزمی کوردی نایبینین، کارنەکردنە بەم سیستمە (ئۆتۆپسی)، شکانو لەکارکەوتنی بەشەکانیەتی، بێتوانابیەتی لە خۆگونجان لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی دەرەوەی، گـۆڕیـنـی ئامانجە گـەورەکـەی کە دروستکردنی بەهەشتێک بوو لەسایەی دەوڵەتێکی کوردیدا بۆ هەزاران ئامانجی غەریزیو زاتـی، کە لە بەتاڵانبردنو هێنانەوەی بەعسو دەرکەوتنی هەزاران فایل... بەتەواوی خۆی مانیفێستکرد.

لە ئاستە سۆسیۆلۆژییەکەدا هەموو ناسیۆنالیزمێک خاوەنی کۆمەڵێک حـەرامو حەڵاڵی تایبەت بەخۆیەتی، کۆمەڵێک هێڵی سوری کلتوری هەیە کە ئەگەر ناسیۆنالیزم کار بۆ پاراستنیان نەکات، بەر لە هەمووشت ناسیۆنالیزم خـۆی بێبایەخ دەبـێـتو دەخرێتە زبڵدانەوە.

لە کۆمەڵگای کوردیدا (گاڵتەکردن بە قوربانی) هۆکاری بابەتی تایبەتی هەیەو بەرپرسی سەرەکی ئەم دیاردە دزێوە بە پلەی یەکەم هەردوو حیزبی ناسیۆنالیستی دەسەڵاتداری کوردییە (پارتیو یەکێتی).

چەندین ساڵە ئەم دوو حیزبە کار لەسەر بێبایەخکردنی قوربانیدانو خەباتو کەرامەتی مرۆڤی کورد دەکەن، ئەوەی پێی بوترێت حەرامو حەڵاڵی نەتەوە، ئەمان نەک پاراستیان، بەڵکو خۆیان بەر لە خەڵکی سەرجادە شکاندنیانو بڕوایان پێی نەماو کەوتنە نابوتکردنیان.

ئـەم دوو حـیـزبـە، تـەنـانـەت میدیاکانیان، روداوە سادەکانی رۆژانە دەشوبهێنن بە کارەساتە گەورەکانی کوردو بە مورادیفی یەکتری دادەنێن، ناونانی (ئەنفلۆنزای بـاڵـنـدە) بە ئەنفالو مرداربوونەوەی مریشکێک بە مورادیفی ئەنفالکراوێک... هەموو ئەمانە بەڵگەی ئاشکران لەسەر ئەوەی کە هەردوو حیزبە دەسەڵاتدارەکەو میدیاکانیان بەرپرسی یەکەمن لەم دیـاردە خەمناکە. بەردەوامبوونی هـەیـمـەنـەو دەسـەڵاتـی حیزبیو نادەزگایی ئەم دوو حیزبە، هەروەها بەردەوام کارکردنیان بۆ کاڵبوونەوەی چوارچێوە نەتەوەییەکە، نەبوونی هیچ پێوەرو دادگایەکی نەتەوەیی لە کوردستان، ئەنجامەکەی جگە لە سوکایەتیکردنی زیاترو زیاتری قوربانیانی ئەم نەتەوەیە، هیچی تری لێناکەوێتەوە.



# گریان، یان هەڵپەڕین بۆ راپەڕین

ئاراس عومەر

ئەم چەند رۆژەی كە پیایدا تێدەپەڕین یادی یەكێك لە گەورەترین خاڵەكانی وەرچەرخانە لە مێژووی خەباتی چەند ساڵەی گەلی كورددا، خاڵێك كە خەباتی چەند ساڵەی چەكداریو دەربەدەری لە راپەڕیندا كۆكردەوەو گەلەكەمانی بەرەو قۆناغێكی تر ئاراستە كرد، قۆناغی بنیاتنانی حكومەتو پەرلەمانو هەڵبژاردنو بەڕێوەبردنی كورسیو پۆستەكانی دەسەڵاتو مومارەسەكردنی ژیانی دیموكراسیو.... هتد بوو.

تا ئێرە جێگای دڵخۆشییە، ئەو روداوو یادەوەرییە مەحاڵە لە زهنو بیری هەر یەكێكماندا بە ئاسانی بسڕێتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا بە بەراورد بە هەموو شۆڕشەكانی تری دنیا، (ئەوانەی كە گەشتونەتە ئامانج)، شتێكی ئاساییەو سەیر نییە، شۆڕشێك بە راپەڕینو لە گۆڕانی سیستمێكی دیكتاتۆرو زاڵم كۆتایی بێت، هەروەها سەیر نییە، گەر لەو كاتەداو بۆ ماوەی چەند ساڵێكی دواتریش لەو یادەدا خۆشیمان دەربڕیبێتو ئامادەی ئەو كۆڕی هەڵپەڕینو خۆشیانە بووبین كە بۆی رێكخراوە، بەڵام بەڕاستی دوای (١٨) ساڵ لە حوكمو مومارەسەی دەسەڵات ئاسایی نییە نیوەی داهاتی میللەت بچێتە گیرفانو قورگی دوو حیزبو شێخو دیوەخانو رێكخستنی بێسودەوەو ئێمەش بۆ راپەڕین هەڵپەڕین.

حكومەتمان نیوە یەككگرتوو و نیوە یەكنەگرتوو بێتو بۆ یادی راپەڕین هەڵپەڕین، پەرلەمانمان پڕ بێت لە موریدی پابەندی حیزبو ئێمەش بۆ راپەڕین هەڵپەڕین.

كەركوكو هەموو شارو شارۆچكەكانی تری دوای پرۆسەی رزگاری چارەنوسیان رون نەبێتو كەس نەزانێت چییان بەسەر دێتو بچین بۆ راپەڕین هەڵپەڕین.

شارو شارۆچكانمان بێ خزمەتگوزاری بنو یەك خوێندنگا سێ دەوامو یەك پۆل (٤٠) خوێندكاری تیا بێت، ئێمەش بچین بۆ راپەڕین هەڵپەڕین.

زۆربەی كۆمپانیاكانمان حیزبی بنو خەریكی پرۆژەی نیوە ناچڵو تەندەری بێ مونافەسەو حەپەلوشكردنی مافی خەڵك بن، ئێمەش بچین بۆ راپەڕین هەڵپەڕین.

كارەبامان نیوە ئەهلیو نیوە حكومیو نیوە ناچڵ بێتو بچین بۆ یادی راپەڕین هەڵپەڕین.

رێگاوبانو ئاوو ئاوەڕۆمان لە ئاستێكی نزمو خراپدا بێتو تەنانەت لە ٪٨٠ی رێگاوبانەكان هی سەردەمی بەعس بنو بۆ یادی راپەڕین هەڵپەڕین.

كەسوكاری شەهیدانو ئەنفالكراوان لەوپەڕی كەمخزمەتیدا بنو بۆ یادی راپەڕین هەڵپەڕین.


دائیرەو دەوائیرمان نوقمی رۆتینو واسیتەو مەحسوبییەت بنو بۆ یادی راپەڕین هەڵپەڕین.

لادێو كشتوكاڵمان رو لە وێرانە بێتو بۆ یادی راپەڕین هەڵپەڕین.

زانكۆمان ساڵی چەند لێكۆڵینەوەیەكی بەسودی تیا نەكرێتو شوێنی تەراتێنی قوتابیو خوێندكاری قبوڵ خاس بێتو ئێمەش بچین بۆ راپەڕین هەڵپەڕین.

نیوەی داهاتی میللەت بچێتە گیرفانی وەزیرو ئەندام پەرلەمانی خانەنشینەوەو نیوەی دەرچوانی زانكۆش بێكارو لەسەر جادە بنو ...هتد، ئێمەش بۆ راپەڕین هەڵپەڕین.

میللەتێك دوای ئەم هەموو گەندەڵییە، دوای ئەم چەند ساڵە دورو درێژەی مومارەسەی حكومەت بەو شێوەیەی كە دەیبینن، هێشتاكە خەریكی هەڵپەڕین بێت بەڕای من كارەساتە، تا ئێستا نازانرێت بۆچی ئەو خەڵكە بۆ داواكردنی مافەكانیانو ئەوانەی باسمان كرد، بەو ژمارە زۆرە هەرگیز یەكناگرنو خاوەنی بچوكترین یاداشتو پرۆژەی یەككگرتوو نین، كەچی بۆ هەڵپەڕكێ لە چاوتروكانێكدا هەموو ئامادەن! بەڕاستی ئەمە جێگای تێڕامانو لێوردبونەوەیە، پرسیار ئەوەیە، ئەم دۆخەو ئەم یادە حەقی گریانی هەیە، یان هەڵپەڕین!؟



# راپەڕینو بەرپرسیارێتی

عەزیز رەئووف

چركەساتی راپەڕین ئەو چركەساتە بوو، كە هەموو بە دەستەجەمعی دوژمنی خۆمان دەناسیو كۆك بووین لەسەر ئەوەی، كە ئەم رژێمە درندەیە شایەنی ئەوەنییە حوكمی ئێمە بكات، چركەساتی راپەڕین ئەو چركەساتە بوو كە هەموو وەك یەك بیرمان دەكردەوەو ئومێدی خۆمان لەسەر ئەو پێشمەرگانە هەڵچنیبوو، كە لە سنورەكانەوە ئاودیوی هەرێم بوونو پێش ئەوەی بگەنە نێو شارەكان، جەماوەر راپەڕیبوو.

لێرەوە راپەڕین چەندین وانەی گرنگی فێركردین، ئەوەی لەو سەردەمەدا بۆ جەماوەر گرنگ بوو، ئەوەبوو بەگژ موستەحیلدا دەچووەوە، ئەستەم بوو بە خەونیش باس لەوە بكرێت، كە رژێم لەبەردەم جەماوەردا هەڵبێت، ئەمە بەو مانایەی كە ئەم رژێمە پایەكانی هێندە بەهێز بوو، كە وایكردبوو باوەڕ بەوە نەكەین، كە رۆژێك بێت ئەم رژێمە لەبەر جەماوەردا هەڵبێت، بەڵام ئێمە لەو سەردەمەدا زۆر گوناهـ بوین، هەموو ئومێدی خۆمان لەسەر پێشمەرگە هەڵچنیبوو، كە حوكمی ئێمە بكەن. ئەو ئومێدەی وردە وردە رەوییەوەو كۆمەڵانی خەڵك گەیشتنە ئەو راستییەی كە پیاوانی شاخ دنیایەك ناشرینییان لەگەڵ خۆیاندا هێنایە نێو شارو ئیدی لە شارەوە ململانێ ناتەندروستەكانی پارتە كوردییەكان، بەتایبەتی یەكێتیو پارتی دەستی پێكردو دەرئەنجام هەر پێشمەرگەكان بوون، لەدوای راپەڕینەوە كەوتنە فەرهودكردنی شتومەكەكانی دامەزراوە حكومییەكان، لەوانە شۆفڵو ئۆتۆمبیلی كارگەكانو پێداویستی كارەبا، گەر زیادەڕۆیم كردبێت بڵێم: پێشمەرگە دەستی لەم كردەوانەدا هەبووە، خۆ لانیكەم پێشمەرگە دەیتوانی ئەو شوێنانە بپارێزێتو نەهێڵێت دەستی فەرهودچیانی بەركەوێت. لەپاڵ ئەمانەدا كوشتنی سەربازو ئەمنەكانی رژێمی بەعس هێندەی تر لە قودسیەتی راپەڕینی لەو سەردەمەدا كەمكردەوە، بە جۆرێك كوشتنی چەندین ئەمنو سەربازی رژێم لە شاری سلێمانی، دەركەوتەیەكی ترسناكی ئەو سەردەمە بوو، كە ئیدی پاش سێ ساڵ شەڕی ناوخۆی لەگەڵ خۆیدا هێنا.

جوانییەكانی راپەڕین لەو سەردەمەدا ئەوە بوو، كە دیكتاتۆرترین پیاوی دنیا ماڵئاوایی لە شارەكانمان كرد، بەڵام ناشرینترین چركەساتەكانی راپەڕین لەدوای ئەوكاتەوە دەستی پێكرد، كە كاتێك وەئاگاهاتین پیاوانی شۆڕش هەموو شتێكی ئەم وڵاتەیان قۆرخ كردبوو، گەر سەدام هەموو مرۆڤەكانی كردبێت بە بەعسی، ئەوا پارتە كوردییەكان هاتنە نێو شارەكانو سەرجەم مرۆڤەكانیان كرد بە حیزبیو ئەوەی كوڕی حیزب بوایە چانسی باشی ژیانی هەبوو، ئەوەی كوڕی حیزب نەبوایە، زۆر بە سانایی لە دەستكەوتەكانی راپەڕین بێبەریی كرا.

ئێستاو پاش تێپەڕینی هەژدە ساڵ بەسەر راپەڕیندا، بەر لە هەر ئانو ساتێكی تر پێویستمان بە خوێندنەوەی ئەو بارودۆخە هەیە، كە قۆناغێكی وەك ئێستای لەگەڵ خۆیدا هێناوە، گەر سەردەمانێك ئێمە بەرامبەر بە سەرسەختترین رژێم راپەڕینمان كردبێت، ئەوا پێشمەرگەكانی دوێنێ بە بیانوی پاراستنی دەستكەوتەكانی راپەڕین، هەموو هەوڵێك بۆ راپەڕین زیندەبەچاڵ دەكەن. گەر دوێنێ كورد بەرامبەر بە سەرسەختترین دیكتاتۆری سەردەم راپەڕیبێت، ئەوا ئەمڕۆ هەر ئەو جەماوەرە پێویستی بە راپەڕینێكی تر هەیە بەرامبەر بە دەسەڵاتێكی گەندەڵ، كە كارەكتەرەكانی كوڕانی شۆڕشی خۆمان بوون، راپەڕینێك دور لە توندوتیژیو خوێنڕشتن، راپەڕین بە مانای كودەتای چەكداریو شەرەتەقەی كۆڵانەكان نا، بەڵكو یاخیبوونێكی بێ توندوتیژیو نەرمونیان، راپەڕینێك كە هەموومان بەرامبەر بە كارەكتەرە گەندەڵو مشەخۆرەكانی ئەم هەرێمە بڵێین نا، ئەمجۆرە لە راپەڕین هەرگیز لە راپەڕینی نەوەدویەك ناچێت، ئەم راپەڕینە پێویستی بەوەنییە بڵێین:(لەزمناكوەوە بۆ ئازاد ١٧٦٠، برادەران ئاگاداربكەرەوە حەوتی مانگ زەماوەند بكەن، ئێمەش دەگەینە لاتان)، بەڵكو ئەمجۆرە لە شۆڕشو راپەڕین پێویستی بە هۆشیارییەكی دەستەجەمعی هەیە، پێویستی بە ئیرادەی هەموومان هەیە، گەر راپەڕین بە مانای تەقەكردنو خوێنڕشتنو تۆڵەكردنەوە هاتبێت، ئەوا لە ئێستادا دەستكەوتەكانی راپەڕین دەبێت هی هەمووان بێتو بۆ ئەمەش زۆر كارت بەدەست جەماوەرەوەیە، لەوانە كارتی دەنگدانو هەڵبژاردن لەپێش هەموویانەوەیە.

ئەوەی لە راپەڕینی نەوەدویەكدا بینیمان، ئەوەبوو كە ئێمە لەو سەردەمەدا سیاسەتمان سپاردە كۆمەڵێك برای (ئار. بی. جی) لە شانی شاخ كە حوكمی ئێمە بكەن، بەڵام ئێستا ئێمە پێویستە دەسەڵاتێكمان هەبێت كە هی هەمووان بێت، نەك دەسەڵاتێك نوخبەیەكی دیاریكراو داگیریان كردبێتو بە بیانوی پاراستنی دەستكەوتەكانی راپەڕین هەموومان بێدەنگ بكەن.

AZIZRAUF2003@YAHOO.COM

**ونبوون**

وەسلێك بەناوی (عاسی فەتاح كاكە عەبدوڵڵا) بە ژمارە (٩٣٣٢٤٦) لە (٢٠٠٨/١٢/٢٨) ونبووە هەركەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە بۆ كتێبخانەی ئاران لە چەمچەماڵ.

**ونبوون**

پێناسێكی دەزگای شەهیدان بەناوی (ئەكرەم حسێن محەمەد) بە ژمارە (١٤٣١) كە وارسی شەهید بریتییە لە (رابیعە حەمە ئەمین رەزا) هەركەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە بۆ كتێبخانەی ئاران لە چەمچەماڵ.

حكومەتی هەرێمی كوردستان
وەزارەتی داد
دادگای باری كەسیەتی سلێمانی/ ٢

ژمارە: ٣٥٤/ش/٢٠٠٩
رۆژ: ٢٠٠٩/٣/٨

**(ئاگانامە)**

داواكار: رۆژە أمیر محمد
داوالێكراو: دڵشاد نوری عبدالله
داواكار (رۆژە أمیر محمد) داوایەكی بە ژمارە (٣٥٤/ش/٢٠٠٩) لەم دادگایە تۆمار كردووە لە سەرت، وە لەم داوایەدا هاتووە كە داوای جیابوونەوە بەهۆی ناكۆكی و نەگونجان.
وە لەبەر نادیاری شوێنی نیشتەجێ بوونت، دادگا بڕیاری دا ئاگادارتان بكاتەوە بەهۆی دوو رۆژنامەی ناوخۆی رۆژانەوە بۆ ئامادەبونتان لەبەردەم ئەم دادگایە لە رۆژی دادبینی كە دەكەوێتە بەرواری (٢٠٠٩/٤/١٥) سەعات (٩,٣٠)ی سەرلەبەیانی، بە پێچەوانەوە ئامادە نەبن خۆتان یان بریكارێ نەنێرن ئەوا دادگا داواكە ئەبینێ بەپێی یاسا.
داوالێكراو: دڵشاد نوری عبدالله

**دادوەر**
**عمر أحمد محمد**

ئەنجومەنی دادوەری
دادگای تێهەڵچونەوەی ناوچەی سلێمانی
دادگای بەرایی پشدەر

ژمارە: ١٠٣/ب/٢٠٠٩
بەروار: ٢٠٠٩/٣/٤

**(ئاگانامە)**

داواكار/ محمد رسول محمد امین
داوالێكراو/ راستگری تۆماری باری شارستانی پشدەر/ وێڕای كارەكەی
داواكار (محمد رسول محمد امین لەبری كوڕە ناكامەكەی دیلان) داوای ژمارەی سەرەوەی لەم دادگایە كردۆتەوە لەسەر راستگری تۆماری شارستانی پشدەر/ وێڕای كارەكەی بۆ گۆڕینی ناوی كوڕە ناكامەكەی لە دیلان بۆ كارۆخ.
وە بەپێی ماددەی (٢١) لە یاسای شارستانی بڕیاردرا بە بڵاوكردنەوەی ئەم ناوگۆڕینە، هەركەسێ مافی رێگرتنی هەیە لەم ناو گۆڕینە با پەیوەندی بكات بەم دادگایەوە لە ماوەی (١٠) دە رۆژدا لەپاش رۆژی بڵاوكردنەوەی لەم رۆژنامەیەدا، وە بەپێچەوانەشەوە ئەم داوایە ئەبینرێ بە گوێرەی یاسا.

**دادوەر**
**سركوت عونی عمر**

**ئاگاداری**

ئاگاداریەك لە كۆمپانیای بەڕێزەوە بۆ هەموو ئەو ئەندازیارو رووپێوانەی كە ئارەزوومەندی كاركردنن لە كۆمپانیاكەمان كە ئێستا پێویستی بە ئەندازیاری شارستانی و رووپێو هەیە بە مەرجێ ئەزموونی دوو ساڵیان هەبێ لەو بوارەدا.
بۆ وەرگرتنی فۆرم با سەردانی كۆمپانیاكەمان بكەن لە بەرواری ٢٠٠٩/٣/٧ تاوەكو بەرواری ٢٠٠٩/٣/١٠.
**ناونیشان/**
سلێمانی ـ شەقامی بازنەیی مەلیك محمود نزیك ئاڵتون مۆڵ.
یاخود ژمارە تەلەفۆنی/
٥٢٥٢ نۆرماڵ و فانۆس
٠٥٣٥٢٥٢ ئاسیاو كۆڕەك

**خاوەنی ئیمتیاز:**
**كۆمپانیای وشە**

**سەرنووسەر:**
**عەدنان عوسمان**
adnan@rozhnama.com

بەڕێوەبەری نووسین
**ئاودێر شێخ عومەر**
b.nusin@rozhnama.com

دەستـــەی نووســـەران
**سیروان رەشید** ٠٧٥٠١٥٢٢٥٢٨ serwan_rm@yahoo.com
**فازڵ نەجیب** ٠٧٧٠١٥٢٦٥٨٣ fazil988@yahoo.com
**هیوا جەمال** ٠٧٧٠١٥٧٦٩٠٦ hewafars@yahoo.com
**فرمان عەبدولڕەحمان** ٠٧٧٠٢٢٣٣٣٠٤ frman802001@yahoo.com

ئۆفیسی هەولێر
**ئیبراهیم عەلی**
٠٧٥٠٤٤٤٧١٠٩

كارگێڕیو ریكلامو ئاگاداری
٠٧٤٨٠١٢١١٤٤ - ٠٧٧٠١٢٠٣٩٤٩
info@rozhnama.com-riklam@rozhnama.com

**دابەشكردن:**
كۆمپانیای نێوەند ٠٧٧٠١٥١٧٥٣٣ - ٠٧٧٠١٥٤٤٧٨٠

**ئۆفیسی سەرەكیی:**
سلێمانی - بەختیاری - پشت بەڕێوەبەرایەتی گشتیی پەروەردەی سلێمانی

**نووسینگەی هەولێر:**
شەقامی سەد مەتری- پشت هۆتێل ئاڤەشین ٠٦٦٢٥٦٩٩٨٥

# ترس لە هەڵبژاردن



سەمیر حسێن

لە کۆمەڵگای تەندروستو دیموکراتو بە بەرنامەدا، بەرنامەکانو کارە سیاسییەکانو دەوڵەتو خەڵک، هەموو بە ئاراستەیەک دەڕۆن، هەموو کەس ئەرکو مافی خۆی دەزانێت، یاسایەکو بەرنامەیەک داڕێژراوە خەڵکیو حکومەت هەموو بەشێکن لەو یاسایە، هیچ کەس ناتوانێت سەرپێچی لەویاسایە بکات، لادان لەو یاسایە بە مانای پێشێلکردنی مافی ئەو دەوڵەتەو ئەنجامدانی تاوانێکی گەورەیە.

لە وڵاتی شێواوو دەسەڵاتی زۆردارو ستەمکارو بێبەرنامەدا، هەمیشە پاساوو مێژوو و شۆڕشو هێرشکردنو ناوزڕاندنو دەرکردنو بێڕێزیکردن دەبێتە سومبولو بنەمای کارکردن، هەمیشە ئەوەی کە نارەواو نادادپەروەریی بێت، ئەنجام دەدرێت بەبێ ڕەچاوکردنی مافەکانی خەڵک، لە هەموو جارێکدا بۆ قسەکردن لەسەر ئەو ڕەوشە نالەبارانە، دەتوانرێت نمونەی کوردستان بهێنرێتەوە، لەوانەیە کەسانێک هەبن باس لەوەبکەن کە بەڕاستی ئەوە بێویژدانییە لە بەرامبەر ئەم بارودۆخە دەکرێت، بەڵام ئەگەر سەیری بەرنامەو کارنامەی وڵاتانو جیهان بکەیت، تێدەگەیتو دەزانیت کارنامەی ئەم حکومەتەو کارکردنی پارتیو یەکێتی بریتییە، لە کارکردنێکی کاتی، کارکردنێک کە هیچ متمانەیەک لەپشتییەوە نییە، ئەوەشی دەکرێت لەژێر فشارێکی زۆردا ئەنجام دەدرێت، هەڵبژاردن پرۆسەیەکە هەمیشە بڕیاری کۆتایی دەدات لەسەر ئەو کەسانەی کە دەمێننەوە.

هەرچەندە پارتیو یەکێتی ئەمڕۆ لە کوردستاندا سەرمایەیەکی باشو بەهۆی قۆرغکردنی ژیانی خەڵکەوە، خەڵکێکی زۆریان لەبەردەستدایەو دەتوانن ماوەیەکی دیکە درێژە بە تەمەنی خۆیان بدەن، بەڵام لەگەڵ ئەوەدا دواخستنی هەڵبژاردنو دروستکردنی کۆنترۆڵکردنی کۆمسیۆنی هەڵبژاردن بۆ ژێر دەسەڵاتیان، ئەمانە هەموو ئاماژەن بۆ ئەوەی کە بەڕاستی پارتیو یەکێتی ترسێکی زۆر جدیان لە هەڵبژاردن هەیە، چونکە هەڵبژاردن پرۆسەیەکە ئەوان هەڵدەسەنگێنێت، ئەوانیش نایانەوێت ئەو دەسەڵاتەی کە هەیانە، لەژێر دەسەڵاتیاندا بڕوات، پارتیو یەکێتی کاتێک ئەو هەڵبژاردنە قبوڵ دەکەن، کە پێش ئەنجامدانی پرۆسەکە دەرئەنجامەکەی بزانن، کاتێک قبوڵی دەکەن کە لە هەموو شتێک دڵنیابن، ئەوان بەو ئاسانییە قبوڵی ناکەن خەڵکی دیکە بێتە ناو هەڵبژاردنەوە، ئەگەریش بزانن ئەو هەڵبژاردنە لە بەرژەوەندیاندا نییە، بە هەموو شێوەیەک بەبێ گوێدانە بنەماکانی دیموکراتیو ڕێککەوتنەکانی نێوانیانو ئەو کۆبوونەوە درێژانەی، کە ئەنجامیان دەدانو خەڵکیو شەقامی گشتی، دەیگۆڕن بەوشێوەیەی کە خۆیان بیانەوێت، چونکە دەزانن بەرگەی هەڵبژاردن ناگرن، چونکە دەزانن پارتیو یەکێتی ئەوەندە بران، ئەگەر ترس نەکەوێتە ناو بەرژەوەندییەکانیان، دەزانن ئەوەندە یەکتریان قبوڵە کە وەکو یەک بن، دەزانن خۆیان چۆن بیردەکەنەوە، خۆیان باش دەزانن تەنانەت بەرگەی هەڵبژاردنەکانی ناو خودی خۆشیان ناگرن، چونکە باش دەزانن لەبەر یەکتر قبوڵنەکردنو خۆ بەخاوەن ماڵ زانینو براگەورەییو دەسەڵات بوو شەڕی ناوخۆ دروستبوو، پانزە ساڵ کەس نەیدەزانی سلێمانی پایتەختی کوردستانە یان هەولێر، کە ناچاربوون ڕێککەوتننامەی ستراتیژی ببەستن، لەبەر هەڵبژاردن بوو نەیانوێرا خۆیان بدەن لە هەڵبژاردنەکانی عێراقو بە بڕو بیانوی جیاجیا دوایانخست، هەر لەبەر هەڵبژاردنیشە پارەو زەویو ئیمتیازەکان دەبەخشنەوە لەسەر حسابی خەڵکی، هەر لەبەر هەڵبژاردنە ئامادەن خوێنی خۆیان بڕێژن.

لەبەرئەوە زۆر ئاساییە هەڵبژاردنەکان دوابخرێن، پارتیو یەکێتی باش دەزانن ئەگەر ئەمجارە هەڵبژاردن بکەن، ئیدی وەکو جاران خەڵکی ناچێت بەدەم سندوقی هەڵبژاردنەکانیانەوە، ئیدی وەکو جاران خەڵکی بەرەو مەڵبەندو لقیان ناچێت، ئیدی ناتوانن ئەمجارە بە بەڵێنی ناڕاست، خەڵکی هەڵبخەڵەتێنن، دەزانن خەڵک چەندە توڕەیە لێیانو نەوەیەک دروستبووە، چاویان ئەوان نابینێت، بەڵام خۆ دەبێت هەر ئەو پرۆسەیەش ئەنجام بدەن، لەوانەیە لەم پرۆسەیەشدا هێشتا خەڵکێکی زۆر مابێت باوەڕی بە پارتیو یەکێتی هەبێت، بەڵام هەردەبێت ڕۆژێک لە ڕۆژان ملکەچی خواستەکانی خەڵکیو کاندیدەکانی خەڵکو ئەو کەسانە ببن، کە بەڕاستی دەیانەوێت گۆڕان بکەنو دەیانەوێت حکومەتدارییی بکەن، نەک میلیشیاگەریی...

# بەرنامەی چەککردنی (PKK) لە هەولێر دەستپێکرد

مەسعود زیلان

لە وڵاتانی مەدەنیدا شتێک هەیە پێی دەڵێن شەفافیەت، ئەوە شتێکە لەلای ئێمە نییە، چونکە ئەمە بەشێکە لە دیموکراسی، ئەمە مافێکە، مافی وەرگرتنی ئەنفۆرماسیۆن، ئێمە ئەو مافەمان نییە، دیارە خەڵکی کوردستان شایانی ئەم مافە نییە، ڕەنگە خەڵکی کوردستان، ڕۆژنامەنوسو میدیاکانی کوردی جێی باوەڕ نەبن، بۆیە ئێمە دەبێت هەموو شتێکو تەنانەت شتەکانی کە پەیوەندی بە خۆمانو وڵاتەکەمانەوە هەیە، لە قەڵەمی تورکیو عەرەبیو خەڵکانی تر بخوێنینەوەو بە ڕێگای میدیای ئەوانەوە بزانین، بەرنامەی چەکپێدانانی (PKK)و دانانی بنکەیەکی هەواڵگری لە هەولێر بۆ بەڕێوەبردنی، ئەم بەرنامەیەش یەکێک لەو نمونانەیە.

وەکو دەزانین پاش ڕوخانی سەدام، لەنێوان تورکیاو عێراقو ئەمریکادا ڕێککەوتنێک مۆرکرا بەناوی میکانیزمای ٣ قۆڵی، ئامانجی ئەم میکانیزمایە یارمەتیی تورکیایە بەرامبەر (PKK).

(PKK) چەند هەزار گەریلای هەیە لە قەندیل، کە تورکیا (بەتایبەتی لە ١٩٩١ەوە) کردویەتی بە بیانو بۆ ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆن لەدوای ئۆپەراسیۆن لەناو خاکی هەرێمی کوردستاندا، بەڵام دەبێت لەبیرمان نەچێت هێزی (PKK) بەس ئەو چەند هەزار گەریلایە نییە کە لە قەندیلن، لە باکوری کوردستان چەند شاخ هەبێت، گەریلا لە هەمووی هەیەو تورکیاو ئەمریکاش باش پێدەزانن، لە جودی لە شاخی تەندورەک، لە دەرسیم، بینگۆل تەنانەت لە ناوچەی دەریای ڕەشیش، گەریلاکانی (PKK) هەن، جگە لە شاخەکان، (PKK) لە گشت شارو شارۆچکەیەکی باکوری کوردستانو لە ناوجەرگەی شارە تورکییەکانی وەکو ئیستەنبوڵ، ئەنقەرە، ئزمیر، ئادەنا، مەرسینو هتد... تەنزیماتی هەیە، تەنانەت لەناو خودی پەرلەمانی تورکیادا (PKK) هەیە، بەڵام دیارە (PKK)ی قەندیل (PKK)یەکی تایبەتە، بۆیە تورکیا گشت تەرکیزی خستووەتە سەر قەندیل!

دەوڵەتی تورکیا تا ئێستا زۆر هەوڵیدا شۆڕشی کوردی تێک بشکێنێت، لەپێناو ئەمەشدا تورکیا تا قورگی چووەتە ژێر قەرزی (IMF) (بانکی نێودەوڵەتی) بۆ کڕینی چەکو جبەخانە، گشت مافی مرۆڤی کورد (تورکیش)ی پێشێلکردو لەسەر ئەمە چەندینجار لەلایەن دادگای مافی مرۆڤەوە مەحکوم کرا، هێشتاش شۆڕشی کوردی پێ لەناونەبرا. ڕێکخراوە تیرۆریستییەکانی وەکو ئەرگەنەکۆنو (JITEM) (دەزگای هەواڵگری جەندرمە)و چەتەی سوسورلوکو ئەوانە، هەمووی بۆ تێکشکاندنی بزوتنەوەی ئازادیخوازی گەلی کورد لەلایەن خودی دەوڵەتەوە دروستکرانو گەلانی تورکیاو باکوری کوردستان بە تورکو کوردو هەموو پێکهاتەیەکەوە، دوچاری دۆزەخێک کران، بەڵام هیچ سودێکی نەبوو، بەڵکو بەپێچەوانەوە دژایەتیو دوژمنایەتی نێوان تورکو کورد قوڵترو دژوارتر بوو، پرسی کورد لە ئاستی ناوخۆو نێودەوڵەتی بەهێزتر بوو، دەنگێکی زۆرتری هێناو بووە کێشەیەکی نێودەوڵەتی.

کورتو کرمانجی: تورکیا بە ڕێگاو بە زمانی چەکو سجنو سەرنگونو قەدەغەکردنی مافە ڕەواکانی گەلی کورد، چی لەدەستی هاتو چی پێکرا، کردی، بەڵام هەمووی نافیلەو بێئەنجام بوو.

فیدراڵی باشور لەگەڵ عێراق شتێکی کارتۆنیو لەسەر کاغەزە، جگە لە کورد کەس دانی پێدا نەناوە، فیدراڵی لەڕوی بارودۆخو مافەکانی گەلی کورددا لە واقیعو ژیانی ڕۆژانەدا هیچ مانایەکی ئەوتۆی نییە، نە بۆ کوردو نە بۆ عەرەبەکانیش، بەڵام فیدراڵی کورد لە باشور ڕۆڵی کابوسێک دەبینێت لە تورکیا. ئاڵای کورد لەمدیوی ڕوبارەکەی خابور (ئیبراهیم خەلیل) کە بە تورکیا لانابرێت، خەوی شەوان لە دەوڵەتی تورکیای ئونیتەر تێک دەدات، ئەمەش بە پشتگیریی ئەمریکاو زیاتر لە (٣٠) دەوڵەتی دونیا هاتووەدی، تازە چەکی دونیاش لەدەستیدابێت، تورکیا چی پێدەکرێت؟

لەم دونیای گلۆباڵو تەکنەلۆژیا بەرزەدا، جگە لە کەمالیستەکانی سڤیلو عەسکەری تورک لە دونیادا کەس بڕوای بە چارەسەرێکی بە چەکو کوشتن نەماوە، بۆیە ئەمریکا دەمێکە لەلایەک زەخت لە تورکیا دەکات بۆ ئاساییکردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا، لەلایەکیش هانی حکومەت دەدات بۆ سیاسەتو ڕێگای چارەسەرێکی سڤیلو ئاشتیانە بگرێتەبەر سەبارەت بە کێشەی کورد لە تورکیا. کردنەوەی (TRT٦) بە کوردیو چەند هەنگاوێکی تر کە حکومەتی (AKP) ڕایگەیاندووە بەنیازە ئەنجامی بدات (وەکو کردنەوەی بەشی کوردۆلۆجی لە ٢ زانکۆی تورکیو لابردنی قەدەغەیی لەسەر زمانی کوردی لە زیندانەکاندا)، لە ئەنجامی هاندانو یارمەتیو زەختی ئەمریکاو یەکێتیی ئەوروپا ئەنجامیدا، هەروەها کۆنفرانسی پلاتفۆرمی ئابانت کە لە ڕۆژانی (١٥و ١٦)ی شوباتی ئەمساڵدا لە هەولێر سازکرا، ئەنجامی سیاسەتی ئەمریکایە کە بە تورکەکان قبوڵکراوە.

تا ئێرە هیچ عەیبی نییە، ئەم گۆڕانکاریانە هەرچەندە درەنگیش بووبنو کەمو بچوکیش بن، وەکو سەرەتایەک هەنگاوێکی باشو گرنگن، بەڵام ئەمانە هەمووی تا ئێستا بە دەردی کورد دەڵێت، لیلێن، لۆلۆیەکە ئێستا دەستی پێدەکات کە بەشی هەرە ئەساسی کێشەکەیە، چەکپێدانان یاخود چەککردنی (PKK).

## ناوەندی هەواڵگری تورکی لە هەولێر

دوابەدوای کۆنفرانسی پلاتفۆرمی ئابانت، کە دەبوایە تورکیا باڵیۆزخانە بکاتەوە لە هەولێر، بنکەیەکی هەواڵگری دانا، دانانی ئەم بنکەیە کە بە هاوکاریی ئەمریکاو هەرێمی کوردستان ڕۆژی ٢٤ی شوبات ستاتویەکی فەرمی وەرگرت، بۆ وەرگرتنی هەواڵەکانی (PKK)و هەڵسەنگاندنی ڕەوشو جموجۆڵی گەریلاکانی (PKK)یە، ئەم بنکەیە بەشێکە لە بەرنامەی ٣ قۆڵی بۆ چەککردنی (PKK)، هاوکات لەگەڵ دانانی ئەم بنکەیەدا، مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان سەفەر دەکات بۆ ئەوروپا، بە پێی هەواڵی چەندین ڕۆژنامەی تورکی (وەکو تاراف، ڕادکال، ئینتەرنێت هابەرو.... هتد)، سەفەری سەرۆکی هەرێم لە (٢٣)ی شوباتی ڕابردوو بۆ ئەوروپا، پەیوەندی بەم بەرنامەیەوە هەیە، هەمان ئەو سەرچاوانە ڕایدەگەینن سەرۆکی هەرێم لەم سەردانەدا چاوی بە سەرۆکو سەرکردەکانی وڵاتی ئیتاڵیا، ئەڵمانیاو فەرەنسا دەکەوێتو بارزانی داوای لێکردون هاوکاربن لە چارەسەرکردنی کێشەی (PKK).

## قۆناغ بە قۆناغ بەرنامەی چەککردن یاخود چەکپێدانانی (PKK):

### ١. سازدانی کۆنفرانسی حیزبو لایەنە سیاسییەکانی هەرچوار پارچەکانی کوردستان:

بە دەستپێشخەریی مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێم کۆنفرانسێکی کوردی سازدەکرێتو حیزبو گروپە سیاسییەکانی هەرچوار پارچەی کوردستان کۆدەبنەوە، لە کۆنفرانسەکەدا نوێنەرو وتەبێژی وڵاتانی ئەوروپاو ئەمریکا بە ناونیشانی چاودێر ئامادە دەبن، لە ئەنجامی کۆنفرانسەکەدا بە ناونیشانی مانیفەستۆی چەکدانان، مانیفەستۆیەک بۆ ڕای گشتی ئاشکرا دەکرێت کە تێیدا داوا لە (PKK) دەکرێت چەکەکان دانێو کۆتایی بە شەڕی چەکداریی بهێنێت.

### ٢. یاسای لێبوردن:

حکومەتی (تورکیا) بە ناونیشانی بەرنامەی گەڕانەوە بۆ ماڵ، یاسایەکی لێبوردن دەردەکات، ئەم یاسایە هەنگاو بە هەنگاو دەردەکرێتو جێبەجێ دەکرێت.

### ٣. ڕەوشی گەریلاکان:

ئەو گەریلایانەی کە بەرامبەر تورکیا تاوانێکیان نییە (واتا لە شەڕو کوشتندا بەشدار نەبوون)، دەگەڕێنەوە بۆ ماڵی خۆیان بەبێ ئەوەی دەوڵەت دۆزیان لەسەر تۆمار بکات یاخود ڕەوشی یاسایی بگرێتەبەر. (هەنگاوی یەک).

### ٤. ڕەوشی گەریلا تاوانبارەکان:

ئەو گەریلایانەی کە ناویان هەیە لە تورکیاو بەشداریان هەبووە لە شەڕو چالاکیی چەکداریی لەدژی تورکیا، دەتوانن لە یاسای لێبوردن بەندی پیشەمانی سود وەربگرنو بە سزایەکی کەم ئازادبنو بگەڕێنەوە بۆ ماڵی خۆیان.

### ٥. ڕەوشی قائیدو سەرکردەکانی گەریلا:

ئەم کەسانە دەتوانن بڕۆن بۆ وڵاتانی ئەوروپاو داوای پەنابەری بکەن بەبێ ئەوەی تورکیا هەڕەشە لەو وڵاتانە بکات وەکو بە بۆنەی ئۆجەلان لە ئیتاڵیای کرد.

بەپێی سەرچاوەکانی تورکی، مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەم سەردانەدا بۆ وڵاتانی ناوبراو، داوا لەو وڵاتانە دەکات لەو حاڵەتەدا پشتگیریی لەم بەرنامەیە بکەنو مافی پەنابەریی بە سەرۆکو قائیدە عەسکەرییەکانی (PKK) بدەن.

## لە کۆتاییدا:

بە بۆچونی من ئەم سەردەمو ڕۆژگارە سەردەمی چەکو چەکداریی نییەو چەکەکان لەم قۆناغەدا لە تورکو تورکیا زیاتر زەرەرو زیان دەگەیەنێتە کورد، بەڵام لەلایەکی تریش ئەگەر کۆنفرانسی حیزبە سیاسییەکانی هەر چوار پارچەکانی کوردستان لەژێر فشاری تورکیاو تەنها بەمەبەستی فەرزکردنی داخوازییەکانی تورکیا بێت لەسەر (PKK)، ئەمە بێگومان زیانێکی گەورە دەگەیەنێتە پەیوەندییەکانی کوردو کورد.

هەواڵی ئەم کۆنفرانسە دەمێکە لە میدیاکانی کوردیدا باس دەکرێت، بەڕێوەبەرانی (PKK)و کۆنگرا گەل لە چەندین دەرفەتدا ڕایانگەیاندووە ئەگەر کۆنفرانسێک بەمجۆرە بەبێ بەشداریی ئەوانو بەبێ پرس بە ئەوان سازبدرێت، ئەوان هیچ بڕیارێکی ئەو کۆنفرانسە پەسەند ناکەن کە ئەمەش مافی خۆیانە.

ئەگەر سەرۆکی هەرێم خۆی بڕوای بەم بەرنامەیە هەیەو دەتوانێت قەناعەت بە لایەنەکان (تورکیاو (PKK)ش) بکاتو ڕێگای دیالۆگو چارەسەریەکی سڤیلو ئاشتیانە بکات، ئەمە هەنگاوێکی باشەو خێرێکی زۆری پێوەیە بۆ کورد، ئەوەی لە سەرۆکی هەرێمیش دەوەشێتەوە ئەمەیە، بەڵام ئەگەر سەرۆکی هەرێم بەبێ هیچ قەولو پەیمانێکی مۆرکراو (لەگەڵ لایەنی تورکدا)، بچێتە ژێر ئەم ئیشە، ئەوە دەتوانێت بەسەر کورددا بە خراپی بشکێتەوە. هیوادارم سەرۆکی هەرێم زۆر بە وردی لەم میسیۆنە مێژووییە بیربکاتەوەو لەبیریش نەکات ئەنجامی ئەم میسیۆنە دەبێتە چارەنوسی (٤٥) ملیۆن کورد.











www.netewe.com

- بەشداریی سیاسی ل ٢
- هۆکاری سەرهەڵدانی ململانێی سیاسی ل ٢
- بیناکردنەوەی مێژوویەکی دزراو ل ٤و٥
- ریفۆرمی ئایینی لە ئەوروپا ل ٦و٧



رۆژنامە پرد PIRD

دووشەممە

دیمانەو لێکۆڵینەوەی سیاسیی و رووناکبیری

ژمـارە (422) | 2009/3/9 | ٨ لاپەڕە | prd@rozhnama.com





سەرەتا

# وەستان لە ئاست فەرمودەکانی خوادا

مەحمود شێرزاد

یەکەمجار لە ساڵی ٢٠٠٤دا یەکەم کتێبی (نەسر حامد ئەبوزەید)م بە ناوی (مانای دەق) خوێندەوە، نەسر لە روناکبیری عەرەبیو جیهانیشدا بە ریفۆرمیستی دینی ناسراوە، پێیوایە ئەگەر دین خۆی لەگەڵ سەردەمەکاندا نوێ نەکاتەوە بەرە بەرە کەم رەنگدەبێتەوەو لەناو دەچێت، نەسر یەکێک لەم بیرمەندانەیە کە پێیوایە رۆشنگەری پێکهاتەیی سەرەتا لە ریفۆرمی دینییەوە دەستپێدەکات، بەو مانایە تا تۆ دین لە پەڕگیرییەتو تەواوییەتخوازی نەستێنیتەوە، لە لایەکەوە ناتوانیت لەگەڵی بکەویتە یارییەکی دیموکراتیکەوەو لە لایەکی دیکەشەوە لە کۆمەڵگا ئایینیو نەریتییەکاندا وەک خۆی بمێنێتەوە کۆسپێکی گشتگیر دەبێت، یانی لە هەر لایەکەوە دەست بۆ کلتورو عەقلییەتو دابونەریتەکان بەرێت، ئەوە دین بە هەموو جەنگاوەرە توندڕەوەکانییەوە ئامادەیی هەیەو پێشت پێدەگرێت.

خاڵێکی دیکە کە نەسر لە پرۆژە مەعریفییەکانیداو بەتایبەت لە کتێبی (مانای دەق)دا ئیشی لەسەر کردووە، بریتییە لە دوو خاڵی زۆر گرنگ بریتین لە، یەکەم: ئەگەری ئاسمانیبوونی قورئانو کاریگەری ئەزمونەکانی پێغەمبەر لە پەیوەندی لەگەڵ دارشتنەوەی قورئاندا، دووەم: ئەم پرسیارانەی کە روبەڕوی قورئانو جیهانی ئیسلامی دەکاتەوە لە پەیوەندی لەگەڵ هەندێک لە ئایەتو فەرمودەکانی خوا لە قورئاندا.

سەبارەت بە خاڵی یەکەم د. سروش لە کتێبێکدا بە ناوی (لێکدانەوەی ئەزمونی پێغەمبەرانە) لێکۆڵینەوەیەکی چڕی کردووە، ئەویش یەکێکە لەو بیرمەندانە ئیسلامیو ریفۆرمیستە دینیانەی کە پێیوایە ئەزمونی پێغەمبەر زاڵە بەسەر نوسینەوەی قورئاندا، لە نوسینەکەیاندا بە باشی ئاماژەیان پێداوە، بەڵام بە نسبەت خاڵی دووەمەوە نەسر هاوکێشەی ئیسلام توندوتیژی بەرجەستە دەکاتەوە، ناوبراو پێیوایە کە ئیسلام دوو قاچی سەرەکی هەیە کە بریتین لە توندوتیژیو لێبوردەیی، ناکرێت حاشا لە هیچ کامیان بکرێت، بۆ نمونە ناکرێت بلێین ئەم تیرۆرانەی کە گروپە ئیسلامیەکان دەیکەن، بەس بەناوی ئیسلامەوەو مەشروعییەتی ئیسلامی نییە، چونکە لە قورئاندا کۆمەڵێک ئایەتی تێدایە کە پراکتیککردنیان هەر وەک لەوە پێش پراکتیک کراون لافاوی خوێن وەڕێدەخەن، بۆ نمونە لە کتێبی (مانای دەق)دا چەند نمونەیەک دێنێتەوە، یەکیان بریتییە لە ئایەتی شمشێر، نەسر دەڵێت: «ئایا دەکرێت ئێمە بۆ ئەوەی ئیسلام بە تەواوی خزمەتی مەدەنییەتو مرۆڤ بکات ئیش بەو ئایەتانە نەکەین کە تەعبیر لە توندوتیژی دەکەن»؟ دوای ئەوەش پرسیارێکی زۆر گرنگتر بەرجەستە دەکاتەوەو دەڵێت: «ئایا ئەگەر ساغ بووینەوە کە ئەم ئایەتە توندوتیژانە بخەینە ئەملاوەو ئیشیان پێنەکەین، لەم حاڵەتەدا بە دژی فەرمودەکانی خوا نەوەستاوین»؟

نەسر لەم بیرمەندانەیە کە ستراکتۆری دینی لەسەر بنەمای پارادۆکسەکانی ناوخۆییەوە توشی قەیران دەکـات، بەڵام دیسانیش ئەمە بەو مانایە نییە کە خەونەکەی هاشم ساڵحو باقی روناکبیرو ریفۆرمیستە عەرەبەکانی دیکە هاتبێتەدی بۆ ئەوەی رۆشنگەرییەکی گشتگیر دەست پێبکەن.

هەر لەم ژمارەیەی (پرد)دا وتوێژێکمان لەگەڵ نەسر کردووە، هیوادارم لە داهاتوودا دەرفەت هەبێت لەگەڵ کۆمەڵێک بیرمەندی دیکەی ناوچەکەش لەم بوارەوە دیمانە بکەینو پرسیاری باشترو جدیتریان ئاراستە بکەین.

### لە یەکەم چاوپێکەوتنیدا لەگەڵ رۆژنامەیەکی کوردی

## نەسر حامد ئەبوزەید:

# دەبێت دژی ئەوانە بجەنگین کە خۆیان بە نوێنەری خوا دەزانن



سازدانی: دانا نەوزەر عەلی

**پـرد: وەک بیریارێک کە لەسەر ریفۆرمی دینی کاری زۆرتان کردووە، ریـفـۆرمـی دیـنـی لای ئـێـوە چی دەگەیەنێت؟**

* ریفۆرم بریتییە لە دوبارە خوێندنەوەو راڤەکردنەوەی دەقی دینی، ریفۆرم بریتی نییە لە گۆڕینی دینەکە، بەڵکو بریتییە لە نوێکردنەوەی ماناو لێکدانەوەکانی، بەبێ بوونی پرۆسەیەکی بەردەوامی ریفۆرم، هـەمـوو دینێک لـەبـەردەم مەترسیی مـردن‌و پوکانەوەدایە، ئەمەش بەهۆی ئەوەی کە ئیدی ئەو دینە ناتوانێت لەگەڵ گۆڕانە مێژوویی، کۆمەڵایەتی، سیاسی‌و کلتورییەکانی نێو کۆمەڵگا مرۆییەکاندا هەڵبکات، بەگوێرەی ئەوەی لە پەیامبەر مـاوەتـەوە (فـەرمـودە)، خـودا لەسەری هەموو سەد ساڵێکدا نوێکەرەوە (مجدد)ێک دەنێرێت بۆ نوێکردنەوەی ماناکانی ئایین.

**پرد: چۆن دەتوانین پیرۆزو ناپیرۆز لەیەک جودابکەینەوە؟ ئایا دەسەڵاتێکی دینی هەیە ئەوە ئەنجامبدات؟**

* پیرۆزیی چەمکێکی گرێدراوە بە باوەڕەوە، پیرۆز ئەو شتەیە کە تاک‌و گرۆ باوەڕدارەکان پێیانوایە پیرۆزە، بۆ نمونە مەکە شوێنێکی پیرۆزە بۆ مسوڵمانان، قورئانیش بە هەمانشێوە، بەڵام ئەمانە بۆ لەلای خەڵکانی باوەڕداری دیکە پیرۆزنین، خاچ لەلای مەسیحییەکان پیرۆزە، بەڵام لای مسوڵمانان پیرۆز نییە، مەلا یاخود (عولەما)، ئەمانە پیرۆزنین، بەڵکو مرۆڤی سادەن، راستە ئەمانە کۆمەڵە کەسێکن کە زانستیان هەیە، بەڵام ئەم زانستە وایان لێناکات کە شتێک بن بەدەر لە مرۆڤ، وایـان لێناکات کە بێهەڵەبن، تەنانەت پەیامبەرەکەشمان هەڵەی کـردووەو قورئانیش سەرزەنشتی کردووە لەسەر ئەوە، هەربۆیە ئەو مرۆڤ بووەو بوونێکی پیرۆز نەبووە.

**پـرد: پێتوانییە ئێستا کۆمەڵگا مسوڵمانەکان بە سـەردەمـی سەدە ناوەڕاستەکانی خۆیاندا تێپەڕدەبن؟**

* بێگومان ئێستا کۆمەڵگا مسوڵمانەکان بـە بـارودۆخـێـکـی یەکجار سەختدا تێپەڕدەبن. بیری ئیسلامی پێویستییەکی یەکجار گەورەی بە ریفۆرم‌و نوێکردنەوە هەیە، ئامانجەکە بریتییە لەوەی کە دوبارە ئەو رەهەندە رۆحی‌و ئەخلاقیانەی ئیسلام بگەڕێنینەوە کە ماوەیەکە بووە بە ژێر ریتوال‌و تقوسە روکارئاساکانەوەو ونبوە، کە ئەمەش سەری کێشاوە بۆ توندڕەوی‌و رق لە ئەوی دی، هەر لەبەرئەمەیە کە دەبێت ئێمە دژی هەموو ئەو کەسانە بجەنگین کە خۆیان بە نوێنەری خوا دەزانن، ئەوە تەنها ریفۆرمە کە دەتوانێت ئایین لـە چەقبەستن‌و دۆگـمـابـوون بپارێزێت‌و رۆحەکەی زیندوبکاتەوە، ئەگەر نا، ئەوا ئایینیش دەبێتە بتێک، من پێموایە لە ئێستادا ریفۆرم مەحاڵ نییە، چونکە مەحاڵ بوونی نییە، بەڵام سەرەتا دەبێت مەودایەک دروستبکرێت کە تێیدا بیرکردنەوە ئازادبێت.

**پـرد: چـۆن لە ئیسلامی سیاسی دەڕوانیت، ئایا رۆڵێکی ئەرێنی دەگێڕن یان نەرێنی؟**

* ئیسلامی سیاسی لـەم فۆرمەی ئێستایدا یەکێکە لە بەربەستەکانی بەردەم ریفۆرم، ئەجێندای سیاسی دژی هەرجۆرە هەوڵێکی ریفۆرم دەوەستێتەوە، ئەوان هەڵدەستن بە بەکارهێنانی دین بەوەی هەموو دین لە لایەنە تەشریعییەکانیدا قەتیس دەکـەنـەوەو رەهەندە رۆحی‌و ئەخلاقییەکانی دین دەکوژن.

**پـــرد: هـەنـدێـکـجـار ئـێـوە بە دژایەتیکردنی ئایین تاوانبار دەکرێن، ئەمە بۆچی؟**

* من پێموایە کە ریفۆرمی بنەڕەتی هەڕەشە بۆ ئەو دامـەزراوەو دەسەڵاتە دینیانە دروستدەکات کە لە سایەیدا، مەلاو عولەما پارێزراون، هەربۆیە ئەوان چەکە هەرزانەکە بەکاردەهێنن، هەرزان بەڵام مەترسیدار، هەربۆیە ئەوەی ئەوان دەیکەن، بریتییە لە دوبارەکردنەوەی ئەو دۆگمایانەی کە چەندین سەدەیە گوتاری ئیسلامیان مۆنۆپۆڵ کردووە.

**پرد: تۆ چۆن لە چەمکی جیهاد دەڕوانـیـت، ئایا دەکرێت لەپێناوی مسوڵمانکردنی خەڵکیدا شەڕ بکرێت؟**

* جیهاد دوو مانای هەیە: یەکەمیان بریتییە لە جیهادی نەفس‌و رۆح، کە ئەمجۆرەیان بەپێی فەرمودەی پەیامبەر، جیهادە گەورەکەیە، دووەمیان بریتییە لە جیهادی فیزیکی‌و جەستەیی. قورئان بە رونی داوا لە مسوڵمانان دەکات کە هەستن بە ئەنجامدانی ئەمجۆرە جیهادە، کاتێک کۆمەڵگا توشی دەستدرێژیی دەبێتەوە، قورئان زۆر رونە لەوەدا کە هەرجۆرە دەستدرێژی‌و هەڕەشە دروستکردنێک لەلایەن مسوڵمانانەوە قەدەغە دەکات، لە زەمەنی ناکۆکییە مێژووییەکانی نێوان ئیمپراتۆریەتی ئیسلامی‌و ئیمپراتۆریەتی بێزەنتیدا، جیهاد کرایە ئەرکێکی دینی کە ئەوکاتەی سەرۆکی دەوڵـەت داوایکرد، جێبەجێدەکرێت، جیهاد ئەرکێکی دینی نییە لەسەر تاک کە پێویست بێت ئەنجامیدا، هەربۆیە لەڕاستیدا پێویستە شیکارە مێژووییەکان لەو راستییە تێبگەن کە جیهادی جەستەیی لەلایەن قورئانەوە فەرمانی پێنەدراوەو بە دامەزراوەیی نەکراوە، بەڵکو ئەمە لەلایەن فەقیهەکانەوە ئەنجامدراوە.

**پـــرد: چـۆن لـە فـرەیـی ئایینی دەڕوانیت؟ ئایا تۆ باوەڕت بە فرەیی حەقیقەت هەیە؟**

* پـلـورالـیـزم‌و فـرەیـی ئایینەکان راستییەکی حـاشـاهـەڵـنـەگـرەو هیچ پەیوەندییەکی بەو گفتوگۆ فەلسەفیانەوە نییە کە دەربـارەی چەمکی (حەقیقەت) لەئارادان، ئیسلام لە جیهانێکی فرەئاییندایە کە لەپاڵ ئەودا ئایینەکانی مەسیحییەت‌و یـەهـودیـەت‌و زەردەشـتـی‌و سابئی‌و گنۆتستی بوونیان هەیە، قورئان دانی بەم راستییەدا ناوەو دەلاقەو مەودایەکیشی بۆ پێکەوەژیان بەجێهێشتوە، هەربۆیە ئیمپراتۆریەتی ئیسلامی هەر لە سەرەتاوە هەتا چارەکی یەکەمی سـەدەی بیست، ئەوکاتەی کە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی هەڵوەشایەوە، باوەشی گرۆ ئایینییەکانی دیکەی کردبویەوەو پاراستبوونی، جا چجای لە ئێستادا کە زەمەنی فرەیی‌و یەکسانی‌و ئـازادی‌و مافەکانی مرۆڤە. ئیسلام بە هیچ شێوەیەک لەگەڵ ئەم بەهایانەدا دژ نایەتەوە، بەڵێ راستە کە فەقیهەکان پێیانوایە کە ئیسلام رێ بە مسوڵمان نـادات دینی خۆی بگۆڕێت یان بێدین بێت، بەڵام روانگەی قورئانی جیاوازە، ئەگەرچی ئەوانەی لە ئیسلام هەڵدەگەڕێنەوە، لەدوای مردن سزایان بۆ دانراوە، بەڵام قورئان ئازادیی باوەڕی دەستەبەرکردووە.

**پرد: ئایا ئیسلام تیرۆر بەرهەم دەهێنێت، چونکە ئێستا ئیسلام تاوانبارکراوە بـەوەی سەرچاوەی تیرۆرە لە جیهاندا؟**

* ئەمانە قسانێکی بێمانان، ئێمە دەبێت لەوە تێبگەین کە چەمکی تیرۆر چەمکێکی ئاڵۆزە کە لە هەموو دین‌و کلتورەکاندا بوونی هەبووەو هەیە، ئەمەش بەهۆی فاکتەرە کۆمەڵایەتی‌و سیاسییەکانەوە، ئێمە دەبێت جیاوازیی بکەین لەنێوان کرداری تیرۆریستان‌و ئەو بیانوانەدا کە تیرۆریستەکان دەیخەنەڕو، ئەوان دەقە ئایینییەکان لە کۆنتێکستەکانی خۆیان دەردەهـێـنـن‌و بـاوەڕدارە سادەکانی پێدەخەڵەتێنن‌و قەناعەتیان پێدەهێنن بە کردارە شەیتانییەکانیان.

**پرد: چۆن لە بارودۆخی ئێستای عێراق دەڕوانیت؟**

* دوبارە بارودۆخی عێراقیش زۆر ئاڵۆزە، خۆی لە سەردەمی دیکتاتۆریەتی سەدامیشدا ئاڵۆزبوو، کە خراپترین دیکتاتۆریەتێک بوو لەدوای دیکتاتۆریەتی شـا لـە ئـێـران. ئێستا عـێـراق لەژێر داگیرکاریدایە، ئەم بارودۆخەش بووە هۆی ختوکەدان‌و جوڵاندنی کێشەو قەیرانە ئابووری‌و ئەخلاقی‌و ئایینی‌و کۆمەڵایەتی‌و سیاسییەکان، عێراق لەلایەن کۆمەڵێک رژێمی دراوسێوە کراوەتە ئامانج‌و بە بەردەوامی کاردەکەن بۆ ئاڵۆزترکردن‌و خراپترکردنی بارودۆخەکە، پرسیارەکە ئەوەیە کە ئایا چۆن دەکرێت بگەین بە هاوکێشەیەکی سیاسی کە تێیدا هەموو دانیشتوانی عێراق بە هەموو جیاوازییە ئەتنی‌و ئایینی‌و سیاسییەکانیانەوە، ئۆقرە بگرێ‌و پێی رازی بێت، ئەگەر ئەمە کرا، کێشەی داگیرکاری گرنگییەکی ئەوتۆی نابێت.

**پرد: چی دەربـارەی کوردستانی عێراق دەزانیت‌و چۆن لێی دەڕوانیت؟**

* من ئـەو شتانە دەزانـم کە هەر کەسێکی دی دەربـارەی دەیـزانـێـت، دەزانـم کە سەقامگیرییەکی سیاسی هـەیـە، پێشکەوتنی ئـابـووری هەیە، کەشوهەوایەکی ئـازاد هەیە، هەروەها ئاگادارم لە ناکۆکیی نێوان کوردستان‌و تورکیا، ئاگاشم لە کێشەکانی نێوان حکومەتی لۆکاڵ‌و حکومەتی بەغدا هەیە، من بانگهێشتکراوم بۆ چەندین فێستیڤاڵی کلتوری‌و سیمینارو کۆنفرانس، بەڵام هەتا ئێستا حەزم نەکردووە بڕۆم، وەک هەموو جارێک رونیدەکەمەوە ئـەوە هەرگیز لەبەرئەوە نییە کە من دژی کوردستان یان خەڵکی کوردبم، من بەرگریکارێکی مافی کوردەکانم هەتا گەشە بە کلتورو زمانەکەیان بدەن، بەڵکو من هەر بۆخۆم هەستێکی ناوەکیم تێدایە کە نەیەمە عێراق هەتا یەکەمجار نەچمە نێو بەغداوە، من لە سەردەمی سەدامدا چەندینجار بانگهێشتی فێستیڤاڵی (مرباد) کرام، بەڵام من وەک دژایەتییەک بۆ سیستمی دیکتاتۆری سەدام بانگهێشتەکانم رەتکردەوە. من ئێستا لەسەرو (٦٥) ساڵـەوەم‌و زۆر دەترسم پێش سەردانکردنی بەغداو قودس بمرم، بەڵام بەڵێن دەدەم لەگەڵ یەکەم سەردانمدا بۆ بەغدا، دەستبەجێ بەرەو کوردستانی جوان بەڕێکەوم.

# بـەشـــداریـــی سیـــاســـی



م/ نەجم عەبدوڵڵا

سەرەتا بۆ ئــەوەی لە بەشداریی سیاسی تێبگەین، پێویستە پێناسەی بەشداریی بکەین، دەتوانین بڵێین بەشداریی هەموو کارێکی خۆبەخش دەگرێتە خۆ کە لەلایەن هاوڵاتییانەوە دەگیرێتەبەر بەمەبەستی دروستکردنی کاریگەریی لەسەر هەڵبژاردنی سیاسەتە گشتییەکانو بەڕێوەبردنی کاروبارە گشتییەکان، یا هەڵبژاردنی سەرکردە سیاسییەکان چ لەسەر ئاستی حکومەتی دەوڵــەتــەکــە یــا حکومەتی نــاوخــۆ یا حکومەتی نەتەوەیی.

هەروەها دەتوانین بڵێین بەشداریی هــەمــوو ئــەو هــەوڵانــەی هاوڵاتییان دەگرێتەوە کە مەبەستیان ئاراستەکردنی کاری دەزگا حکومییەکان یا دەزگا حکومەتە ناوخۆییەکان یا هەستان بەو ئەرکانەی کە کۆمەڵگا پێویستێتی، چ سروشتی راوێـژکـاری بێت، یا پێدانی زانیاریی بێت یا جێبەجێکردن یا چاودێریکردن، یا بەشداریکردنەکەی بەشێوەیەکی راستەوخۆ بێت یا ناراستەوخۆ، واتا دەتوانین بڵێین بەشداریی هەوڵدانی هاوبەشی نێوان حکومەتو هاوڵاتییانە لە ئاستە جیاوازەکاندا، بۆ ئامادەکردنی (تعبئە) ئەو سەرچاوانەی کە هەیە یا ئەوانە کە دەتوانرێت بدۆزرێتەوە بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییەکان بەپێی پلانێکی دارێژراو لە سنوری سیاسەتێکی کۆمەڵایەتی بۆ هەمووان.

بەشداریی سیاسی لە هەر کۆمەڵگایەکدا دەرئەنجامی کۆتایی کۆمەڵێک هۆکاری کۆمەڵایەتیو ئـابـووریو مەعریفیو رۆشنبیریو سیاسیو ئەخلاقییە، کە هەموو ئەمانە پێکەوە پەیکەری دەوڵەتێکی دیاریکراوو سیستمە سیاسییەکەیو شێوازی ئیشکردنەکانیان دیاری دەکات.

بەشداریی سیاسی پرەنسیپێکی دیموکراتییەو یەکێکە لە گرنگترین پرەنسیپەکانی دەوڵەتی نەتەوەی نوێ، لە رێگای ئەم پرەنسیپەوە دەتوانین سیستمە دیموکراتییەکان کە بنیاتنراون لەسەر هاوڵاتیبوونو یەکسانیبوون لە ئەرکو مافەکاندا، جیابکەینەوە لە سیستمە زۆردارەکان، تۆتالیتارو دکتاتۆرییەکان کە سیاسەتی قۆرخکردن پیادە دەکەن.

چەمکی بەشداریی سیاسی چەمکێکی نوێیەو هاتووەتە ناو رۆشنبیری کوردیو بەتایبەتی مەسەلە سیاسییەکانی، بەڵام تا ئیستاش ئەم چەمکە دەرنەکەوتووەو جێگیر نەبووە، واتا ئەم چەمکەو ئەو چەمکە تازانەی کە پەیوەندیان پێوە هەیە، نەتواونەتەوە لەناو رۆشنبیری کـوردیـداو نـەتـوانـراوە بەشێوەیەکی واقیعیانە بەرهەم بهێنرێت کە گونجاوبێت لەگەڵ پێداویستییەکانی کۆمەڵگای کـوردیـدا، بەڵکو تەنها ئــەوەی کراوە کە ئەم چەمکانە وەکو لاساییکردنەوە بەکارهێنراوەو هەوڵی گونجاندنی دراوە لەگەڵ کەلەپوردا.

لە کۆنداو تا سەردەمانێکی نزیکیش بەشداریی سیاسی قـۆرخ بوو لەسەر خەڵکانی خانەدانو دەوڵەمەندەکان، زۆربەی خەڵکە هەژارەکەش بێبەش بوون لەو بەشدارییە، بەڵام لەپاش سەردەمی رینیسانەوە تا ســەدەی هەڤدەیەم لە ئەوروپادا، روکردنە بەشداریی سیاسی روی لە زیادبوون کرد، تا لە شۆڕشی پیشەسازیدا لە ســەدەی هـەژدەیـەم گەیشتە ترۆپک، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆکارێک.

دەتوانرێت چالاکیی بەشداریی سیاسی پۆلێن بکرێت بە دوو شێوە:

١- چالاکیی ئاسایی: ئــەم شتانە لەخۆدەگرێت: (دەنگدان، بەدواداچونی کــاروبــاری سـیـاســی، موناقەشاتی سیاسی، ئامادەبوونی سیمینارو کۆنگرە گشتییەکان، بەشداریکردنی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکان بە پارەو پڕوپاگەندە، بەشداریکردنی گروپەکانی بەرژەوەندی، بوون بە ئەندامی پارتە سیاسییەکان، خۆپاڵاوتن بۆ پۆستە گشتییەکانو بەدەستهێنانی پۆستە سیاسییەکان).

دەنـگـدان بە فراوانترین شێوازی بەشداریی سیاسی دەژمێردرێت، چونکە پیادە دەکرێت لەلایەن هەردوو سیستمی دیموکراتیو نادیموکراتییەوە بە جیاوازیی مەبەستو رادەی کاریگەریی، لە یەکەمدا ئامرازی (مفازلە)کردنی نێوان پاڵێوراوانو هەڵبژاردنی ئەو کەسانەیە کە بە ئازادیی هەڵدەبژێرێنو پۆستە سیاسییەکان وەردەگـرن، بەڵام لە دووەمـدا واتا لە سیستمە زۆردارەکاندا، بەوشێوەیە نییە، چونکە لەمجۆرە سیستمانە، هەڵبژاردن ئامرازێکە بەدەستی دەسەڵاتدارانەوە کە بەکاریدەهێنن بۆ مەبەستی پڕوپاگەندەو بەدەستهێنانی پشتیوانیو شەرعیەت، نەک بۆ مەبەستی هەڵبژاردنێکی سیاسیانەی هۆشیارانە کە کاریگەری هەبێت لەسەر بەڕێوەبردنی کـاروبـاری دەســەڵاتو سیاسەتەوە لەلایەن جەماوەرەوە.

٢- چالاکیی نائاسایی: هەندێکی یاسایە وەکو سکاڵا، هەندێکی لە هەندێک وڵاتدا یاسایەو لە وڵاتانی تر رێگای پێنادرێت، وەکـو (مـزاهــەرە)و بایکۆتو هەندێک کردەوەی سلبیانەی تر.

بەشداریی سیاسی شێوەیەکە لە شێوەکانی فێربوون (تعليم)، چونکە لە رێگایەوە هاوڵاتییان فێری مافو ئەرکەکانیان دەبن، کە ئەمەش دەبێتە هۆی پەیدابوونی هۆشیارییەکی تەواوی هاوڵاتییان لەڕوی مافو ئەرکەکانیان.

بــەشــداریــی سیاسی یەکێکە لە سیماکانی سیستمی دیموکراتی، چونکە گەشەکردنو گەشەپێدانی دیموکراتی بەستراوە بە فراوانکردنی بەشداریو کردنی ئەم بەشدارییە بە مافێکی هەموو کەسێک لە کۆمەڵگاکەدا.

هــەروەهــا بــەشــداریــی سیاسی دەبێتە هۆی دروستبوونی ئاسایشی سیستمەکەو کۆمەڵگا، ئەمەش دەبێتە هۆی قوڵبوونەوەو هەستکردن بە شەرعیەتی سیستمەکە. بەشداریی سیاسی مافێکی دیموکراتی دەداتە هاوڵاتییان بۆ ئەوەی بتوانن لێپرسینەوە بکەن لەگەڵ ئەو لێپرسراوانەی کە کەمتەرخەمیی دەکەن لە ئەنجامدانی ئیشوکارەکانیاندا، چونکە ئەو هاوڵاتییانەی کە ئاگاداری روداوەکانن، دەتوانن بەشێوەیەکی باش بڕیار لەسەر ئەدای دەسەڵاتداران بدەن.

# هۆکاری سەرهەڵدانی ململانێی سیاسیو دروستبوونی حیزبی سیاسی



هادی ئەکرەم

بـــارودۆخـــی فـیـکـریو ئـابـووریو کـۆمـەڵایـەتـیو کـەمـی دیـمـوکـراسـی، کاریگەریی هەیە لەسەر سەرهەڵدانی پارتی سیاسی، زۆرجار پارتە سیاسییەکان بەتایبەتی لە کۆمەڵگا دواکەوتوەکان، لە سنوری کـاری خۆیان دەردەچــنو دەست بەسەر دەسەڵاتدا دەگرن، تا وای لێدێت حیزب کۆنترۆڵی حکومەت دەکات لەسەرجەم بوارەکانی ژیاندا، حیزب لە نوێنەرایەتی گەل دەردەچـێـتو دەبێتە نوێنەری حیزب لە حکومەتدا، لێرەوە گەل ناتوایێت چاودێریی چۆنیەتی بەڕێوەبردنی کاروبارەکان بکات.

کاتێک حیزب دەســەڵاتـی مۆنۆپۆڵ کـرد، بـڕوای بە گۆڕانکاری نامێنێت، هەربۆیە وای لێدێت ترسی لە فراوانکردنی دەســەڵات دەبێتو متمانەی بەخۆیو دەوروبـەرەکـەی کەم دەبێتەوە، جا بۆ بەهێزکردنی دەسەڵاتەکەی رێوشوێنی توند دەگرێت بەرەو تاکڕەوی دەڕوات، لێرەوە ململانێکان دەستپێدەکات، بەتایبەتی ململانێی نێوان پارتەکانو ململانێی نێوان تاکەکانی کۆمەڵگا، بۆ دروستبوونی ناکۆکییەکان چەندین هۆکار هەیە، یەکێک لەو هۆکارانە (جیاوازی ئەزمونو تەمەن)، لەناو حیزبی پێشکەوتو تەمەن زۆرجار کاریگەریی نییە، بەتایبەتی لە کۆمەڵگا پێشکەوتوەکاندا، ئەمرۆ لەچەندین وڵاتدا لە ناوەندە باڵاکاندا، رێگا دراوە بە گەنجانی خـاوەن زانستو بەتوانا بەشداربن لە بڕیارداندا، بۆیە دەکرێت لە ناوەندی بڕیارو دەسەڵاتدا کەسانی بە ئەزمونو گەنجانی خـاوەن زاست تێکەڵ بکرێت. سەرەڕای بوونی رێژەیەکی باش لە ژنان، لەگەڵ ئەوەی جیاوازییەکی زۆر هەیە لە نێوان داهاتی دەسەڵاتدارانو ئاستەکانی خوارەوە، لە ئەنجامدا دەبێتە سەرهەڵدانی جیاوازی کۆمەڵایەتی، کاریگەری ئەو جیاوازییەی لەنێوان چینەکانی سەرەوەو چینەکانی خوارەوە هەیە ململانێ دروست دەبـێـت، ســەرمــایــەدارانــی ســەرەوەش هەمیشە کارێک دەکەن چینەکانی خوارەوە دژیان بوەستنەوە، هاوکاتیش دەسەڵاتی حیزبو حکومەت بەکاردەهێننو لە رێگای سەرمایەکانیانەوە کۆنترۆڵی بوارەکانی ژیان دەکەن، لێرەوە چینەکانی خوارەوە هەوڵی نەهێشتنی جیاوازییەکان دەدەنو هەلیشیان بۆ رێکەوێت هەوڵی گۆڕانی دەدەن، گەر سەرنەکەوتن، هیچ لەدەست نادەن، چونکە خاوەنی هیچ سەرمایەیەک نین تا لە دەستی بدەن. هەروەها فاکتەرێکی تر کە کاریگەری هەیە بۆ سەرهەڵدانی ململانێ ئەویش عەقڵیەتیو رۆشنبیرییە، لەناو حیزبی سیاسیدا ئاستی تواناو رۆشنبیری زۆرجار ململانێی لێدەکەوێتەوە، ئەو لێپرسراوانەی لە دەسەڵاتدانو خاوەنی بڕیارن، لە توانایدا نییە کاریگەری هەبێت لەسەر ئەندامانی خوارخۆیو تاکەکانی کۆمەڵگا، لە بەرامبەریشدا کەسانی خاوەن عەقڵیەتو رۆشنبیر کاریگەری خۆیان هەیە، بەڵام لە مەرکەزیەتی بڕیاردا نین، ئەنجامەکەی ململانێی لێ دەکەوێتەوە.

گومانی تێدانییە بۆ دروستبوونی پارتی سیاسی، راگەیاندن رەنگدانەوەی خۆی هەیە بەتایبەتی راگەیاندنی ببینینو بیستنو رۆژنامەکانو سەندیکاکانو یـانـەکـانو کـۆمـەڵو رێـکـخـراوەکـان، هەرچەندە ئابووری بەتایبەتی لە کۆمەڵگای دواکەوتوو کاریگەریو دەوری سەرەکی هەیە.

کاتێک لەناو پارتە سیاسییەکاندا جیاوازییەکانو ململانێکان چارەسەر نەکران، ئەنجامەکەی پارتی نوێی سیاسی دروست دەبێت، زۆرکات ئەو حیزبانەی لە دەرەوە دروســت دەبـن، پێکهاتەو رێکخستنو مەرکەزیان زیاترە، لێرەشەوە رۆڵی سەرکردە دەبینرێت لە ئیدارەکانی ململانێکانو رێکخستنو چۆنیەتی خۆ ئامادەکردن بۆ هەڵبژاردنەکان لە پێناو گرتنە دەستی دەسەڵات یان بەشداریکردنی دەســەڵات بۆ گەیشتن بە ئامانجەکان بەشێوەی دیموکراسیو یاسایی.

# ـــــی دزراو: سیاسەت لە تیۆریی رەخنەییدا

سوبژێکتیڤیتەی بەرباس، گرێ بداتە دیالێکتیکە جیا جیاکانی شوناسی سوژەی کوردییەوە، هەر هەمووی دەکاتە دەرئەنجامو دەرکەوتەی گۆڕینی سیاستەکانی ئەم دواییەی تورکیا، بە واتایەکی تر، هەرچەند بۆ خۆی دەڵێت نوسینەکەی دەربارەی ناسیۆنالیزمی کوردییە لە تورکیا، بەڵام لە راستیدا خەریکە دەربارەی هەڵسوکەوتی ئەویدیی تورکی لەگەڵ ئەم ناسیۆنالیزمەدا دەدوێ.

تەنانەت ئەگەر هۆکارە سیاسییەکانیش ببنە هۆی گەشەکردنی سوبژێکتیڤیتەیەک، ئەوا دیسانەوە لایەنەکانی تری ناخود ئاگای سوژە هەر دەسەڵاتی خۆیان دەپارێزن، لەماوەیەکی درێژخایەندایە کە سوبژێکتیڤیتە دەتوانێت خۆی زاڵ بکات، نمونەی هەرە ئاشکرای ئەم دەسەڵاتەی ناخود ئاگای سوژەی کوردی لە باشوری کوردستاندا دەبینرێ، بۆ نمونە پاش (١٨) ساڵ بە سەر راپەڕیندا هێشتا کۆمەڵە ئایدیۆلۆژییەک کە بوونەتە بەشێک لە ناخود ئاگای سوژەی کوردی لە باشور، وەک بەعسیزم، هەر لە گۆڕێدان، هەر وەک چەند ساڵ پێش ئێستا لە سێمینارێکدا وتم دروستە لە کوردستاندا بەعسی نەماوە، بەڵام ئایدیۆلۆژیی بەعسیزم لە زۆربەی پراکسیسەکاندا رەنگدەداتەوە، واتە هەرچەند گۆڕانکاری لە هاوکێشە سیاسییەکاندا دەوری هەیە لە زوتر کامڵبوونی ئەم دیالێتیکە لە دەرەوەی سوژەدا، بەڵام هەر ئەم دیالێکتیکە بەهۆی سروشتی ناخودئاگابوونیەوە لە درێژخایەندا کامڵ دەبێت، وردتر بڵێم، دیالێکتیکی (خود ئەویدی) کە لێرەدا مەبەست دیالێکتیکی (ئێگۆی سوژەی کوردی ئەویدییەکانی شوناسی سـوژەی کوردییە)، نەک ململانێی سیاسیی لەنێوان ناسیۆنالیزمی کوردیو ئایدیۆلۆژی (دەوڵەت- نەتەوەی تورکی) بەتەواوەتی نایەتە بەرهەمهێنی ناسیۆنالیزم ئەگەر سوبژێکتیڤیتەی ناسیۆنالیزم تواناو دەسەڵاتی بە سوژەکردنی ئایدیۆلۆژییەکانی تری ئامادە لە هەمان شوناسیدا نەبێت.

### مێژوو: دزراو یان بزر بوو؟

مێژووی سوژەی کوردی لە تورکیای سێ چارەکی دوای سەدەی بیستەمدا نـەدزراوە، بەڵکو بزر بووە، کە وتمان ئەو مێژووە دزراوە، تەنها بەو مانایە نییە لەلایەن ئایدیۆلۆژییەکەوە دزراوە، بەڵکو ئـەوەش دەگەیەنێت کە هەر ئێستاش ئامادەیەو لەوانەشە بزانین لە کوێیە، مەبەستی د. وەلی لێردا ئەوەیە کە شوناسو زمانی سـوژەی کـوردی لە تورکیا لەلایەن (دەوڵـــەت- نـەتـەوەی مۆدێرنی تورکیا)وە دزراوەو دەبێت بۆ وەرگرتنەوەشی رو لە هەمان ئایدیۆلۆژی بکەین، ئەم تێزە هەڵەیە، چونکە نەک هەر لە واقیعدا مومکین نییە، بەڵکو تەنانەت لەڕوی تیۆریکیشەوە کێشە سازکەرە، لێرەدا زیاتر رونی دەکەمەوە:

ئەم تێزە لە واقیعدا مومکین نییە، نەک لەبەرئەوەی ئایدیۆلۆژی (دەوڵـەت- نەتەوەی نـاوبـراو) ئـەم کـارە ناکات، بەڵکو شوناس کوردیی لەماوەی بەرباسدا چ وەکو بابەتی دەرهەستو چ وەکو بابەتی بەرهەست لەلای ئەو ئایدیۆلۆژییە نییە، هەر بۆیە ناتوانێت بیداتەوە بە سوژەی کوردی، لە روانگەی تیۆریکیشەوە زاراوەی (مێژوویەکی دزراو) دیسانەوە بۆ ئەم بەستێنە هەڵەیە، چونکە لەکاتی پێدانەوەی ئەو مێژووە لەلایەن ئایدیۆلۆژیی ناوبراوەوە بە سوژەی کوردی، نەک هەر سوژەی کوردی جارێکی تر شەرعییەتی خۆی لەو ئایدیۆلۆژییە وەردەگرێتەوە، بەڵکو ئەو سوژەیە وا لێدەکات لەپێناو دۆزینەوەی بەشێک لە شوناسەکەی خۆیدا رو لە هەمان ئایدیۆلۆژی بکات، لە هەردو حاڵەتەکەدا جارێکیتر سوژەی کوردی لە تورکیا دەبێتەوە بە سوژەی ئایدیۆلۆژیی (دەوڵەت- نەتەوەی مۆدێرنی تورکیا).

بەگوێرەی ئەو هۆیانەی سەرەوە، وەک دواتر لەم وتارەدا زیاتر دەردەکەوێت، پێموایە دەبێت بۆ مێژوو و قۆناغی ناوبراو لە دەستەواژەی (مێژووی بزر بوو) کەڵک وەربگرین، جگە لەم راشناڵە تیۆریکانە، لە واقیعیشدا هەر بەهەمانشێوەیە، واتە ئەو مێژوو و شوناسە لە راستیدا بزربووەو نـــەدزراوە، یەکێک لە دەرئەنجامەکانی پراکسیسی ئایدیۆلۆژیی (دەوڵەت- نەتەوەی مۆدێرنی تورکیا) بزربوونی مێژوو و شوناسی سـوژەی کـوردی بوو لە تورکیا، نەک دزینی، لێرەدا بە پێویستی دەزانم کە ئەو تێزەم دوبارە بکەمەوە کە ئەم ئایدیۆلۆژییە تەنها یەکێک لەو ئایدیۆلۆژیانە بوو کە بوون بە هۆکاری بزربوونی مێژوو و شوناسی سوژەی کوردی لە تورکیای سێ چارەکی دوای سەدەی بیستەمدا.

د. وەلی، وەک لە سەرەتای ئەم نوسینەدا پیشانمدا، قەت ئاماژە بۆ ئایدیۆلۆژییەکانی تری کاریگەر لەم بزربوونەدا ناکات. هەوڵدان بۆ دەستەبەرکردنەوەی ئەم مێژووە بزر بووە لەلایەن سوژەی کوردییەوە لە تورکیا هاوشێوەی هەوڵدانی سوژەیە بۆ تاقیکردنەوەی بابەتی واقیعی (the Real) لە ئەندێشەی لاکاندا، واتە ئەگەر سوبژێکتیڤیتەی ناسیۆنالیزمی سوژەی کوردی لە تورکیا (بابەتی واقیعیی) خۆی لە ئەمئەوێتی (identity) لەگەڵ بەدەستهێنانەوی ئەو مێژووە بـزربـووەدا دەبینێتەوە، لەبەر هۆکارێکی سەرەکی قەت پێی ناگات کە ئەویش پێش ئەوەی بۆ بزربوونی مێژووەکە بگەڕێتەوە بۆ لەدەستچوونی دەگەڕێتەوە، هەڵبەت لە هەندێک حاڵەتی دەگمەندا دەکرێت ئەو مێژووە ببینرێتەوە، بۆ نمونە لەوانەیە لە هەندێک بەرهەمی ئەدەبیو هونەریدا رەنگی دابێتەوە، مەرج نییە ناسیۆنالیزم یان هەر سوبژێکتیڤیتەیەکی تر تەنها لە نوسینە مێژووییەکانداو لە پراکسیسە سیاسییەکاندا دەرکـەوێـت، وەک ستیفان گرینبلات لە وتـاری (گوللە نەدیتراوەکان)دا ئاماژەی بۆ کـردووە، دەتوانرێت مێژووی قۆناغیک بەپێی بەرهەمە ئەدەبیو هونەرییەکانی ئەو قۆناغە بنیات بنرێتەوە بەو مەرجەی تێیاندا سوبژێکتیڤیتەی ناوبراوو پەیوەندییەکانی دەسەڵاتی ئەو قۆناغە نوێندرابنەوە، یەکێک لە رێگاکانی دەرکەوتنی ئەم مێژووە بۆ سوژەی کـوردی دەستنیشانکردنی سەرەتاکانی ئەو (خود- هۆشیاری)یەیە کە دواتر بوو بەهۆی دروستبوونی سوبژێکتیڤیتەی ناسیۆنالیزم لەناو بەرهەمە ئەدەبیو هونەرییەکانی سوژەی کوردی لە تورکیا، ئەو بەرهەمانە نەک هەر زۆربەیان سەرزارەکین، بەڵکو سەرەتاکانی دەرکەوتنی ئەو (خود- هۆشیاری)یەش لەو بەرهەمانەدا کەمن. ناسیۆنالیزمی کوردی لە تورکیا لەوانەیە بتوانێت لەم قۆناغەدا شوناسێک بۆ سوژەی کوردی دروست بکات، بەڵام بەهیچ شێوەیەک ناتوانێت ئەو مێژووە بزر بووە بدۆزێتەوە، ئەو مێژووە، لاکان وتەنی ون نەبووە، بەڵکو لەدەستچووە.

پاش ئەو هەموو باسەی لەسەر گرنگایەتی وەدەستهێنانەوەی مێژوو ئاراستەی دەکات، د. وەلی باسی سەرەتایەکی نوێ دەکـات بۆ تورکیا، ئەم روانگەیە لەبەر هۆیەکی تریش کێشە سازکەرە، چونکە ئەمە چ جۆرە سەرەتایەکی نوێیە کە تییدا تەنها رابردووەکەمان بەدەستهێناوەتەوە، د. وەلی دەنووسێت: (بەدەستهێنانەوەی رابردوو کۆتاییپێهێنانی ئەم بێدەنگییەیە)، هەر وەک لەسەرەوە ئاماژەم بۆ کـرد، ئەو رابـردووە نـەدزراوە تا بەدەستی بهێنینەوە، بەڵکو بزر بووە، جگە لەمەش کۆتاییهێنان بەم بێدەنگییە لە بەدەستهێنانەوەی ئەو رابـردووەوە دەست پێناکات، بەڵکو لە گۆڕینی نەزمی هێمایینی (the Symbolic) سوژەی کوردییەوە دەست پێدەکات، گۆڕینی ئێستا نەک لە رێگای بەدەستهێنانەوەی رابردوویەکەوە کە کەس نازانێت لە کوێیە، بەڵکو لە رێگای گۆڕینی قورسایی لایەنێک لەو هاوکێشەیەی لەنێوان ئێگۆی سوژەی کوردیو ئایدیۆلۆژییەکانی شوناسی ئەو سوژەیەدا هەیە.

وەکو دوا وتە، دەبێت بڵێم بەکارهێنانی زاراوەی (مێژوویەکی دزارو) لە هەموو حاڵەتێکدا هەڵە نییە. بۆ نمونە لە باسکردن لە بەسەرهاتو بەتایبەت چارەنوسی هەردوو میرنشینی بۆتانو باباندا دەکرێت دەستەواژەی مێژووی دزراو بەکاربەرین، بۆ نمونە، روداوی داگیرکردنی سلێمانی لەلایەن ئێمپراتۆریی عوسمانییەوە مێژووی دزراوی ئەم شارەیە، بۆ بیناکردنەوەی دەکرێت دوو چامەکەی نالی و سالم بە وردی بخوێنینەوە، ئەم مێتۆدە لەپێناو بنیاتنانەوەی مێژووی دزراودا لەجیاتی گرنگیدان بە کتێبە مێژوویيو بەڵگەنامەییەکان ئاوڕ لەو بەرهەمە ئەدەبیو هونەریانە دەداتـەوە کە تێیاندا ئەو سوبژێکتیڤیتەیە نوێندراوەتەوە، فوکۆ یەکەم کەس بوو ئەم مێتۆدەی لە نوسینەوەی مێژووی مۆدێرنی خۆرئاوا رەچاو کرد، ئەم بۆچوونە دواترو لە هەشتاکاندا بەتیۆریی مێژوویخوازیی نوێ (New Historicism) ناسرا، کەواتە دەتوانین بڵێین هەندێک لە قۆناغەکانی رەچەڵەکناسیی سوژەی کوردی بەسەر دوو بەشی جیاوازدا دابەش دەکرێن کە (مێژووی دزراو)و (مێژووی بزربوون). بەمەبەستی روبەڕوبوونەوەی هەر کامیان پێویستمان بە تیۆرییەکە، مێتۆدۆلۆژیی ئەو بۆچوونە رەخنەییەی بە (مێژوویخوازیی نوێ) ناوبانگی دەرکـردووە، سودبەخشە بۆ بیناکردنەوەی مێژووی دزراو، بەڵام لێکۆڵینەوە لە مێژووی بزر بوو بەهۆی لەدەستچوونیەوە گەلێک سەختە.

> **ئەو مێژوو و شوناسە لە راستیدا بزربووەو نەدزراوە، یەکێک لە دەرئەنجامەکانی پراکسیسی ئایدیۆلۆژیی (دەوڵەت- نەتەوەی مۆدێرنی تورکیا) بزربوونی مێژوو و شوناسی سوژەی کوردی بوو لە تورکیا، نەک دزینی**

**پەراوێزەکان:**

Essays on the Origins of Kurdish Nationalism, ed. Abbas .Vali, Mzada Publishers, 2003

Contingency, Hegemony, Universality: Contemporary Dialogues on the Left, Judith Butler, Ernesto Laclau and Slavoj Zizek, London: Verso, 2000, pp. .5-1

**بروانە: د. عەباس وەلی، رەچەڵەکناسیی کوردەکان: سازکردنی نەتەوە و ناسنامەی نەتەوەیی لە نووسینی مێژوویی کوردیدا، وەرگـێـرانـی لە ئینگلیسییەوە د. هاشم ئەحمەدزادە، ستۆکهۆلم: وەشانێن ئاپێک، ٢٠٠٤.**

**دیارە لێرەدا بۆچوونەکەی من لاکانییە. لاکـان پێی وایـە ئـاوات لە ناخودئاگادا بۆ بابەتێکە کە ونەبووە بەلکوو بزربووە و لە دەست چووە. بە پێی تیۆریی لاکان هەر جۆرە ئاواتۆکی سوژە بۆ ئەمئەوێتی تەواو لەگەڵ بابەتی چێژدا ناسەرکەوتووە.**

**ئەم هۆکارە لە روانگەی لاکان و ژیژەکەوە بە وردی باسی لێکراوە و من لێرەدا دووبارەیان ناکەمەوە، بەڵام وتنی ئەم خاڵە جێی سەرنجە کە سەرچاوەی هەر دووکیان دەگەڕێتەوە بۆ هێگێل کاتێ باس لە سەرنەگرتنی ئەمئەوێتی تەواو لە نێوان سوژە و رۆحی رەهادا دەکات.**


Stephan Greenblatt, "Invisible Bullets: Renaissance Authority and Its Subversion," in Jonathan Dollimore and Alan Sinfield (ed.), Political Shakespeare, 2nd ed. Manchester: Manchester .48-University Press, 1996, pp.18

**من پێشتر لە دوو وتاری ئینگلیسی و کوردیدا ئەم تیۆرییەم ناساندووە و باسم لە کاریگەریی روانگەکانی رەیمۆند ویلیامز و میشل فووکۆ لە پرسی بنیاتنانەوەی مێژوودا کردووە. بروانە:**

Bakhtiar Sajjadi, "Raymond Williams and Cultural Materialism," Maf, Sanandaj Payam-e-Nur Univesity, No1, pp. .2005 ,11-4

**بەختیار سەجادی، «فووکۆ و ویلیامز: مێژوویی خوازیی نـوێ و ماتێریالیزمی فەرهەنگی،» رامان، ساڵی پێنجەم، ژ. ٥٥، ل. ٨٦-٩٢ ٢٠٠٠.**

# بیناکردنەوەی مێژوویەک



د. بەختیار سەجادی
زانکۆی ئێگزێتر، بەریتانیا

بەشی دووەمو کۆتایی

## خوێندنەوەیەکی رەخنەگرانە بۆ وتاری (مێژوویەکی دزراو)

نوسینی: د. عەباس وەلی

### ناسیۆنالیزمی کوردی لە تورکیا: دەرکەوتەی (خود- هۆشیاری) یان ئەویدی؟

ئەگەر بەشێوەیەکی هێگێلی باسی سەرهەڵدانی سوبژێکتیڤیتە بکەین، ئەوا ناسیۆنالیزم پێش ئەوەی وەکو (خود- هۆشیاری) (self-consciousness) لە قەڵەمی بدەین، دەبێت وەکو دەرکەوتەو دەرئەنجامی ئەو (خود- هۆشیاری)یە تەماشای بکەین پێگەی ئەویدیشەوە دەربراون، هەر لە سەرەتای نوسینەکەیەوە لەجیاتی ئاماژەدان بە خودی کوردی باس لە ئەویتربوونی ئەم خودە دەکات بۆ خودی تورکی. هەڵبەت دەکرێت ئەو پاساوە بهێنینەوە کە د. وەلی لە مێتۆدۆلۆژییەکەیدا زیاتر ئاوڕ لە ئەویدی دەداتەوە تا لە خود، هەروەها رەنگە هۆیەکەی ئەوە بێت، هەرچەند پێیوایە دەربارەی ناسیۆنالیزمی کوردی لە تورکیا قسە دەکات، بەڵام لە راستیدا خەریکە دەربارەی مامەڵەی ئەویدی لەگەڵ ناسیۆنالیزمی کوردیدا قسە دەکات. ئەو هۆیانەی سەرەوە بۆ باس نەکردن لە یەکێک لە دوو لایەنە پەیوەندیدار بە هاوکێشەکەوە دەچنە خانەی پاساوەوە، چونکە لە ناسیۆنالیزم چ وەک (خود- هۆشیاری)و چ وەک دەرکەوتەی (خود- هۆشیاری) ناکۆڵێتەوە.

ئاکامی ئەو بەڵگاندنانەی سەرەوە ئەوەیە کە باسەکانی د. وەلی بەهیچ شێوەیەک هێگێلی نین، رەنگە ئەمەش بۆ کاریگەریی ئالاتوسێر لەسەر ئەو بگەڕێتەوە، چونکە هەم لە کتێبی ئێرانی پێش سەرمایەداریداو هەم لە وتارەکانی تریشیدا دەربارەی ناسیۆنالیزم لۆژیکەکەو مێتۆدەکەی ئالاتوسێرییە، پێموایە هەمووان چیرۆکی داماڵینی مارکس لە هێگێل لەلایەن ئالاتوسێرەوە دەزانن، بەڵام ئەم رەخنەیە بەرۆکی ئالاتوسێر ناگرێتەوە، چونکە لە سیستمی مەعریفی ئالاتوسێردا ناسیۆنالیزم چ وەک سوبژێکتیڤیتەو چ وەک ئۆبژەی بەرباس دەرنەکەوتووە، هەڵبەت رەنگە بەشێک لە روانگەکانی ئالاتوسێر لە باسکردن لە سەر ناسیۆنالیزم لە پێگەی ئایدیۆلۆژیدا بەکەڵک بن واتە، ئەو کاتەی ناسیۆنالیزم دەستدەکاتە کۆکردنەوەی سوژە، بەڵام نابێت لەبیرمان بچێتەوە ئێمە خەریکین باس لە چۆنیەتی سازبوونی ناسیۆنالیزمی کوردی وەکو چەمکو خود دەکەین، لە یەکەم ساتەکانی لەدایکبونی ئەم سوبژێکتیڤیتەیە دەکۆڵینەوە، نەک لە ئایدیۆلۆژییەکی زاڵ، کە پێشتر دەستی بە سوژەکردنی کوردان کردبێتو سەریهەڵدا، بۆ نمونە، لە بەشێکی نوسینەکەیدا دەنوسێت: (نوسینی مێژوویی لە سەر ناسیۆنالیزمی کوردی، لەسەر دیسکۆرسو پراکسیسی سوژەیەک دادەمەزرێت کە هەتا ئەم دواییەش ئەوی تری other یکی رەتکراوەی دەوڵەت- نەتەوەی مۆدێرنی تورکی بووە)، واتە لێرەدا د. وەلی سوژەی کوردیی وەکو گشتێکی ئەویدیی بۆ خودی تورکی پێناسە کردووە، کەچی سوژەی کوردی سەرەتا ئەویتری رەتکراوەی شوناسەکەی خۆیەتی، ئەمە شوناسەکەی خۆیەتی نەک ئایدیۆلۆژیای دەرەوەی شوناس کە سوبژێکتیڤیتەی ناسیۆنالیزم لە یەکەم قۆناغدا دەکاتە ئەویدی، ئەم راڤەیە لە ناسیۆنالیزم لەبەر ئەوەی تیۆریکو وردەکارانەیە دەبێت زیاتر رونی بکەمەوە، سوژەی کوردی لە تورکیا ئەویدیی رەتکراوەی ئەو بەشە لە شوناسەکەی خۆیەتی کە گوتارە ئایدیۆلۆژیکە جیا جیاکان پێکیانهێناوە. لێرەدا مەبەست لەو (بەشە لە شوناس) سوبژێکتیڤتە جیا جیاکانی بەرهەمهێنراوی ئەو گوتارانەن، ئەمەش جگە لەوەی کە هەمان سوبژێکتیڤیتە سەر لەنوێ ئەو گوتارەئایدیۆلۆژیکانەبەرهەمدەهێنێتەوە،ئەوەی ئێمە لە باکور دەیبینین زیاتر بەرهەمهێنانەوەی بارودۆخی بەرهەمهێنانی هەمان ئایدیۆلۆژیایە کە دەمێک ساڵە سوبژێکتیڤیتەکانی شوناسی سوژەی کوردییان دروستکردووە.

ئەم گوزارەیە لە لایەکی تریشەوە جێگای سەرنجی زیاترە، چونکە راست بەپێچەوانەوە، ئەو (دەوڵەت- نەتەوە مۆدێرنانە) نەک هەر کوردیان بە ئەویدی پێناسە نەکردووە، بەڵکو بەردەوام هەوڵیان بۆ بەخودکردنی کورد داوە، کورد لە ئێراندا بە رەسەنترین گەلی ئێرانی، لە تورکیادا بە تورکو لە عێراقو سوریادا بە بەشێک لە خودێکی گەورەتر بەناوی ئومەی واحیدەی عەرەبی سەیر کراون، واتە یەکێک لە بانگەوازەکانی ئەو (دەوڵەت- نەتەوانە) ئەوە بووە کە کوردان بەشێکن لە خود، هەر

> **(دەوڵەت- نەتەوە مۆدێرنانە) نەک هەر کوردیان بە ئەویدی پێناسە نەکردووە، بەڵکو بەردەوام هەوڵیان بۆ بەخودکردنی کورد داوە، کورد لە ئێراندا بە رەسەنترین گەلی ئێرانی، لە تورکیادا بە تورکو لە عێراقو سوریادا بە بەشێک لە خودێکی گەورەتر بەناوی ئومەی واحیدەی عەرەبی سەیر کراون**

هەروەها (خود- هۆشیاری)، هەرچەند لە بەرامبەر ئەویدیدا دێتە گۆڕێ، بەڵام لەلایەن خودەوەو لەناو خوددا دێتە بوون. من دەمەوێت لێرەدا ئەو خاڵە دەستنیشان بکەم کە د. وەلی لە شیکارییەکەیدا لە سەر ناسیۆنالیزمی کوردی لە تورکیا تەنها سەرنجی داوەتە بیچمگیریو ئاراستە هەنوکەییەکانی ئەم سوبژێکتیڤیتەیە لەلایەنو بەهۆی ئەویدییەوە، هەر بۆیە باسی سەرهەڵدانو گەشەکردنەکەی لەلایەن ئێگۆی خودی سوژەی کوردییەوە فەرامۆش دەکات، نەک نایخاتە بەرباس، بەڵکو هەر ئاماژەشی بۆ ناکات.

روانگەکانی د. وەلی نەک هەر لە سەر گرنگیدان بە ئەویدی دامەزراون، بەڵکو لە هەموو کوردێکی کردبێتە ناسیۆنالیست، بەهەر حاڵ، هێگێلی نەبوون پیشاندەری لاوازی نییە، بەڵام ئاوڕنەدانەوە لە یەکێک لەو دوو لایەنەی کە دیالێکتیکی نێوانیان دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی سوبژێکتیڤیتەیەکی وەکو ناسیۆنالیزم، رەخنەیەکە روبەڕوی ئەم وتارە دەبێتەوە.

ئەو گوزارانە زۆرن کە تێیاندا د. وەلی لە وتاری ناوبراودا نەک هەر (خود- هۆشیاریی) سوژەی کوردی لە تورکیاو دیالێکتیکە جیا جیا پێوەندیدارەکان فەرامۆش دەکات، بەڵکو بەرێوەبەرو دابینکەری ئاراستەکانی ئێستاو داهاتووی ناسیۆنالیزمی کوردی لە تورکیا دەخاتە پاڵ ئەویدییەوە، هەمان ئەویدی کە ناسیۆنالیزم لە بنەڕەتدا بەهۆی دژایەتیکردنییەوە بۆیە ئەمە دەرکەوتنی (خود- هۆشیاری) لە سوژەی کوردیدایە کە دواتر بەهۆی چێبوونی سوبژێکتیڤیتەوە وا لە ئایدیۆلۆژیی (دەوڵەت- نەتەوەی مۆدێرن) دەکات دان بە ئەویتربوونیدا بنێت، ئەو (خود- هۆشیاری)یە لە قۆناغەکانی تری پەرەسەندنیداو پاش پەیوەندی دیالێکتیکی لەگەڵ سوبژێکتیڤیتەکانی تری هەمان شوناسدا دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی، سوبژێکتیڤیتەی ناسیۆنالیزمو لەو قۆناغەدایە کە دەتوانین بڵێین ناسیۆنالیزمی کوردی ناوەکی کراوەتەوە.

د. وەلی لە باسکردنی لەسەر ئاراستە هەنووکەییەکانی سوبژێکتیڤیتەی ناسیۆنالیزمی کوردی لە تورکیا دەنوسێت: (دیموکراتیزەکردنەوەی پرۆسە سیاسیو یاساییەکان خەریکە وردە وردە زەمینەی سیاسی لە تورکیاو پێگەی کورد لە سیاسەتی ئەم وڵاتەدا دەگۆڕێت)، لەوانەیە ئەم رستەیە لە یەکەم خوێندنیدا راست بێتە بەرچاو، بەڵام گەر بە وردی سەرنج بدەین، لەم گوزارەیەدا جێگای هۆکارو هۆکرد گۆڕدراوە، واتە دیموکراتیزکردنی پرۆسەی سیاسیو یاسایی لە تورکیا پێش ئەوەی هۆکاریک بێت بۆ گۆڕینی پێگەی کورد لەم وڵاتەدا، بۆ خۆی هۆکردی گۆڕانکارییەکانی سوژەی کوردییە، کە بەشێوە گەلی راستەوخۆو ناڕاستەوخۆ یەکێتی ئەورووپاشی لەم سوبژێکتیڤیتە نەوڕسکەی خۆی ئاگادار کردووەتەوە.

د. وەلی لێرەدا وەک زۆر کەسی تر خێرا ئاماژە بۆ (یەکێتی ئەورووپاو هەوڵەکانی دواتری حکومەتی تورکیا بۆ ریفۆرم) دەکات، واتە بەبێ ئەوەی باس لە هۆکارەکانو چۆنیەتی سەرهەڵدانی سوبژێکتیڤیتەکەو ئەگەرەکانی پەرەسەندنی بکات خێرا باس لە دەرئەنجامەکانی پەرەسەندنەکەی دەکات، ئەو دەنوسێت: (ئەمەش ئاماژەیەکە کە پێگەی کورد لەم چەند ساڵەی دواییدا لە تورکیا دیار دەکا، واتە لە زەمینەی سیاسەتی گەیشتن بە یەکێتی ئەورووپا)، ئەم روانگەیە لە دوو رووەوە جێگای رەخنەیە، یەکەم پارادۆکسی سوژە بەو شێوەیەی ئەو باسی دەکات واتە (سوبژێکتیڤیتەیەک بەبێ نواندنەوە لە مێژوودا) خۆی کێشە سازکەرە، چونکە راستە سوبژێکتیڤیتە پێویستی بە نواندنەوە هەیە، بەڵام ئەم نواندنەوەیە لە لایەکەوە پێشوەخت ئامادەیە، لە لایەکی تریشەوە، هەر ئەم نواندنەوەیەیە وا لە یەکێتی ئەورووپا دەکات فشارەکانی بۆ سەر تورکیا زیاتر بکات، نمونە بەرچاوەکانی ئەم نواندنەوەیە گوتارە ئایدیۆلۆژیکەکانی ئەو ئەنستیتۆتانەن کە لەلایەن ئەم سوبژێکتیڤیتەیەی سوژەی کوردییەوە بەرهەمهێنراونو خەریکی ئولگوسازین، کەچی د. وەلی راست بەپێچەوانەوە پێیوایە ئەم سوبژێکتیڤیتەیە نواندنەوەی نییەو ئەمە ئایدیۆلۆژیی (دەوڵەت- نەتەوەی مۆدیرنی تورکیا)یە بوار بۆ سەرهەڵدانی ئەو سوبژێکتیڤیتەیە خۆش دەکات.

لە راستیدا یەکێک لە ئاکامە ناڕاستەوخۆو نێگەتیڤەکانی ئەم نوسینەی د. وەلی بریتییە لە پشتگوێخستنی ئەوهەمووچالاکیوماندوبوونەی سوژەی کوردی لە تورکیا بۆ دروستکردنو گەڵاڵەکردنو نواندنەوەی ئەو سوبژێکتیڤیتەیە. د. وەلی پێیوایە ئەم سوبژێکتیڤیتەیە بەهۆی دیموکراتیزەبوونی سیاسەتی تورکیاوە پەرەی سەندووە، پەرەسەندنی ئەم سوبژێکتیڤیتەیە پێش ئەوەی پەیوەندی هەبێت بە گۆڕینی سیاسەتەکانی تورکیاوە، پەیوەندیی راستەوخۆی هەیە بە چۆنیەتی زاڵبوونی ئەم سوبژێکتیڤیتەیە لەناو شوناسی سوژەی کوردیدا لە تورکیا، ئەمە دەسەڵاتی ئایدیۆلۆژیکی ئەم سوبژێکتیڤیتەیەیە کە پەرەسەندنەکەشی دابین دەکات، نەک سیاسەتەکانی تورکیا دەربارەی ئەم سوبژێکتیڤیتەیە، بۆ نمونە ئەگەر تورکیا چیدی گۆڕانکاری لە سیاسەتەکانی لەم بوارەدا نەکات، ئەم سوبژێکتیڤیتەیە رۆژ لەدوای رۆژ لە پەرەسەندندا بێت، لێرەدا هۆکارەکە دەگەڕێتەوە بۆ ئامادەبوونو چالاکبوونی دەزگا ئولگوسازەکانی پەیوەندیدار بەو سوبژێکتیڤیتەیەوە، د. وەلی پێیوایە ئێستا باسکردنو نوسین لەسەر کورد پاش ئەو سیاسەتە تازەیەی تورکیا وەکو مۆدێلی لێهاتووە، کەچی لە راستیدا لە درێژەی هەمان چالاکیدایە کە پێش گۆڕینی ئەم سیاسەتەش هەر لە ئارادا بوو. ئەو لەبری ئەوەی سەرهەڵدانی ئەو (خود- هۆشیاری)ییەی ئاکامەکەی بووە بە

# ـــــــایینی لە ئەوروپا

بوو بەرەو رو وەستانی مەترسی کڵێسای سەلماند. بزوتنەوەکەشی لە پشت گەشەسەندنی هەستی نیشتمانیو ئاشکراکردنی پێویستی بەچاکسازییەوە بوو، (کمبن)یش رەنگێکی تری چاکسازی دەنوێنێت کە بە ئایین دەستیپێکردو لێکدانەوەیەکی باتینی بۆ دەکرد لە رێگای خۆچاندن بە سیفەتەکانی خۆیان وەک ئەوەی، کە سۆفییە مسوڵمانەکان دەڵێن لەکارخستنی وەسفە مرۆییەکانو وەرگرتنی سیفەتە خوداییەکان، جا گەڕانەوە بۆ تەقلیدی مەسیح بەبێ فەرهەنگی کڵێسا لە رێگای چاکسازییەوە. چاکسازی شێوەیەکی کۆمەڵایەتی سیاسی شۆڕشگێڕی دەنواند لەسەر دەستی هۆماس مۆنزر، کەسەر بە باڵی ریشەیی جەماوەری بوو بۆ چاکسازی، بەپێچەوانەی لۆتەری چاکسازی مامناوەندی پارێزگار.

تۆماس مۆنزر تەنها دژ بە کڵێسا نەبوو بەڵکو دژ بە مەسیحییەتو دەرەبەگایەتیش بوون، نیازوو خواستیشی شۆڕشی کۆمەڵایەتی ئابووری بوو بۆ شۆڕشگێڕانو شاروو لادێکانی هەژاران، زیاتر لەوەی هەوڵی چاکسازی کڵێساو رێنماییەکانی کڵێساو دامەزراندنی، مەلەک وتی: «ئاسمان بێت بەسەر زەویداو بنیاتنانی کۆمەڵگایەکی ناچینایەتیو بەخشینی موڵکداری تایبەت بە حکومەتەکانو دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی نۆباوی سۆسیالیستی شیوعی کە لەسەر یەکسانی نێوان مرۆڤەکان دامەزرابێت».

کاریگەر بوو بە بزوتنەوە جەماوەرە سۆفییەکانی سەردەمی ناوەڕاست کە هاوشێوەی شۆڕشەکانی زەنجو قەرمەتییەکانو حەلاج بوو لە کلتوری کۆنی جیهانی ئیسلامیدا، بنەڕەتی روانینی (نەزەری) شۆڕشەکەی وەحدەتول وجودو بینینی خودا بوو لە هەموو شتێکدا، ئیدی چالاکی گیان لە کۆمەڵگادا دەرکەوت.

لە ئەنجامی بێداری عەقڵ لە مرۆڤو تێپەڕاندنی ماوەی نێوان مرۆڤو زەوی ئیمان رادەپەڕی، ئەو وەحدەتول وجودەیش لای شتراوسو فیورباخ رو لە رەخنەگرتن لە ئایین بوو، مۆنزر توانی ئەفسانەی ئایین لەناو ببات وەک شتراوسو نامۆیی، ئایینیش وەک فیورباخ ئەنجامبدات، مارتن لۆتەریش کتێبی (العهد القدیم)ی لە زمانی لاتینییەوە وەرگێڕا بۆ زمانی ئەڵمانیو بەرپەرچی رۆڵی کڵێسای دەدایەوە وەک نێوەندێک لەنێوان مرۆڤو خودادا دەیوت رزگاربوونی مرۆڤ بە کردارو نهێنییەکانو رێوڕەسمە ئایینیەکان نییە، بەڵکو تەنها بە باوەڕە.

فەزڵی خواییی بەخشە بەبێ ئەوەی هەوڵی بەدیهێنانی بدرێت یان کڵێسا ببەخشێت، کڵێسا بۆ دەرونەکانە نەوەک بۆ جەستەکان، حەقیقەتی ئایینیش لەسەر کەلەپورو بڕیارەکانی کڵێساو دەقەکانی پاپاکان دانامەزرێت، بەڵکو تەنها لەسەر ئینجیل دادەمەزرێت، لە پشتیوانانی چاکسازی مامناوەند دوو باڵی پارێزگار بوو، لەپاڵ چینی فەرمانڕەواو دەرەبەگایەتیدا لە جەنگی جوتیارییان راوەستا، بەمەش دژ بە چەند بیردۆزەییەک بوو کە دەربڕی بەرژەوەندییە بۆرژواییەکان بوو وەک بیردۆزەی یاسای سروشتیو نەزعەی مرۆییو بازرگانی ئازاد، پاشان بزوتنەوەییەکی تری چاکسازی دەرکەوت کە جەختی لەسەر خودا دەکردەوە زیاتر لەوەی جەخت لەسەر مرۆڤ بکاتەوە، لە تەسەوفی باتینی نزیکتر بوو زیاتر لەوەی شۆڕشی کۆمەڵایەتی نزیک بێت وەک ئەوەی لای زنڤلجیو کالڤن هەبوو، زنڤلچی دەیوت خوا لە هەموو شتێکدا ئامادەبوونی هەیە وەک ئۆگۆستینیش دانی بە هەڵەی یەکەمدا دەنا، لە بڕوابوون بە قەدەر زیاتر لەوەی بڕوای بە ئازادی ویستو هەڵبژاردن بێت بڕوای بە راکەی کالڤن بوو، دەکرێت لە رێگای بەدەلەوە تاوانەکان بسڕنەوە، قودسییەکانیش ئاماژەیەکی دەرەکییە لەسەر چەند دەلالەتێکی رۆحی باتینی لە هاوبەشیدا، بەهۆی راڤەکاری (العشاو الربانی)و ئینکاری زنڤلچی بە ئامادەبوونی کرداری مەسیحیی لە دوبارەبوونەوەی عیسا لای قودسییەکان، لە لۆتەر جیابوویییەوە.

کالڤنیش، دامەزرێنەری مەزهەبێکی پرۆتستانتییە، کە پێویستی چینە سەرکەوتوەکانی بە بیرێکی نوێ لەخۆ دەگرتو بۆرژوازییەتی سەردەمی دەنواند، دیدە بیروو باوەڕییەکەی لەسەر ئەوە راوەستابوو کە رزگاربوون خواییەو هی پێشترە بۆ هەندێک کەسو هەندێک کەسی تریش بەقوڕ بەسەریدا دەبات، ئەو قەدەرە پێشینەیش هەموو چالاکییەکانی مرۆڤ ناگرێتەوە، جا لەگەڵ ئەوەی مرۆڤ ناتوانێت سەرئەنجامی خۆی بزانێت، بەڵام دەتوانێت بە ژیانی خۆی ئەوە بسەلمێنێت کە یەکێکە لەوانەی وا هەڵبژاردووە. کالڤن لە سەردەمی پەرشوبڵاوی یەکەمی سەرمایەداری تازە سەرهەڵدراودا سەریهەڵدا، بۆیە بانگەوازی دەکرد بۆ زوهدو دنیا نەویستیو دەستگرتن بەگەورەییو فەزڵەکانەوە.

بۆیە ماکس ڤێبەر لە دواتردا کردی بە هۆکارێکی دامەزراندنی سەرمایەداری، دوای تۆماس مونزر سوسینییەکان لە باڵی چەپی چاکسازی ئایینیدا دەرکەوتن کە بەرگرییان دەکرد لە ئازادی بیر دژ بە دەربڕینە ئۆرتۆدۆکسییەکان بۆ مەسیحییەت، ئەوان دژ بە سێ خوداییو دژ بە ئۆگەستینو هەڵەی یەکەمو کەوتنو قەزاو قەدەرو دژ بە هەموو دامەزراوەی کاسۆلیکی بوون.

**لە ئەنجامی بێداری عەقڵ لە مرۆڤو تێپەڕاندنی ماوەی نێوان مرۆڤو زەوی ئیمان رادەپەڕی، ئەو وەحدەتول وجودەیش لای شتراوسو فیورباخ رو لە رەخنەگرتن لە ئایین بوو، مۆنزر توانی ئەفسانەی ئایین لەناو ببات وەک شتراوسو نامۆیی، ئایینیش وەک فیورباخ ئەنجامبدات**

بەرپەرچی نهێنیو دروشمە ئایینەکانو لاهوتو قۆرخکاری رلڤەیان دەدایەوە.

مەسیحییەت ئایینی گەیشتن بوو بەو ژیانە هەتاییەی کە خوا وەسیەتی پێکردووە بۆ سەیدی مەسیح، کتێبە پیرۆزەکان لە خواوە هاتوونو دەکرێت بە عەقڵ لێیان تێبگەینو بەرگرییان لێبکرێت، رێبازوو بنەماکانی ئەخلاق بەخشەرن نەوەک بیروو باوەڕی لاهوت، داوای هیچ دروشم یان رێوڕەسمێکی ئایینیشیان نەدەکرد.

فەلسەفەی جولەکەش وەک جارانی خۆی هەڵواسراو بە فەلسەفەو ژیارەکانی گەلانی ترەوە هەر لە ژیارەکانی بابلو ئاشورو ئەکەدو کەنعانو میسری نوێو بەنێو فەلسەفەی یۆنانیو فەلسەفەی ئیسلامی تا سەردەمە نوێیەکان دەرکەوت، فەیلەسوفە جولەکەکان لە سەردەمی چاکسازیو رێنیسانسیشدا فەلسەفەی سەردەمی ناوەڕاست بەتایبەتی موسای کوڕی مەیونیان لەگەڵ ئەفلاتونییەتی سەردەمی چاکسازیو رێنیسانس لە سەرەتاکانی چاکسازی جولەکەدا کۆدەکردەوە. چاکسازی جولەکە بەشێوەیەکی کرداری لە سەدەی حەڤدە لای ئیسپیونوزا دەستیپێکرد، لەگەڵ ئەوەشدا لەو ماوەیەدا چوار فەیلەسوفی جولەکە دەرکەوتن (یوسف ئالبوو، ئیسحاق ئەبرافانیل، یەهوزا ئەبرافانیل (ئەبریۆ ئەکۆستا)، یوسف ئالبوو تاویدایە بابەتە بنەڕەتەکانی باوەڕوو لە ژمارەیدا لەگەڵ ئیبن مەیمون راجیاواز بوو، لای ئیبن مەیمون سیانزە باوەڕ هەبوو کە یوسف ئالبوو تەنها لە سێ خاڵدا پوختی دەکردنەوە. بوونی خودا، سەرچاوەی خودایی بۆ تەورات، پاداشتو سزا، یەکێک لە عەقڵەکاندا بوونی خودا بوو، لەوانەش لە بیستنەکاندا، پێغەمبەرایەتیو گەڕاندنەوە بۆ لای خوا بوو، ئەبرا ڤانیل بە موسای کوڕی مەیمونو کرسکاس کاریگەر بووە، چونکە ئیبن مەیمون کاریگەر بووە بە ئەفلاتونو ئەرستۆو ئەفلۆتینو بیروباوەڕە جولەکانەکەی، جوانیو میتافیزیکو ئەخلاقی یەکدەخست وەک چۆن خوداو خۆشەویستی یەکدەخست، جا خۆشەویستی بنەمای دروستکردنی جیهانە، جیهان لەوێوە هاتووە بۆ ئەویش دەگەڕێتەوە، کاریگەریشی هەبوو لەسەر چەمکی خۆشەویستی خودا لای ئیسبینوزا، لە کۆتاییدا ئەکۆستا توانی فەلسەفەی جولەکە لە سەردەمی ناوەڕاستەوە بگوازێتەوە بۆ چاکسازی. ئەکۆستا فەیلەسوفێکی عەقڵانی بوو دژ بە قەتعییەتی جولەکە بوو، فەریسییەکانی (ئەحبار) تۆمەتبار دەکرد بە گۆڕینی شەریعەتی موسا، بڕوای نەبوو بە هەمیشە مانەوەی گیانو ژیانی دوای مەرگو زیندوبوونەوەو رەخنە لە ئایینی رەسمی وەک بەرگری لە یاسای سروشتی کە لە مرۆڤدا هەیە، ئەوەش ئەو یاسایەیە کە بە خۆشەویستی ئاڵوگۆڕ کراو هەموو مرۆڤەکان پێکەوە دەبەستێتەوەو بنەڕەتی جیاکردنەوەی چاکەو خراپەیە، ئەم کەسە گەورەترین کاریگەری لەسەر ئیسبنوزا دروستکردبوو.

**وەرگێڕانی: نیهاد جەلال حەبیبوڵڵا**

# چــاکــســازی ئـــ



د. حەسەن حەنەفی

سـەردەمـی پـانـزەو شـانـزەی زایینی دادەنرێت بە ماوەی گۆڕان لە سەردەمەکانی ناوەڕاستەوە بۆ سەردەمی نوێ، وەک لە کتێبەکانی مێژووی فەلسەفەی خۆرئاواشدا باوە وەک ئـەوەی گواستنەوە لە ئاینەوە بۆ زانست یان لە کۆنەوە بۆ نوێ یان لە خوداوە بۆ مرۆڤ یـان لـە دەسـەڵاتـەوە بـۆ عەقڵ یان لە رابـردووەوە بۆ داهاتوو، تەنها بـەوە دەبێت بەقۆناغێکی نێوەندیدا تێپەڕبێت کە تیایدا ئەو جەنگە سەرهەڵبدات تا بەبێ کۆتوبەند یان شکان یان تەنانەت هەڵگەڕانەوەیەکیش لە هۆشیاری ئەوروپیدا بگوێزێتەوە، لەو ماوەشدا دوو بزوتنەوەی چاکسازی ئایینیو سـەردەمـی رێنیسانس دێـن کە هەندێک لە چاکسازی لە رێنسانسی (ئەگوستای جولەکە)دا بەشدارییان کردو هەندێک زانای رێنیسانیش لـە چـاکـسـازی (ئـاراسـمـوس)دا بەشدارییان کـرد، هەردووکیان دوو سەدە درێژەیان کێشا، ئەگەر چی چاکسازییەکە لە سەدەی (١٥) نزیکتر بوو رێنیسانیش لە سەدەی (١٦) نزیکتر بـوو، وەک ئـەوەی رێنیسانس درێژە پێدانێکی سروشتی کـردە راستەوخۆ، دەیـوت ئایین یەک سەرچاوەی هەیە کە ئەویش کتێبە، ئەمیش لەژێر دروشمی (تەنها کتێب)دا.

بـەرپـەرچـی سـەرچـاوەی دووەمـی دەدایـەوە کـە بریتی بوو لە فەرهەنگی کڵێسا ئەمەش لـەبـەر نـەبـوونـی نەگونجانێک لەنێوان وتەکانی مەسیحو نێوان بیروباوەڕی باوکەکان (ئەب یان باوک پلەیەکی کڵێسای مەسیحییە)و نێوان بانگەوازی رەوشتی ئینجیلو وابـوو خـواسـتـەکـانـی مـرۆڤ رابگەیەنرێتو رێکبخرێن لەجیاتی ئـەوەی لای بـەدەوردا بکرێتەوە بەنهێنی تێربکرێت، کۆتایهێنا بە پیرۆزی فرەخودایی رۆمانیی کە تەنها گواستنەوەی رێورەسمی ئایینیو رۆمـانـی ئاهەنگەکانی قەیسەر بـوو بـۆ شـێـوانـی خوا ویستی ناو ئایینی نوێ تا ئەوەی مەشخەڵەکانی داپۆشیو کەوتە پیرۆز دانانی رۆمانی سـادە کە لەسەر بنەمای بیر کردنەوە رامانو نەبوو کە لە فەلسەفەی دواتـری خوێندنگەییەوە بڵاوبوویەوە، هەر لە پەیوەندیکردنی مسوڵمانان لە جەنگە خاچپەرستییەکانەوەو گواستنەوەی زانستە ئیسلامییەکان، جالۆ ئـەرخـۆی فـێـری عەرەبی کردو نمونەی ئیسلامی بەدور لە خورافە کە هەنوی وەک نمونەیەکی چاکساوی مەسیحیو جولەکە (ئیسبینوزا) هەبوو.

یەکەم چاکسازی یەحیا هوس بـوو کە دەسـەڵاتـی تەنها کتێب چاکسازی ئایینی بێتو چاکسازیش سەرەتاکانی رێنیسانسێکی گشگیر بێت.

وێـڕای ئـەوەی چەند رەوتێکی لێک جیا لەو دوو سەدەیەدا هەبوون وەک چاکسازی ئایینی مەسیحیو چـاکـسـازی ئایینی جـولـەکـەو ئەفلاتونییەتو مەزهەبی مرۆڤ گـەراو، بیرکردنەوەی تۆباییو گەشەسەندنی زانستو گومانی مەزهەبی، بەڵام دەکرێت هەمویان بخەینە دوو رەوتی سەرەکییەوە چـاکـسـازی ئایینی، سـەردەمـی رێنیسانس.

گرنگترین ئـەو رەگـەزانـەی بزوتنەوەکانی چاکسازی ئایینی مەسیحیو جولەکە لە سەدەکانی (١٥و١٦)ەیـەمـدا، کۆدەکاتەوە دەکرێت کۆبکرێنەوە لە وەستان لـەڕوی پـێـگـەی دەسـەڵاتو سـەرچـاوەی دەسـەڵات گیریدا، کە ئەویش بریتی بوو لە کڵێساو قۆرخکاریی بۆ بیروو بـاوەڕی ئیمانو بنەماکانی راڤـەکـاری، بـاوەڕدار تەنها لـەبـەردەم ئەودا دانی پێدادەنراو ئەویش لێبوردنی پێدەبەخشیو دەبوو تەنها لە کڵێسادا نوێژ بکەیتو لەوێدا ببیسترێتو نزاکان وەڵام بدرێنەوە.

چـاکـسـازی ئایینی نێوەندی لەنێوان مـرۆڤـو خـوادا بەرپەرچ دایەوەو پەیوەندی مرۆڤی بە خوای خۆیەوە لە نزاو داوای لێبوردندا بیروباوەڕە فرە خوداییەکانی کڵێسا، رازیش نەبوو بە قۆرخکردنی راڤەی کتێبی پیرۆزو ئـازادی بـاوەڕی وەک دەربڕینی ئـازادی مەسیحی راگەیاند، جا ئـازادی سیاسی بە ئـازادی ئایینی دەستپێدەکات، بەرپەرچی دەسەڵاتی دنیاییو ئایینی کڵێساشی دایەوەو بەناوی ئازادی مەسیحییەوە لـەڕوی دەسەڵاتدا وەستا، ئـازادی مرۆڤیشی لەڕوی عەقڵو هۆشو خواستو تێگەشتنو رەوشـتـو روانـیـنو کـردارەوە راگەیاند، لە پلەی یەکەمیشیدا بەناخ بەسەر روخساروو ئەخلاق بەسەر بـیـروبـاوەڕو تـەسـەوف بەسەر شەریعەتدا، بۆیە چاکسازی ئایینی پەیوەست بوو بە ئەفلاتۆنییەتو ئۆگەستینیو تـەسـەوف، وەک ئـەوەی یەکێک لە سەرچاوەکانی مەزهەبی تەقواو نمونەی ئەڵمانی بێت، بەرپەرچی وێنەو پەیکەریشی دایەوە شانو شکۆی پاک راگرتنی بـەسـەر پـەیـکـەرسـازیـدا بـەرز راگـرت، بـزوتـنـەوەی چاکسازی کـە کـڵـێـسـای خـۆرهـەڵاتـی لە سـەدەی پێنجەمو پێش هـەزار ساڵ پێی هەستا دەستپێکردەوە، سیستمی کەنارگیریو رەهبانیەت (خەڵوەتکێشی) بەرپەرچدایەوەو بانگەوازی دەکرد بۆ هاوسەرگیری خەڵوەتکێشەکان، هیچ پێکەوە نەگونجانێک نییە لەنێوان خواو شتەکانی جەستەو گیاندا باشتر نوێژ راوەستا بێت.

پلەی یەکەمیشی بەخشی بە ئیمان لە جیاتی کردار، چونکە کاری کڵێسا زیاتر لە بۆنەو رێوڕەسمو دروشمە بیانییەکان نزیکترە بەبێ بوونی هیچ واتایەکی رۆحی یان ئەخلاقی، نوێژیشی بـەزمـانـی نەتەوەیی دانـاو کتێبی پیرۆز لە لاتینییەوە وەرگێڕدرا بۆ ئەڵمانیو فەڕەنسی، کەوتە بـەرز راگرتنی فەرهەنگی جەماوەریی نەتەوەیی بەتایبەت لە ئەڵمانیای لانکەی بیری نەتەوەیی کە کۆتایی بە سەردەمی ئیمپراتۆرییەتی مەسیحی هێناو بانگەوازی دەکرد بۆ دامەزرندنی دەوڵەتی سەربەخۆو کڵێسای نەتەوەیی، وەک چۆن پێشتر دوناتوس بەناوی کڵێسای نیشتمانی ئەفریقی لە سەدەی چوارەمدا پێی هەستان.

کاتێک شۆڕشی جوتیاران دژ بە دەرەبەگایەتی کۆن هەڵگیرسا، چـەنـد چـاکـسـازێـکـی ئایینی سەرکردایەتی ئـەو شۆڕشانەی کرد (تۆماس مۆنزر) هەندێکی تری لەگەڵ دەرەبەگەکاندا هاوپەیمانییان بەست (لۆتەر) وەک پاڵپشتی بۆ بزوتنەوەی چاکسازی نوێ تا وەک نیزامێکی مکۆن بـەردەوام بێتو لەگەڵ گیانی نـوێو هـاودەم بە خواستە سەردەمەییەکان رێبکات، لە راستیدا بزوتنەوەی چاکسازی ئایینی لە هۆشیاری ئەوروپیدا لـەو نمونە ئیسلامییە بـەدور

**بزوتنەوەی چاکسازی ئایینی لە هۆشیاری ئەورووپیدا لەو نمونە ئیسلامیيە بەدور نەبوو کە لە فەلسەفەی دواتری خوێندنگەییەوە بڵاوبوویەوە**

# تیرۆریسم، له‌ ئاسیای ناوه‌ڕاست

ئاماده‌کردنی: زاگرۆس جانداری

له‌ به‌ره‌به‌یانی ١٤ی فیبریوه‌ری ١٩٩٩ی زاینی، واتا ده‌ ساڵ له‌مه‌وبه‌ر، کاتێک که‌ زنجیره‌یه‌ک ته‌قینه‌وه‌ی به‌هێز ناوه‌ڕاستی شاری تاشکه‌ند، پایته‌ختی وڵاتی ئۆزبه‌کستانی هـه‌ژانـدو ١٦ کـوژراوو زیاتر له‌ (١٠٠) بریندراری لێکه‌وته‌وه‌، مێژوو ئه‌م روداوه‌ی نه‌ له‌ چوارچێوه‌ی روداوێکی ساده‌و رۆژانه‌، به‌ڵکو وه‌ک یه‌که‌م ده‌رکه‌وتنه‌کانی ئاسۆی تیرۆریسم له‌ ئاسیای ناوه‌ڕاست نوسییه‌وه‌.

هه‌ڵبه‌ته‌ ئه‌وکات وشه‌ی تیرۆریسم له‌ناو خه‌ڵکانی ناوچه‌که‌، وه‌ها باو نه‌بوو، به‌ڵام ئه‌مڕۆکه‌ ئاسیای ناوه‌ڕاست وه‌ک نیشتمانی گروپه‌ توندڕه‌وه‌کان ده‌ناسرێت، که‌ هه‌ندێک له‌مانه‌ کارنامه‌یه‌کی ترسناک له‌ توندوتیژی وێناده‌که‌ن، هه‌ندێک له‌مانه‌ ته‌نانه‌ت سنوری کاره‌ تیرۆریستییه‌کانی خۆیان گه‌یاندووه‌ته‌ ده‌ره‌وه‌ی ئاسیای ناوه‌ڕاستو په‌ره‌شیان پێداوه‌.

ئه‌و گروپه‌ی که‌ ده‌ ساڵ له‌مه‌وبه‌ر تۆمه‌تبار بوون به‌ ئه‌نجامی زنجیره‌ ته‌قینه‌وه‌کانی تاشکه‌ند، ئێستاکه‌ به‌ناوی گروپی (بزوتنه‌وه‌ی ئیسلامی ئۆزبه‌کستان ناسراون)، سه‌رکرده‌ی ئه‌م گروپه‌ که‌ ناوی (جومعه‌ نمانگنی)یه‌، پێشتر سه‌ربازێکی سوپای سوری سۆڤیه‌تی پێشوو بوو که‌ له‌کاتی خۆیدا له‌ ریزی ئه‌م سوپایه‌و له‌دژی موجاهیده‌ ئه‌فغانییه‌کان جه‌نگابوو.

پێش ته‌قینه‌وه‌کانی ده‌ ساڵ له‌مه‌وبه‌ری تاشکه‌ند، جومعه‌ نمانگنی سـه‌رکـرده‌ی ده‌سته‌یه‌ک له‌ قاچاخچییه‌ ماده‌ هۆشبه‌ره‌کان بوو له‌ باکوری ئه‌فغانستانو له‌ باشوری قه‌رقیزستان چالاکیان ئه‌نجام ده‌دا.

ئه‌حمه‌د ره‌شید، نوسه‌ری به‌ناوبانگی ئۆزبه‌ک، له‌ وتووێژێکدا له‌گه‌ڵ رادیـۆی ئه‌وروپای ئازاد، ئاماژه‌ به‌م خاڵه‌ ده‌کات که‌ ناوه‌ندی چالاکیو جوڵه‌کانی (بزوتنه‌وه‌ی ئیسلامی ئۆزبه‌ک)، ناوچه‌ی (فه‌رغانه‌)یه‌ که‌ له‌ ئۆزبه‌کستانه‌وه‌ تا قه‌رقیزستانو تاجیکستان درێژه‌ی هه‌یه‌، ئامانجی سه‌ره‌کیان روخاندنی حکومه‌تی (ئیسلام که‌ریف ئۆف)، سه‌رۆک کۆماری سیکۆلاری ئۆزبه‌کستانه‌.

ئه‌حمه‌د ره‌شید ته‌ئکید ده‌کاته‌وه‌ که‌ به‌ واقیعیبوونی وه‌ها بابه‌تێک، کاریگه‌ری له‌سه‌ر ناوچه‌که‌ لێده‌که‌وێته‌وه‌و گه‌ر بێتو (که‌ریم ئۆف) بڕوخێتو به‌شێک له‌ ناوچه‌ی فه‌رغانه‌ بکه‌وێته‌ ژێر ده‌سه‌ڵاتی بزوتنه‌وه‌ی ئیسلامی ئۆزبه‌کستان، ئه‌وکات به‌ تێپه‌ڕبوونی کات، گشت ئاسیای نـاوه‌ڕاسـت ده‌خـه‌نـه‌ ژێر چه‌پۆکه‌ی خۆیان.

له‌ سه‌ره‌تای هێرشه‌کانی ئه‌مریکا بۆ سه‌ر ئه‌فغانستان، ئه‌م گروپه‌ گورزی قورسی لێکه‌وتو ئه‌ندامانی ئه‌م گروپه‌ له‌ ناوچه‌که‌ رایانکرد، هه‌ندێکیان رویانکرده‌ ئاسیای نـاوه‌ڕاسـتو هه‌ندێکیشیان بـه‌ره‌و ناوچه‌ عه‌شایرییه‌کانی باکوری پاکستان رایانکرد.

ئێستاکه‌ ده‌نگۆی ئه‌مه‌ هه‌یه‌ که‌ بزوتنه‌وه‌ی ئیسلامی ئۆزبه‌کستان سه‌رله‌نوێ خۆی سازداوه‌ته‌وه‌و هێزه‌کانی کۆکردووه‌ته‌وه‌و له‌ ناوچه‌ی وه‌زیرستانی پاکستان چالاکی ده‌نوێنێت.

ئه‌م گروپه‌ بـه‌ره‌و ناوچه‌کانی تر په‌لی هاویشتوه‌و گـروپـی تیرۆریستی تری دروستکردووه‌،که‌گروپی بزوتنه‌وه‌ی ئیسلامی تورکستان یه‌کێک له‌مانه‌یه‌و ئامانجی ئه‌وه‌یه‌ تا له‌ ناوچه‌یه‌کی به‌ربڵاودا که‌ له‌ ناوچه‌ی ئۆتۆنۆمی (ژین جیانگ ئۆیغۆر)ی چین تا که‌ناراوه‌کانی زه‌ریای خه‌زه‌ر ده‌گرێته‌وه‌، حکومه‌تی ئیسلامی به‌رپابکاتو یاساکانی شه‌ریعه‌ت له‌ ناوچه‌که‌دا به‌رپابکه‌ن.

لقێکی تـر لـه‌م گـروپـه‌ کـه‌ ره‌خـنـه‌ی کردووه‌ته‌ ناو دڵی ئه‌وروپا به‌تایبه‌ت ئه‌ڵمانیا، نـاوی (یه‌کگرتووی جیهادی ئیسلامییه‌) که‌ به‌رپرسیارێتی زنجیره‌یه‌ک هێرشی تیرۆریستی له‌ تاشکه‌ندو بۆخارا له‌ پێنج ساڵ له‌مه‌وبه‌ری گرتووه‌ته‌ ئه‌ستۆ.

له‌ ئاسیای ناوه‌ڕاستدا هه‌ندێک گروپی تیرۆریستی وه‌ک گروپی به‌ناو (گروپی به‌یات) له‌ تاجیکستانه‌، که‌ یه‌کێک له‌ ترسناکترینو توندترین گروپه‌ تیرۆریستییه‌کان دێته‌ ئه‌ژمارو هێرشه‌کانیان له‌سه‌ر ناوچه‌کانی بچوکتردا کـۆکـردووه‌تـه‌وه‌. گروپێکی تر گروپی به‌ناو (حیزبی ته‌حریر)ه‌ که‌ جان شوبرلاین، سه‌رۆکی به‌شی تۆژینه‌وه‌کانی ئاسیای ناوه‌ڕاست له‌ زانکۆی هاروارد، ناوی ده‌نێت هێزێکی مه‌زهه‌بی شاراوه‌.

به‌ڕێز شوبرلاین ئاماژه‌ ده‌کات که‌ ئامانجی (حیزبی ته‌حریر) دژایه‌تیکردنی رژێمه‌کانی ئێستاو دواتر له‌ناوبردنیانه‌ له‌ڕێی ئه‌نجامی ئۆپه‌راسیۆنی شاراوه‌.

له‌ تاجیکستانو قرقیزستان تا قه‌زاقستانو وڵاتـانـی تـری کـه‌نـاراوه‌کـانـی زه‌ریـای خـه‌زه‌ر له‌ خۆرهه‌ڵاتو باکورو خۆرئاوا، ده‌وڵه‌تان هه‌رچه‌نده‌ ماوه‌یه‌ک هه‌ندێک له‌ تیرۆریسته‌کان قۆڵبه‌ست یا سه‌رکوت ده‌که‌ن، به‌ڵام هه‌وڵی ناته‌واوی ئه‌م وڵاتانه‌ له‌م بواره‌دا بـواری بۆ گروپه‌ میانڕه‌وه‌کانی ناوچه‌که‌ خۆشکردووه‌ که‌ بۆ گرتنه‌به‌ری ره‌وتێکی توندڕه‌وانه‌، بوێرتربنو به‌م پێیه‌ش خه‌ڵکانی توندڕه‌و له‌ناو بزوتنه‌وه‌که‌یاندا به‌کاربهێنن، ئێستاکه‌ش له‌ چه‌ند وڵاتی ئاسیای ناوه‌ڕاست له‌ حکومه‌تدا هاوبه‌شو ئه‌ندام بن. ئه‌مه‌ له‌ حاڵێکدایه‌ که‌ ده‌وڵه‌تانی ئاسیای ناوه‌ڕاست، ته‌نانه‌ت له‌کاتی هاوکاریکردنی یه‌کتر له‌دژی تیرۆریسمیشدا، یه‌کتر به‌بێ که‌فایه‌تی تۆمه‌تبار ده‌که‌نو ره‌خنه‌ ئاراسته‌ی یه‌ک ده‌که‌ن، له‌ هه‌مانکاتدا هه‌سته‌کانی تیرۆریسم زۆرتر له‌ جاران له‌ ناوچه‌که‌دا په‌ره‌ده‌سێننو کاریگه‌ریان ده‌بێت له‌سه‌ر خه‌ڵکانی نه‌دارو هه‌ژاری ناوچه‌که‌.

